# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2016 - 2015

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پڕۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پڕۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد


2016

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# پۆڵ ریکۆر

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (83)

# خەیاڵ و کات و ئەگەر
# پرۆژەکەی ریکۆر

کیڤن ڤانهوزەر

**لە ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد**

لە کتێبێکدا دەربارەی فەلسەفەی پۆڵ ڕیکۆر، دۆن ئیدە دەنوسێت ‹فەلسەفە بیرکردنەوەیە لەبوون و لە هەموو ئەو هۆکارانەی، کە لە ڕێیانەوە لە بوون تێدەگەین.› لەنێوان ئەو هۆکارانەی لە ڕێیانەوە لەبوون تێدەگەین، ریکۆر چیرۆک و مێژوو بە دیارترینیان لەقەڵەمدەدات. لەکارێکی سەرەتاییدا، گێڕانەوە دەکەوێتە پەروایزەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشی زۆری ئەو کارەی سەرەتای، کار لەسەر ئەو شتە دەکات، کە دەکرێت پێیبڵێین پێکهاتەی تیۆری گێڕانەوەی دواتری ریکۆر: خەیاڵ و کات و ئەگەر.

ئەم چەمکانە سەرەتا لە ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفیی ریکۆردا پێکدێن و کاتێکیش وردەوردە ئاراستەیەکی گێڕانەوەیی، یان نوسراو وەردەگرن، دێنە ناو تیۆریای راڤەکردنەکەیەوە، بە مانایەکی تر خەیاڵ و کات، ئەگەر پێکهێنەری سەرەکین لە هەردوو تیۆریەی پۆڵ ریکۆردا، ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی (بیرکردنەوەی لەبارەی مرۆڤەوە) و هێرمۆنتیکا (بیرکردنەوەی لەبارەی دەقەوە). لێرەدا دەمەوێت پیشانیبدەم لە بیرکردنەوەی ریکۆردا گێڕانەوە چۆن کاردەکات، بۆئەوەی بیرۆکەی رێگا گریمانکراوەکانی بوون- لەناو- کاتدا پتر روونبکاتەوە. پاشان باس لەوە دەکەم، کە تیۆری گێڕانەوەی ریکۆر دەکەوێتە سەر دووڕییانی ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی و هێرمۆنتیکای دەقەوە.

تێمای دیاری تێزی دکتۆراکەی ریکۆر، ئازادی و سروشت، کە لەبەر رۆشنایی بایەخی گشتیمان شایەنی لێوردبوونەوەی زیاترە، برینییە لە ئەگەر.

ئازادی و سروشت وەسفی ئەگەرە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە. بە کارکردن لە گۆشەنیگایەکی فینۆمینۆلۆژییەوە، کە باس لە ئاگامەندی و ئەو ئامانجانەی مەبەستێتی دەکات، ریکۆر بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەو ‹بابەت›ەی هاوتای ویستە پڕۆژەیە. لە پڕۆژەکاندایە، کە کۆششی مرۆڤ بۆ بوون و ئارەزووی بۆ ئەوەی ببێت، بە روونی دەبینرێت.

ریکۆر دەڵێت ‹بە دڵنیاییەوە، گرنگترین تایبەتمەندیی پڕۆژە ئاماژەکردنێتی بۆ داهاتوو.› پڕۆژە جەختکردنەوەیەکی پراکتیکییە لەدۆخی داهاتووی ئەو کارانەی کەوتوونەتە سەر من.

ریکۆر دەنوسێت:«ئەم ‹ئەگەر›ە توانای بەدیهاتنی پڕۆژە دیاریدەکات، تا ئەو شوێنەی لە سنووری دەسەڵاتی مندایە، واتا هاوتای دەسەڵاتی منە بەسەر شتەکان خۆیانەوە.... بەهۆی تایبەتمەندیی باشی کەمکردنەوەیەکی پاساوهەڵنەگرەوەیە،بڕیاردەدەین ‹جیهان› یەکسان بکەین بە کۆی راستییە تێبینیکراوەکان، من لە جیهانێکدا نیشتەجێم، تێیدا شتێک هەیە پێویستە ‹لەلایەن منەوە ئەنجام بدرێت›، ئەو ‹لەلایەن منەوە ئەنجامبدرێت›ە سەر بەو ستراکتۆرەیە ،کە پێیدەوترێت ‹جیهان›.»

کە مرۆڤ لە ئامانجی چەند پڕۆژەیەکی دیاریکراودایە، لای ریکۆر بەو مانایە دێت، کە ئەگەر پێش راستەقینە دێت: ‹بەشێک لە راستەقینە بەدیهاتنێکی خۆویستانەی ئەو ئەگەرانەیە، کە لەلایەن پـڕۆژەوە پێشبینیدەکرێت.› بەمجۆرەش ریکۆر دەتوانێت تێگەیشتنی خۆی بۆ رەوشت روونبکاتەوە:

«بۆیە ئاکار بەم جوڵەیەی بە راستەقینەبوون ناودەبەم، بەم گەشتە دوورودرێژەی ئازادی بەناو جیهانی کاردا، بەم بە دەقدا تێپەڕینەی توانای -ئەنجامدانی- شتێک لە کردە کاریگەرەکاندا، کە شایەتحاڵی ئاکارن. ئاکار ئەو جووڵەیەیە لە نێوان باوەڕی پەتی و کوێرانە بە بنەڕەتی ‹دەتوانم›، لەگەڵ مێژووی راستەقینە لەو شوێنەی دەگەم بەم ‹دەتوانم›ە.

بە گوێرەی ریکۆر، لە جەختکردنەوەدا بۆ ئەنجامدانی شتێک، بە هەمان شێوە جەخت لەسەر خۆم دەکەمەوە. خۆم لەناو کردەکانمدا دەدۆزمەوە و جێگیردەکەم. بە وتەی ریکۆر: ‹بە هەمانشێوە کە پڕۆژەیەک ئەگەرەکان بە رووی جیهاندا دەکاتەوە، ئەگەری نوێش لە خۆمدا دەکاتەوە و خۆم وەکو ئەگەرێکی کردار نواندن، بۆ خۆم دەردەخات. دەسەڵاتی–بوونم خۆی لە دەسەڵاتی– ئەنجامداندا مانیفێست دەکات› بەمجۆرەش ‹ئەگەر› پێکهاتەیەکی جەوهەرییە بۆ تێگەیشتن– لەخود. ئەوەی گرنگە تێبینیبکرێت شوێنی ناوەندییە، کە ریکۆر بە چەمکی ئەگەری ناویدەدات، لەگەڵ خستنەڕووی لە پڕۆژەکەیدا بۆ بڕیاردان و تێگەیشتن لە بوونی مرۆڤ.

بوون دەبێت بە سیمانتیک نێوەندگیری بکرێت. ئەوە تێزی ریکۆرە، کە ئێمە تەنیا لە رێگەی راڤەکردنی ئەو هێما و دەقانەوە، کە بەو بوونەوە پەیوەستن لە بوونی مرۆڤ و ئەگەرەکانی مرۆڤ تێدەگەین. چی لایەنێکی بوونی مرۆڤ بە تایبەتی بە گێڕانەوە نێوەندگیری دەکرێت؟ ریکۆر باوەڕیوایە کە گێڕانەوەکان ناوازەن لە پیشاندانی ئەگەرە وجودییەکان و ئەگەری کردەکانی مرۆڤ و رێگەکانی بوون لەناو، یان لە خۆئاڕاستەکردندا بەرەو کات. ریکۆر هاوڕایە لەگەڵ هایدگەردا لە پێدانی پێشینەیی بە ئەگەر، بەڵام بەپێچەوانەی هایدگەرەوە، ریکۆر بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەم ئەگەرانە تەنیا لەڕێی گێڕانەوەوە پێشبینیدەکرێن. تەنیا لە رێگەی چیرۆک و مێژووەوە دەگەینە کەتیگۆری ئەو ئەگەرانەی مرۆڤانەن. دۆخی مرۆیی، کە بە کات دیاری و داگیرکراوە، بە گێڕانەوە روونتر دەبێتەوە. کات چییە؟ کاتی مرۆیی چییە؟ پرسیارەکەی ئاگۆستین، هیچ وەڵامێک تیۆریی ورد وەرناگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گێڕانەوە چارەسەرێکی ‹شاعیرانە› پێشکەشدەکات: روونی. بەمجۆرە تیۆری گێڕانەوە دەکەوێتە سەر دووڕیانی

ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی، کە لە مانای مـرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ هێرمۆنتیکا کە لە مانای دەق دەکۆڵێتەوە. ریکۆر وەڵامی پرسیارەکەی کانت دەداتەوە: پرسیاری مرۆڤ چییە؟ ئەوەش بە خوێندنەوەی چیرۆک و مێژوو، کە کۆی ئەگەرەکانی مرۆڤ پیشاندەدات.

لەبری پیشاندانی ئەدەبی خەیاڵی وەک بەرهەمی خەیاڵی پەتی، ریکۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەدەبی خەیاڵی تەنیا ئاماژە بۆ واقیع ناکات، بەڵکو لە راستیدا ‹دروستیشی دەکاتەوە.› ریکۆر باس لەوە دەکات کە کاری ئەدەبی خەیاڵی نەک کەمتر، بەڵکو پتر راستەقینەترە لەو شتانەی کە دەینوێنێت، چونکە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا جیهانێکی گشتی پیشاندەدرێت کە واقیع ‹چڕ دەکاتەوە› و تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی لە ستراکتۆر، یان لە کارێکی چڕوپڕدا کۆدەکاتەوە. ئەدەبی گێڕانەوە واقیعی مرۆڤانە ‹دروستدەکاتەوە› بە پیشاندانی جیهانێکی گریمانەکراو، کە دەتوانێت جیهانی خوێنەر هەڵبگێڕێتەوە و بیگۆڕێت:

«ئەدەبی خەیاڵی دەسەڵاتی ‹دروستکردنەوە›ی واقیعی هەیە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەدەبی گێڕانەوەدا، دەسەڵاتی دروستکردنەوەی پراکسیسی واقیعی بە رادەیەک، کە دەق بە مەبەست ئامانجی ئاسۆی واقیعێکی نوێ بێت، کە دەکرێت پێیبڵێین جیهان. ئەوە ئەو جیهانی دەقەیە، کە دەست وەردەداتە جیهانی کردەوەوە، بەمەبەستی سەرلەنوێ شێوەپێدانی، یان وەک دەتوانین بڵێین، بەمەبەستی شێوەگۆڕینی.»

ریکۆر پێیوایە ئەرکی هێرمۆنتیکا روونکردنەوەی ‹جیهان›ی بەردەم دەقە. جیهانی دەق سەرچاوەکەی ئەدەبی خەیاڵییە و وەڵامـدەرەوەی خەیاڵە، نەک وەک بەرهەمهێنان لە ژێر نۆرمێکی دیاریکراودا، بەڵکو وەک دەسەڵاتی دووبارە وەسفکردنەوە. جیهانی دەق ئەو بەردی بناغەیەیە کە پاڵپشتی ‹تاقی هێرمۆنتیکا›کەی ریکۆر دەکات (واتە ئەو خاڵەیە کە

نێوەندگیریی روونکردنەوە و تێگەیشتن دەکات)، لەوەش زیاتر، هەر لە بیرۆکەی جیهانی دەقدایە، کە هێرمۆنتیکا و ئەنترۆپۆلۆژیای ریکۆر پێکدەگەن.

ریکۆر ئەرکی هێرمۆنتیکا لە جیهانی دەقدا دیاریدەکات:

«هێرمۆنتیکا چیتر وەک پرسی گەڕان بەناو نیازە سایکۆلۆژییە شاراوەکانی دەقدا پێناسە ناکرێت، بەڵکو وەک روونکردنەوەی بوون – لەناو– جیهاندا کە لەلایەن دەقەوە پیشاندەدرێت. ئەوەی کە دەبێت لە دەقدا راڤەبکرێت جیهانێکی پێشبینیکراوە، کە دەتوانم نیشتەجێی بم و دەتوانم تێیدا پرۆژەی خودیترین ئەگەرەکانم هەبێت.»

ئەو جیهانەی پـرۆژەی ئەو کارەیە رێگەت دەدات، ئەگەرەکانی کردەیەک بدۆزیتەوە و بەوەش ‹ئەزموونە خەیاڵییەکان›ت هەبێت. بە ‹ئەزموونی خەیاڵی› ریکۆر لە شێوازە گرنگەکانی نیشتەجێبوون لە جیهانە پێشبینی کراوەکەدا تێدەگات. بەگوێرەی ریکۆر، مەبەستدارێتی ئاشکرای ئەدەبی گێڕانەوەی خەیاڵی ئەم پێشکەشکردنەی جیهانێکی نوێیە، رێگەیەکی نوێی درککردنە بە شتەکان و ئەگەرەکان.

لە کاتێکدا مەبەستدارێتی مێژوو، وردبوونەوەیەتی لە واقیع وەک راستەقینە (ئەو شتانەی کە روویانداوە)، مەبەستدارێتی ئەدەبی خەیاڵی وەسفکردنێتی بۆ واقیع وەک ئەگەر (ئەو شتانەی کە رەنگە رووبدەن یان رەنگە روویاندابێت). لەبەرئەوەش جیهانی دەق ئەگەری نوێی بوون – لەناو– جیهاندا پێشنیاردەکات، لە ئەنترۆپۆلۆژیا فەلسەفییەکەی ریکۆردا بووەتە جێی باس.

سروشتی جیهانی دەق چۆنە؟ دەکرێت راستەوخۆ وا دابنێین کە بۆ ریکۆر جیهانی دەق جیهانی ‹راستەقینە› و ئەزموونکراوی واقیعی ‹رۆژانە› نییە. ریکۆر باس لەوە دەکات، کە واقیع فراوانترە لەو مانایەی

پۆزەتیڤیستەکان پێی دەبەخشن. ریکۆر بە روونی بەیانیدەکات کە:

‹هەموو ئامانجی من کۆتاییهێنانە بە سنووردارییی ئاماژەکردن بە دەرەنجامە زانستییەکان.› لە راستیدا ریکۆر دەنوسێت:

«تا خەیاڵ پتر بترازێت لەوەی کە لە زمان و دیدگای ئاساییدا پێیدەگوترێت واقیع، پتر لە جەوهەری ئەو واقیعە نزیک دەبێتەوە، کە چیتر جیهانی بابەتە کۆنترۆڵکراوەکان نییە، بەڵکو ئەو جیهانەی،ە کە بە لەدایکبوونمان تێی فڕێدراوین و تێیدا هەوڵدەدەین خۆمان ئاڕاستەبکەین، بە بەپڕۆژەکردنی ناوەکیترین ئەگەرەکانمان تێیدا، بۆئەوەی لەوێ نیشتەجێ بین.»

لەم پەرەگرافەدا زیاد لە مەیلێک بە لای هایدگەردا هەیە: تووڕدان، بە پڕۆژەکردنی ناوەکیترین ئەگەرەکان، نیشتەجێبوون.

هاوتەریبیی لە نێوان پڕۆژەکەی ریکۆر و ئەوەی هایدگەردا هەیە، هاوتەریبیی نێوان بوون و کات لەلایەکەوە و نێوەندگیریی بوون و کات لای ریکۆر لە رێگەی گێڕانەوەوە لەلایەکی ترەوە. ئەگەر بابەتی لاساییکردنەوەی گێڕانەوە کردەی مرۆڤ بێت، دەتوانین هەر ئێستا تێبگەین چۆن ریکۆر لێکدانەوە کاریگەرەکەی هایدگەری لەبارەی دازاینەوە لە تیۆری گێڕانەوەکەیدا بەرەوپێشدەبات، چونکە کردەی مرۆڤ هیچ نییە، جگە لە ‹بوون لەناو کاتدا›، ئەمەش تەنیا بە مانای لەناو – کاتدا– بوون نا، بەڵکو پتر بە مانای بیرکردنەوە لە رابوردوو و رانەبوردوو و داهاتوو. یەکێک لە گرنگترین رۆڵەکانی ئەدەب بە رای ریکۆر توانایەتی لە پێشنیارکردنی ئەزموونی ‹خەیاڵی›ی کات – کە رەگەزێکی گرنگی لێکدانەوەی کاتیبوونی مرۆڤە. کاری ئەدەبی وامان لێدەکات رێگەی جیاوازی بوون – لەناو – جیهان و خۆگونجاندن لەگەڵ کاتدا تاقی بکەینەوە.

تێگەیشتنی ریکۆر بۆ هایدگەر ئـەوەیـە، کە ‹بـوون – لەناو– جیهاندا› ئاسۆیەکی هەمیشە ئامادەی ئەگەرەکانە، کە تێیدا دازاین خۆی دەدۆزێتەوە. ریکۆر دەڵێت هایدگەر راستی وتـووە: ئەوەی سەرەتا لە گوتاردا تێیدەگەین پرۆژەیە – ئەگەرێکی نوێ بۆ بوون – لەناو– جیهاندا. جیهانی دەق، چونکە رێگەیەکی گریمانکراوی بوون – لە – ناو – جیهاندا پیشاندەدات، تێگەیشتنێکی گونجاویش دەخاتەڕوو، کە خوێنەر دەتوانێت بۆ خۆی بگونجێنێت. لە بەشی دوانـزەی بوون و کاتدا، بە ناونیشانی ‹تێگەیشتن و راڤەکردن›، هایدگەر راڤەکردن پێناسەدەکات بە ‹کارکردن لەسەر ئەو ئەگەرانەی پرۆژەی تێگەیشتن روویان تێدەکات›. لاساییکردنەوە سێ لایەنیەکەی ریکۆر لێکچوونێکی بەرچاوی لە خۆیدا لەگەڵ ئەم چەمکە هایدگەرییەدا هەڵگرتووە: لاساییکردنەوەی یەکەم هاوتای پێش– تێگەیشتنی هایدگەرە، لاساییکردنەوەی دووەم داهێنانی ئەگەرەکان و لاساییکردنەوەی سێیەم قۆستنەوەی ئەم ئەگەرانە بە شێوەیەکی ‹تێگەیشتووانە›. بەگوێرەی ریکۆر، سێ ‹سات›ەکەی لاساییکردنەوە نێوەندگیریی کات و گێڕانەوەن: ‹بەمجۆرە ئێمە دوای چارەنووسی کاتێکی پێش پێکهاتوو کەوتووین، کە دەبێتە کاتێکی دووبارە پێکهاتوو لە رێگەی نێوەندگیریی کاتێکی پێکهاتووەوە.› بەمجۆرە ریکۆر هەموو پرۆسەی راڤەکردنەکەی هایدگەر لەسەر ئاستی گێڕانەوە دادەهێنێتەوە.

جیهانی دەق رێگەیەکی بوون – لەناو – جیهانە، کە بە شێوەیەکی خەیاڵی ئەگەری جیاواز ئاقیدەکاتەوە، کە تووڕدراونەتە دۆخێکی خەیاڵییەوە. ئینجا چیرۆک، دوور لەوەی ناڕاست یان خەیاڵین، لە راستیدا هۆکاری دۆزینەوەیەکی ئۆنتۆلۆژییانەی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ بوونەکان (beings) و لەگەڵ بوون (Being). ریکۆر جەخت لەسەر ئەم رۆڵەی دۆزینەوەی ئۆنتۆلۆژییانە بۆ خەیاڵ دەکاتەوە، تەنانەت لە سەرەتاییترین

ڕێگە فینۆمینۆلۆژییەکەیدا، کاتێک تەکنیکی ‹فرەیی خەیاڵی› بەکارهێنا بۆ ئاشکراکردنی جەوهەری فینۆمین. بە تیۆریا گێڕانەوەییەکەی، ریکۆر بە سادەیی مێتۆدەکەی خۆی گەشە پێدا لە کاتێکدا هەمان ئامانجی هەبوو. واتە ئامانجەکەی هێشتا باس لە ئەگەرە مرۆییەکان دەکات، بەڵام هۆکارەکان چیتر بە سادەیی فینۆمینۆلۆژییانە نین، بەڵکو گێڕانەوەن.

**سەرچاوە:**

On Paul Ricoeur: Narrative and Interpretation, edited by David Wood, Routledge, 1991.

# هێرمونتیک
# زیندوکردنەوەی واتا یان
# کەمکردنەوەی خەیاڵ

**پۆل ریکۆر**

**لە فارسییەوە: ئارام مەحموود**

بابەتێک کە لە سەرەتاوە بووە هۆی ئەوەی، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستپێبکەم: هیچ جۆرە هێرمونتیکێکی (Hermeneutics) گشتی، یان یاسایەکی گشتی بۆ باسکردن و شیکردنەوە بوونی نییە، تەنیا بۆچوونی پەرشوبڵاو و دژیەک لەبارەی بنەما و یاسای شیکار هەیە. سنوری هێرمونتیک کە ئێمە هێڵی گشتی ئەومان وێناکردووە، یەکگرتوویی ناوخۆیی نییە.

بەنیاز نیم سەرجەم شێوازەکانی هێرمونتیک بژمێرم و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەو کارەشم نییە. بە بۆچوونی من باشترین رێگە ئەوەیە، کە کاری خۆم بە لێکدانەوەی ئەو بۆچوونانە دەستپێبکەم، کە لە جەمسەرە دژ یەکەکانی یەکترن و زۆرترین بەریەککەوتنیان لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا دروستدەکەن.

لە جەمسەرێکدا بۆچوونێک هەیە، کە هێرمونتیک (Hermeneutics) بە واتای ئاشکرا و زیندووکردنەوەی ئەو واتایانە دادەنێت، کە لە شێوەی پەیام و پێڕاگەیاندن یان بە هەمانشێوەی هەندێکجار دەوترێت لە شێوەی رەمزی ئیلاهی بە ئێمە دەدرێت.

لە جەمسەرەکەی تر بۆچوونێک هەیە، کە هێرمونتیک بە دەرچوون لە نهێنی و کەمکردنەوەی خەیاڵ دەزانێت. دەروونشیکاری، بەلایەنی کەمەوە لە لێکدانەوەی یەکەمدا لە دووەم جەمسەر نزیک دەبێتەوە.

لە سەرەتادا پیویستە سەرنج لەم دوو شوێنە دوانەییە بدەین: ئەم بەریەککەوتن و جەمسەرگیرییە توندە، وردترین پێناسە بۆ مۆدێرنیتەیە.

زمانی ئەمڕۆ لە پێگەیەکدایە، کە ئەم توانا دووفاقیە و هەڵبژاردن و نامەی مەترسیداری دووفاقی لە خۆیدا حەشار داوە:

1) نەهێشتنی زیادەی وتار، شکاندنی بتەکان، دەرچوون لە مەستی و هۆشیاربوونەوە، وەستانی تەواو لەو دۆخە دژوارەی تێیداین.

2) سوودوەرگرتن لە وێرانکارترین و سوونەت شکێنترین و رەتکردنەوەی هەموو شتێک (نەهلیستی Nihilistic) بۆئەوەی رێگەبدەین ئەوەی کاتێک و ئەوەی هەموو جارێک دەوترا و کاتێک واتا بەشێوەیەکی نوێ دەرکەوت و خۆی بە تەواوترین شکڵ ئاشکراکرد، دەستبکات بە قسەکردن.

بە بۆچوونی من پاڵنەرێکی دووانەیی گیان بە بەر هێرمونتیک دەبەخشێت:

1) مەیل بۆ گومان Suspicion و بەڵیندان بە وردی.

2) مەیل بۆ گوێگرتن و بەڵێن بە کۆت و بەند و خۆبەدەستەوەدان.

لە قۆناغی ئێستادا، کارمان لەگەڵ بتەکان تەواو نەکردووە و هێشتا لە گوێگرتنمان بۆ نیشانەکان لەسەرەتای رێگەداین. هۆکاری ئەمەش لەوانەیە ئەوە بێت کە ئەم پێگە نیگەرانکەرە، فێرکاریشە، لەوانەیە شکاندنی توندڕەوانەی نەریتەکان خۆی زیندوکەرەوەی واتا بێت.

هۆکاری سەرەکی خستنەڕووی بابەتەکە بەوشێوەیەی باسکرا، ئاشکراکردنی قەیرانی زمانە، قەیرانێک کە لە ئێستادا ئێمە ناچاردەکات لە نیوان دوورکەوتنەوە لە نهێنیەکان و زیندووکردنەوەی واتاکان لە هەڵکشان و داکشاندا بین. بە بۆچوونی من ئاشنابوون بە دەروونناسی فەرهەنگی دەبوو بەمشێوەیە ناڕاستەوخۆ بەرفراوان بکرێت. لە وەرزی دواتردا هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوەی قوڵتر لەبارەی ئەم لێکۆڵینەوە سەرەتاییە ئەنجامبدەین و قەیرانی زمان بە بەکارهێنانی رێکخراوی هەڵوەستە گرێبدەین، کە یەکەم هەنگاوی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی واتایە.

بۆ دیاریکردنی پێگەی وردی دەروونناسی لە باسی گشتی زماندا پێویستە پارچەکانی ئەم دژیەکی و روبەڕووبوونەوەیە وێنابکەین.

- **شیکار وەک بیرهێنانەوەی واتا**

لەم بەشەدا لەبارەی هێرمونتیک وەک زیندووکەرەوەی واتا دەدوێین. بابەتی پێشنیارکراو لە دەروونشیکاری فەرهەنگی و قوتابخانەی گوماندا، ئەگەر سەرەتا ئەوەی لە جەمسەری بەرامبەری ئەو دابنرێت شیبکەینەوە، دەتوانرێت باشتر لێیتێبگەین.

بە بەیانێکی سادەتر باوەڕ خاڵی بەرامبەری گومانە، بەڵام کام باوەڕ؟ بە دڵنیاییەوە مەبەستی باوەڕ، باوەڕی سادەی باوەڕدارێکی سادە نییە، بەڵکو باوەڕی کەسێکە کە روبەڕووی هێرمونتیک دەبێتەوە، باوەڕێک کە دەکەوێتە بەر رەخنە، باوەڕی دوای رەخنە. وەرن بە دوای ئەمجۆرە باوەڕە لە کۆی بڕیارە فەلسەفیەکاندا بگەڕێین، کۆمەڵێک کە بە نهێنی دیاردەناسی گیان بە بەر ئایندا دەکاتەوەو لە بێلایەنی روکاریشدا ئەم دیاردەناسییەش شاراوەیە. ئەمجۆرە باوەڕە عەقڵانییە، چونکە شیکاردەکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت باوەڕە، چونکە بە یارمەتی شیکار، بە دوای پاکیەوەیە و دیاردەناسی ئامڕازی ئەو بۆ بیستن و بیرهێنانەوە و زیندوکردنەوەی واتایە. دروشمی ئەو ئەمەیە: «باوەڕ بێنن بۆئەوەی تێبگەن و تێبگەن بۆئەوەی باوەڕ بێنن»، واتا هەمان «رۆڵی هێرمونتیک» باوەڕهێنان و تێگەیشتن. نمونەکانی خۆمان لە دیاردەناسی ئاین بە واتای گشتی ئەو دەهێنینەوە. ئەم واتا گشتییە بەرهەمی (لین هارت Leen hardt، ڤان دێر لیو Van Der Leeuw، ئیلیادە Eliade) لەخۆدەگرێت و لێکۆڵینەوەی خۆم لە کتێبی (سیمبولیزم Symbolism)یشی بۆ زیاد دەکەم.

ئامانجی ئێمە ئەوە دەبێت، کە ئەو باوەڕە عەقلانییەی لە شیکاری ئاوڕدانەوە لە سیمبولگەرایی ئاییندا هەیەو شیکاری بیستن لە ناوەوە دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی روئەڵ نیشانبدەین.

یەکەم نیشانەی ئەم باوەڕە، کە لە ناخی (وشە Word)ەوە ئاشکرا دەبێت، پێویستی بە سەرنجدانە (بابەت Object) بۆی بگەڕێین، گەڕانێک کە تایبەتمەندی سەرجەم شیکارییە دیاردەناسییەکانە. ئەم سەرنجدانە خۆی لە مەیلی بێلایەنانە بۆ باسکردن نیشاندەدات، نەک کەمکردنەوە.

ژمارەیەک لە لێکۆڵەرەوان بابەتەکەیان بە هۆکاری (دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و هیتر) و ژمارەیەکی تر بەهۆکاری تەواوبوون و دەرکەوتن (تاک و مێژوویی و هیتر)، هەندێکیتر بە پێی (سۆز و ئایدۆلۆژیا و هیتر) کورتدەکەنەوە، ژمارەیەکیش بابەتەکە بە جیاکردنەوەی ئاوڕدانەوە (نیۆتیک) لە هاوپەیوەستی (نیۆماتیک) – واتە ئەوەی کە مەبەستە، یان هەمان بابەتی شاراوە لە بۆنە ئایینی و ئەفسانە و باوەڕەکاندا.

لەمڕووەوە لەبارەی سیمبوڵگەرایی پاک و ناپاک ئەرکی ئێمەیە تێبگەین، کە سەرچاوە کامەیە و چی چۆنێتییەک لە کاری پیرۆزدا ئامانجی ئاوڕلێدانەوەیەو چی مەترسیەک لە بەراوردی نێوان (پەڵە) و (پیسی)دا هەیە، لە نێوان پیسی جیهان و لەدەستدانی تەواوەتی بوونێک شاراوەیە. لە لێکۆڵینەوەکەی مندا سەرنجدانە بابەتی، پشت بەستن بە گۆڕینی واتایە، واتایەک کە لە چەمکی وشە بە وشەوە دەستپێدەکات (پەڵە یان پیسی) ئاماژە بە شتێک دەکات، کە لە سنوری کاری پیرۆزدا بەدەستدێت. بۆ گشتاندنی ئەم بابەتە، پێویستە بوترێت کە ناوەڕۆکی دیاردەناسی ئایینی، شتێکە لە کار و بۆنەی ئایینی و وتاری فەلسەفی و باوەڕ، یان هەستی عیرفانییەوە جێی ئاوڕلێدانەوەیە و ئەرکی پچڕاندنی پەیوەندی ئەو بابەتە بە ئاوڕلێدانەوە جۆراوجۆرە ئەخلاقی و وتاری و سۆزداریەکانە.

باشتره ئەم بابەتی جێی ئاوڕلێدانەوەیە بۆ دیاریکردنی گرنگیەکەی، بە (کاری پیرۆز) ناوبەرین. (رودۆلف ئۆتۆ Rudolf Otto، نوور مهیب Tremendum Numinosum، ئیلیادە Eliade) ئەمکارە پیرۆزەیان بە کاتی بونیادی Fundamental Time ناو ناوە. لەم واتا گشتییە و بەسەرنجدانی تایبەتی لە بابەتی ئاوڕلێدانەوە دەتوانرێت بوترێت هەرجۆرێک دیاردەناسی ئایینی، دیاردەناسی کاری پیرۆزە. هەرچۆنێک بێت، ئایا دیاردەناسی Phenomenology کاری پیرۆز دەتوانێت لە سنووری تێڕوانینێکی بێلایەنانەدا بمێنێتەوە؟

واتە تێڕوانینێک کە راستی رەهاو خستنەڕووی هەرجۆرێک پرسیار لە کاری پیرۆز هەڵدەپەسێرێت، واتا دەیخاتە نێوان دوو کەوانەوە. هەڵپەساردن پێویستی بەوەیە، کە من باوەڕم بە راستی بابەتی ئایینی هەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی بێلایەنانە پێویستی بەوەیە، کە هەمان باوەڕی کەسی باوەڕدارمان هەبێت، بەڵام بێئەوەی کە بابەتی جێ باوەڕی ئەو بە گریمانە وەرگرم.

لەگەڵ ئەوەی زانا دەتوانێت و پێویستە شێوازی کەوانە بەکاربهێنێت، بەڵام فەیلەسوف ناتوانێت و نابێت لە پرسیار لەبارەی متمانەپێکردنی رەهای بابەتەکەی خۆی رابکات. ئەگەر سەرنجم لە بابەتەکە نەدابوو، چاوەڕوان نەبووم بابەتەکەی من لە ناخی ئاگایی وەرگـردا دابنێت، ئایا دەمتوانی سەرنجێک لەسەر بابەتەکە لە رێگەی هۆکار یان تەواوکاری یان کارایی بدۆزمەوە؟ ئایا چاوەڕوانی ئەوەی قسەت لەگەڵدا بکرێت، پاڵنەری سەرنجدان لە بابەتەکە نییە؟ ئەوەی لەم چاوەڕوانەیدا شاراوەیە متمانەکردن بە زمانە: باوەڕبوون بەوەی ئەو زمانەی هەڵگری سیمبولەکانە زیاتر لەوەی ئامرازی گفتوگۆی مرۆڤەکان بێت، ئامرازی گفتوگۆیە لەگەڵ مرۆڤەکان. باوەڕبوون بەوەی کە مرۆڤ لە زمان و نوری (لۆگۆس Logos) لەدایکدەبێت، (نورێک کە لەهەر کەسێک دەداث کاتێک پێدەنێتە ئەم جیهانەوە). ئەم چاوەڕوانییە،

ئەم متمانەپێکردن و ئەم باوەڕ بە لێکۆڵینەوە لە سیمبولەکان گرنگدەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا هەمان ئەو شتەیە کە لە ئێستادا جوڵانەوەیەکی گشتی دژی (هێرمونتیک)ە، جوڵانەوەیەک کە بە هێرمونتیکی گومان ناوی دەبەم. ئەم تیۆری شیکردنەوەیە بە گومان دەستپێدەکات، گومان لە بوونی ئەم جۆرە بابەتە و گومان لەوەدا کە ئەم بابەتە بتوانێت هەڵگری گۆڕانی ئاوڕدانەوە لە رەمزی ئیلاهی و نیشانە و پێڕاگەیاندن بێت. ئەم هێرمونتیکە بابەتە کەشی ناکاتەوە، بەڵکو ماسکەکان لادەبات و شیکارێکە پەردەکان کەمدەکاتەوە.

دووەم، بەپێی دیاردەناسی ئایینی، سیمبولەکان راستییەک لە خۆیاندا حەشاردەدەن، ئەم راستییە لە تێڕوانینی بێلایەنانەی کەوانەی (هۆسرێلی) تەنیا بە واتای تێهەڵکێشی ئاوڕلێدانەوەی ئاماژەپێکراوە. مەرجی پێویست و تەواو بۆ ئەگەری دیاردەناسی لە سنووری ئاییندا ئەوەیە کە نەک رێگەیەک، بەڵکو چەند رێگەیەک بۆ تێهەڵکێشانی ئاوڕلێدانەوە جۆراوجۆرەکانی واتا بوونیان هەبێت.

گەواهی لە واتای پۆزەتیڤیزمی لۆجیکیدا تەنیا شێوەیەک لە شێوەکانی تێهەڵکێشکردنە، تاکە رێگەی رەوای ئەو نییە. خواستی ئەم جۆرە، بوونی بابەت لەسەر بنەمای (تیۆری گونجاندن Correspondence Theory)ە، واتە بوونی بابەتێکی فیزیکی یان بە واتایەکی تر بابەتی مێژوویی. ئەم جۆرە لەخۆگری چەمکی راستەقینەی جێمەبەستی ئێمە نییە. بە واتایەکی تر بابەتی تێهەڵکێشان بە واتا گشتییەکەی ناگرێتەوە، بە پشتبەستن بەم فرەیی تێهەڵکێشانە، کە دیاردەناسی  لە شێوەی کورتکراوە و بێلایەنانە باس لە ئەزموونی ئایینی دەکات، بەڵام نەک بەشێوەیەکی درامی و گونجاندن، بەڵکو بەهۆی بوونی بابەتێکی تایبەتی و شێوازی تایبەتی تێهەڵکێشان لە بواری ئەودا.

لە لێکۆڵینەوەکەی خۆمدا لەبارەی دۆزینەوەی پەیوەندی درامی نێوان (دال)ی سەرەتایی یان (دال)ی زمانەوانی و (مەدلولی) لاوەکی لەگەڵ بابەتی تێهەڵکێشان لە سیستمی واتای سیمبولی رووبەروودەبینەوە- بۆ نمونە پەیوەندی نێوان پەڵە و پیسی، لە نێوان لادان یان سەرگەردانی لەگەڵ تاوان، لە نێوان ژن و هەڵە. لێرەدا دژی پەیوەندی پنەو و سەرەتایی دەوەستینەوە، کە هیچ کاتێک تایبەتمەندی خۆویستانە و رێککەوتنی نیشانە تەکنیکیەکانی نەبووە، ئەو نیشانانەی تەنیا واتایان ئەو شتەیە کە بۆ ئەوان دانراوە.

لێرەدا پەیوەندی واتا لەگەڵ واتایە، کە ئەوەی بە دەوڵەمەندی زمان ناوی دەبەم، بوونی هەیە. ئەم دەوڵەمەندییە لەسەر بنەمای ئەو راستیەیە کە واتای دووەم بە جۆرێک تێهەڵکێشی واتای یەکەمە. (ئیلیادە) لە تایبەتمەندیەکانی مێژووی گشتی ئایینەکاندا بە روونی نیشانیدەدات کە هێزی سیمبولگەرایی ئاسمانی پشتیبەستووە بە پەیوەندی خۆنەویستانەی نێوان ئاسمانی بینراو و ئەو سیستمەی کە ئاشکرایدەکەن: خۆشبەختانە بە یارمەتی هێزی نواندن کە واتا بە واتاوە گرێدەدات، ئاسمانەکان باس لەو شتانە دەکەن کە زیرەک، عاقڵ و گەورە و رێکخراون.

سیمبولەکان بە دوو واتاوە گرێدراون: بە شتێکەوە گرێدراون و شتێک ئەوان بەخۆیەوە پەیوەستدەکات. لەلایەکەوە کاری پیرۆز بە واتا سەرەتایی و وشە بە وشە و هەستپێکراوی ئەوەوە گرێدراوە، ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە شاراوەیی سیمبولەکان دروستدەکات. لەلایەکیترەوە واتای سیمبولی کە لەواتای وشە بە وشەدا شاراوەیە، ئەو بە خۆیەوە دەبەستێتەوە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بە توانای دۆزینەوەی سیمبولەکان ناوی دەبەم- دەسەڵاتێک کە لەگەڵ شاراوەیی خۆیدا گیان بەبەر ئەواندا دەکات. توانای ئاشکراکردنی سیمبولەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان دژی نیشانەکان و

رووبەرووی ئەوان ببنەوە، کە تەنیا ئاماژەن بۆ ئەوەی بۆیان دیاریکراوە و لەمڕووەوە دەتوانن بێناوەڕۆک و پووچ و وێنەیی بن. تەنیا سیمبولەکان دەتوانن ئەوەی دەیڵێن، بەدەستیەوە بدەن.

بە وتنی ئەم بابەتە، ئایا ئێمە بێلایەنی دیاردەناسیمان پێشێلنەکردووە؟ رازیم کە وامانکردووە. بەوە رازیم کە ئەوەی بە قوڵی سەرنجی لە زمانی تەواو و زمانی کۆنترۆڵکراو، دەبێتە هۆکاری ئەم هەڵگێڕانەوەی جوڵانە فکرییە، کە ئێستا من بە وەرگری خۆی دادەنێت و بابەتێک دروستدەکات و لایەنی گفتوگۆی ئەو، منم. ئەم هەڵگێڕانەوەیە بە نواندنێک شیدەکەینەوە، چۆن؟ چۆن ئەوەی واتا بە واتـاوە گرێدەدات و کۆنترۆڵدەکات، منیش کۆنترۆڵدەکات؟ جوڵەیەک کە من بەرەو واتای لاوەکی دەبات و تێکەڵی ئەوەی باسکراوە دەکات، من ناچار دەکات لەوەی بە من وتراوە بەشداربم. لێکچوونێک کە توانای سیمبولەکانی تێدایە و لەو لێکچوونی توانای دۆزینەوەی خۆی بەدەستدێنێت، لێکچوونێکی نمونەیی نییە، بۆئەوەی بتوانم لەو هاوشێوەی کاروبار و ئەو پەیوەندیانەی لە بەرامبەرم هەن بڕوانم، بەپێی نواندنەکە، ئەو لێکدانەی باسمکرد، تێکەڵکردنێکی بوونییە، تێکەڵکردنی بوونی من لە بووندا.

ئاماژەکەی سەرەوە بە واتا دێرینەکەی بەشداری یارمەتیماندەدات سێیەم هەنگاو لە رێگەی شیکاردا هەڵبێنین، کە لە هەمانکاتدا راستی فکریشە، ئەم بڕیارە فەلسەفییە کە بە تەواوی راگەیەنراوە و گیان بە بەر شیکارەکانی تێهەڵکێشاندا دەکـات، لەبەرگیراوەیەکی مۆدێرن لە ناوەڕۆکی دێرینی بیرهێنانەوەیە. دوای ئەوەی کە دۆخی نیشانە پووچەکان و دروستکردنی زمانە وێنەییەکان بووە هۆی بەرفراوانبوونی بێدەنگی و غافڵبوون، سەرنجی مۆدێرن لە سیمبولەکان دیاریکەری مەیلی نوێ دەبێت و پێویستە تیشکی بخرێتەسەر.

چاوەڕوانی بۆ وشەیەکی نوێ و مژدەپێدانی نوێی وشە، مەبەست و ئامانجی شاراوەی هەرجۆرێک دیاردەناسی سیمبولەکانە، کە سەرەتا جەخت لەسەر بابەتی گشتی و دەوڵەمەندی سیمبول دەکاتەوە، تا لە کۆتاییدا بەهۆی توانای دۆزینەوەیەوە بەخێرهاتنی یەکەم وشە بکات.

- **شیکار وەک گومانبردن**

لێرەدا کاری خۆمان بە دیاریکردنی پێگەیەک بۆ فرۆید تەواودەکەین، نەک تەنیا چاوپێکەوتنێک، بەڵکو گروپێک دەکەینە هاوڕێی. لە بەرامبەردا شیکار وەک زیندوکەرەوەی واتـا، شیکارێک دادەنێین و بەگشتی ئەو قوتابخانەیە ناودەنێم گومانبردن.

لەمڕووەوە تیۆری گشتی شیکا،ر نەک تەنیا پێویستە جیاوازی نێوان دوو شیکار لە شیکار - شیکار لەسەر بنەمای شیکردنەوە بێت بۆ جیاکاری و پەرتەوازەیی، کە هەریەکێک لەم دوو قوتابخانە گەورەیەی شیکردنەوە خستویانەتە ناو کۆمەڵێک تیۆرەوە، کە لەگەڵ یەکتر جیاوازن و لە یەکتریش بێگانەن، بێگومان ئەمە زیاتر لەبارەی قوتابخانەی گومانەوە راستە، نەک لەبارەی قوتابخانەی بیرهێنانەوە.

مارکس، نیچە و فرۆید ئەو سێ مامۆستایەن کە دەستیانگرتووە بەسەر قوتابخانەی گوماندا و پێدەچێت هەریەکێکیان ئەوەی تر رەتبکاتەوە. نیشاندانی دژیەکی هاوبەشیان لەگەڵ دیاردەناسی کاری پیرۆز، کە هەمان دیدی ئەرستۆیی (دۆزینەوەی) واتایە، ئاسانتر لە خستنەڕووی پەیوەندییە هەوبەشەکانیان لە شێوازێکدا بۆ نەهێشتنی شاراوەییە. نیشاندانی ئەم بابەتە کەمێک ئاسانە، کە ئەم سێ زانایە گرنگیدان بە بابەتی دووبارە دروستکردنەوەی کاری پیرۆز رەتدەکەنەوە، هەروەها دژی ئەوەشن کە بە جۆرێک نواندنی بوون، کە لە رێگەی توانای تێهەڵکێشانەوە ئێمە بە

بوونەوە گرێدەدات و تێهەڵکێشانی کاری پیرۆز دێنەدی، هەروەها بە ئاسانی دەتوانرێت دیاریبکرێت کە ئەم دژایەتییە، گومانبردنە لە سێ ڕێگەی جیاوازەوە دەبێت: «ڕاستی لە پلەی درۆکردندا» ناوێکی نەرێنییە، کە ئەم سێ جۆرەی گومانبردنە دەتوانرێت لەودا جێبکرێتەوە، بەڵام ئێمە هێشتا ناتوانین لە واتای ئیجابی داهێنانەکانی ئەم سێ بیرمەندە تێبگەین. ئێمە هێشتا زیاد لە پێویست بیر لە جیاوازیەکانی ئەوان دەکەینەوە و سەرنج لەو سنوردارییانە دەدەین کە دەمارگیری سەردەم، بەسەر پەیڕەوانی ئەوان زیاتر لە خۆیان دەسەپێنێت.

لەم ڕووەوە مارکس لە سنوری ئابوریدا قەتیسدەکەن و (لە چوارچێوەی مەعریفەتناسی) ئەو بە لایەنگری تیۆری پووچ (ڕەنگدانەوە) (ڕەنگدانەوەی جیهان لە زەیندا) دەزانن، نیچە بە لایەنگری قوتابخانەی ڕەسەنی ژینگەناسی biologist و (لە چوارچێوەی مەعریفەتناسی) بە لایەنگری قوتابخانەی ڕەسەنایەتی تێڕوانین) دەزانن، قوتابخانەیەک کە بێ دژیەکی ناتوانێت خۆی بەیانبکات، فرۆید یان لە پزیشکی دەروونیدا سنوردارکردووە و بەلایەنگری ئەم تیۆرە سادەیە لەقەڵەمدەدەن، کە دەتوانرێت هەموو شتێک لەسەر بنەمای بابەتە سێکسییەکان شیبکرێتەوە.

ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە هاوبەشەی کە ئەوان هەیانبوو بگەڕێینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان لە بنەڕەتەوە پێداگرن لەسەر ئەوەی کە سەرجەم ئاگایی بە ئاگایی درۆینە بزانن. لەمڕووەوە ئەوان هەریەکەو بەشیوەیەکی جیاواز دووبـارە بۆ بابەتی گومانی دیکارت دەگەڕێنەوە و لەبارەی بنەمای فەلسەفەی دیکارتی بەکاریدەهێنن. ئەو فەیلەسوفەی لە قوتابخانەی دیکارت فێرکراوە، دەزانێت کە دەتوانرێت لەبارەی هەموو شتێکەوە گومانبکرێت و شتەکان هەمان ئەوە نین کە دەردەکەون، بەڵام گومان نابێت کە ئاگایی هەمانە کە خۆی نیشاندەدات، لە ئاگاییدا واتا

و ئاگایی لە واتادا لەگەڵ یەک گونجاوون. لە سەردەمی مارکس و نیچە و فرۆید-ەوە ئەم بابەتەش بچێتە جێگەی گومان. دوای گومان لەبارەی شتەکانەوە، ئیشکمان خستۆتەسەر گومان لەبارەی ئاگاییەوە.

هەرچۆنێکبێت نابێت ئەم سێ مامۆستایەی گومان بە هەڵە بە مامۆستای گومانبردن دابنرێن. بەدڵنیاییەوە ئەوان سێ ویرانکاری گەورەن، بەڵام ئەم بابەتە نابێت ئێمە بخاتە هەڵەوە. هایدگەر لە بوون و کاتدا دەڵێت، وێرانکاری پێویستی بە دانانی هەرجۆرێک بنەمای نوێیە.

وێرانکردنی ئاینیش، بەو واتایەی کە نیچە بە دەستەواژەی (ئەفلاتونگەرایی جەماوەر) ناوی دەبات، لەم رستەیەوەیە. ئەو پرسیارەی کە بیر و عەقڵ و باوەڕیش هێشتا ئاماژە بەچی شتێک دەکەن، پرسیارێکی سەروو وێرانکردنە.

هەر سێ کەسەکە نەک تەنیا بە یارمەتی رەخنەی وێرانکەر، بەڵکو بە یارمەتی داهێنانی جۆرێک هونەری شیکار، زەمینەی بۆ وشەیەکی رەسەنتر و دەسەڵاتداری راستەقینە ئامادەدەکەن. دیکارت بەسەر گومانی خۆیدا لەبارەی شتەکانەوە بە پشتبەستن بە بیرنەکردنەوەی ئاگایانە سەرکەوتووبوو، ئەوان بە سەر گومانی خۆیاندا لەبارەی ئاگایی بە پشتبەستن بە شیکردنەوە و شیکاری واتا سەرکەوتوو بوون. لە دیدی ئەوانەوە تێگەیشتن (هرمنوتیک) ە، لەمڕووەوە گەڕان بە دوای واتادا ئیتر ئاگابوون لە واتا نییە، بەڵکو ئاشکراکردنی رەمزی دەستەواژەکانی ئەوانە.

لەبەرئەوە، ئەوەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت نەک تەنیا گومانێکی سیانییە، بەڵکو مەکرێکی سیانییە. ئەگەر ئاگایی شتێک نەبێت کە پێیوایە ئەوە، پێویستە پەیوەندیەکی نوێ لە نێوان ئاشکرا و شاراوەدا دابنرێت. ئەم پەیوەندییە نوێیە هاوشێوەی ئەو پەیوەندیەیە، کە ئاگایی لەنێوان شێوازی روکار و راستەقینەدا هەیبوو.

به بۆچوونی مارکس، نیچە و فرۆید باسی بونیادی ئاگایی، پەیوەندی نهێنی بینراوە. لەگەڵ ئەوەی مارکسیستەکان لێبڕاوانە جەخت لەسەر تیۆری ڕەنگدانەوە دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی نیچە دەمارگیرانە خۆی بە قوتابخانەی ڕەسەنایەتی ڕوانگە و ئیرادە دادەنێت و خۆی گیرۆدەی دژیەکی دەکات، لەگەڵ ئەوەی فرۆید لە چەمکەکانی سانسۆر و چاودێری و ماسک ئەفسانە دەخوڵقێنێت، نابێت بۆ بابەتی بنچینەیی لەم لەمپەڕ و بنبەستانەدا بگەڕێین.

بابەتی بنچینەیی ئەوەیە کە هەرسێ کەسەکە بەو ئامرازانەی بەردەستیانبوو - هەروەها لەگەڵ دژایەتی و پەسەندکردنی گریمانەکانی سەردەمی خۆیان - زانستێکی بەرهەمداریان بۆ واتا خوڵقاند، کە بۆ هەستپێکردنی ئامادەی واتا کورت ناکرێتەوە. ئەم سێ کەسە بە شێوازی تایبەتی خۆیان هەوڵیاندا بۆ ئەوەی شێوازی ئاگایانەی دۆزینەوەی ڕەمزەکانی خۆیان لەگەڵ بێئاگایی بە ڕەمزکردن، کە نیچە ئەو بە ئیرادەی ڕووە و دەسـەڵات، مارکس بۆ بوونی کۆمەڵایەتی و فرۆید بەبێئاگایی دەروونی گرێداوە، بگونجێنن، پێویستە مەکر بە مەکری زیاتر وەڵام بدرێتەوە.

لەمڕووەوە تایبەتمەندی دیـاری مارکس، فرۆید، نیچە لەبارەی پرۆسەی ئاگایی درۆینە و شێوازی ئاشکراکردنی ڕەمز گریمانەی گشتییە. ئەم دوو جوڵانەوەیە بەیەکەوە بەرەوپێش دەچن، چونکە مرۆڤ کاتێک گومان دەبات، کاردانەوەی ڕێگە لێبزرکەری مرۆڤی فریودەر ئەنجامدەدات.

فرۆید لە دوو ڕێگەوە دژی بابەتی ئاگایی درۆینە وەستایەوە: خەو و نیشانە دەماریەکان. گریمانەکەی ئەو هەمان تەنگی گۆشەی هێرشی ئەوی هەیە، ئەو سنورداریانەی کە لە داهاتوودا بە وردی ئاماژەیان پێدەکەین، واتا پلان و ئابووری غەریزەکان. مارکس لە دەقی لەخۆ بێگانەیی ئابوری، هێرش دەکاتە سەر بابەتی ئایدۆلۆژیەکان. نیچە بە تیشکخستنەسەر بابەتی (بەها) - هەڵسەنگاندن و هەڵسەنگاندنی بەهاکان - بە دوای ئاشکراکردنی درۆکان

و ماسکەکانی هێز و لاوازی و ئیرادەی رووە و هێزە.

لەبنەڕەتدا رەچەڵەکناسی ئەخلاقەکان لە واتای جێمەبەستی نیچە، تیۆری ئایدۆلۆژیا لە واتای مەبەستی مارکسیستی و تیۆری نمونەیی و خەیاڵیەکان لە واتای جێمەبەستی فرۆیددا سێ شێوازن، سێ شێوازی نزیک بۆ ئاشکراکردنی رەمز و دوورکەوتنەوە لە ئەفسانە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە خاڵی هاوبەشی بەرجەستەی ئەوان پەیوەندیەکی بنچینەیی بێت و زیاتر قوڵبێت، ئەو سێ کەسە کاری خۆیان بە گومان لە خەیاڵی ئاگایی دەستپێدەکەن و دواتر دەیانەوێت پلانێک بۆ نەهێشتنی رەمز بەکاربێنن، هەرچۆنێکبێت ئامانجی ئەو سێ کەسە - جیا لەوەی تێکدەری ئاگایین - پەرەپێدانی ئەوە. ئەوەی مارکس دەیەوێت، ئازادکردنی کارە لە رێگەی تێگەیشتنی پێویستەوە، بەڵام ئەم ئازادسازییە لە بینینی ئاگایی کە سەرکەوتوانە دژە هێرش دەکاتە سەر دروستکردنی ئەفسانە و ئاگایی درۆینە، جیا نەکراوەیە.

ئەوەی نیچە دەیەوێت، زیادکردنی دەسەڵاتی مرۆڤ و زیندووکردنەوە دەسەڵاتی ئـەوە، بەڵام واتـای ئیرادەی رووە و دەسـەڵات پێویستە بە هەڵوێستە لەسەر ئاشکراکردنی رەمزەکان و گەڕانەوەی نەمر و دیونیسوس (خوای یۆنانیەکان) ئەنجامبدرێت، ئەو چەمکانەی کە بێ ئەوان دەسەڵاتی چاوەڕوانکراو بوونی نییە، بەڵام توندڕەوییەکی دنیاییە. ئەوەی فرۆید دەیەوێت ئەوەیە، ئەو مرۆڤەی کە دەخرێتە بەر شیکاری دەروونـی بە تێگەیشتن لەو واتایەی لێبێگانە بووە، سنوری ئاگایی بەرفراوان دەکات، باشتر ژیان بەسەر دەبات و لە کۆتاییدا کەمێک ئازادتر بێت و ئەگەر توانرا خۆشتر ژیان بەسەرببات. یەکێک لەو ستایشانەی بۆ دەروونشیکاری کرا بە (چارەسەر لە رێگەی ئاگاییەوە) ناویبرد. ئەم دەستەواژەیە باسێکی وردە - ئەم باسکردنە بەو واتایە راستە کە ئامانجی شیکاری دەروونناسی ئەوە

بێت، کە ئاگایی بە بوونی نێوانگیری کە (بنچینەی راستی) مامۆستایەتی، بکاتە جێگرەوەی ئاگایی بێ نێوانگیری و روکار. لەمڕووەوە هەمان کەسی بەگومان (فرۆید) کە خۆی بە بەراورد لەگەڵ سێ پێکهێنەری دەسەڵاتداریتر بە (دروستکراوێکی بێتوانا) ناودەبات (سێ پێکهێنەرەکەیتر بریتین لە «من، سەروو خود، راستی یان پێویستی») لەهەمانکاتدا شیکارێکە لۆجیکی سنوری دەسەڵاتی نالۆجیکی ئاشکرادەکات و بە دادپەروەری و هەستیارییەوە ئەو ئازایەتییە بەدەستدێنێت کە وتارەکەی لەبارەی (داهاتووی خەیاڵێک) بە پەنابردنە بەر خوای لوگوس (کە ئەندێشە و لۆجیک و یاسای شاراوە لە بووندایە) کۆتایی پێبێنێت، خوایەک بە دەنگێکی ناسک، بەڵام ماندوو نەبوو، توانایەک کە رەها نییە، بەڵام لە درێژماوەدا کاریگەرە.

گەڕانەوە بۆ بنچینەی راستی لە بەرهەمەکانی فرۆید و بە یەکسانی لە بەرهەمەکانی نیچە و مارکس - گەڕانەوەی نەمر لە بەرهەمەکانی نیچە و ئەو پێویستییەی لێی بەئاگادێن لە بەرهەمەکانی مارکسدا - چاکە رێکخراوەکانی کەسایەتی، کە پێویستیان بە شیکاری کورتکردنەوە و تێکدەرە، نیشاندەدات: رێکخراوییەک کە بە یارمەتی ئەو رووبەرووی راستی رووت و بنچینەی راستی یان پێویستی دەبینەوە.

ئەم سێ بیرمەندە بە گومانن، لەگەڵ ئەو هاوبەشییە ئەرێنییەی کە هەیانە، لەبارەی دیاردەناسی کاری پیرۆز و هەرجۆرێک (هێرمونتیک) بە واتای بیرهێنانەوەی واتا و بیرهێنانەوەی بوون، هەڵویستی تەواو جیاوازیان هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بابەتی جێسەرنج، چارەنووسی شتێکە، کە من بە کورتی بە ناخی هۆنراوە - ئەفسانەی خەیاڵ ناوی دەبەم. هێرمنوتیکی دژە ئەفسانە و خەیاڵ لە رووبەرووبوونەوەی خەیاڵ و چیرۆکدا، وانەی جددی پێویستی داناوە. ئەم وانەیە، وانەی (سپینۆزا)یە: مرۆڤی یەکەم خۆی وەک

کۆیلە دەبینێتەوە، لە کۆیلایەتیەکەی تێدەگات، ئەو کاتە بە تێگەیشتن لە پێویستی، دوبارە ئازادی خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەخلاق یەکەم نمونەی دیسپلینی تاکە، کە (لیبیدۆ «مەیلی سێکسی») و ئیرادەی رووە و هێز و دەسەڵاتداری جیهانی چینی دەسەڵاتدار، پێویستە ملکەچیبن، بەڵام ئایا ئەم شێوازەی پەسەندکردنی کاری راست و ئەم پاراستنی دیسپلینی تاکە، کە لە پێویستییەوە سەرچاوەی گرتووە، شکۆ و جوانی خەیاڵ، واتە دەرکەوتنی ئازادانەی نابێت، ئایا ئەم شکۆ و جوانییەی خەیاڵ هیچ پەیوەندییەکی بە (وشە) وەک (وەحی و دۆزینەوە)وە نییە؟

ئەمەیە ئەوەی لەم باسەدا جێی مشتومڕە.

**سەرچاوە:**

http://ketabnak.com/book/19014/%D987%%D8%B1%D985%%D98%6%D988%%D8%AA%DB%8C%DA%A9%B%8C%D8%A7%D985%

# خوازە و پێکهێنانی واتای نوێ لە زماندا

**لە فارسییەوە: ئاکام بەسیم**

«پۆل ریکۆر»، فەیلەسوفی هاوچەرخی فەڕەنسا، لەم بابەتەدا رۆڵی خوازە (metaphor) یان خوازە لەپێکهێنانی واتای نوێ لەزماندا دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەو کاریگەری لە ژمارەیەک نوسەری هاوچەرخی خۆی وەردەگرێت و هەموو بەرگریمانەکانی سونەتی پاراوی کۆن تەئید دەکات و دەڵێت: خوازە تەنها بۆ رازاندنەوەی وشە بەکار نابرێت، بەڵکو شێوازێکە لەو رێگەیەوە کە واتای نوێ دێنە نێو زمانەوە.

«ریکۆر» بەڵگە دەهێنێتەوە کە خوازەکان بەرهەمی ناکۆکی نێوان دوو وشەن. ئەگەر خوازەکان بەشێوەیەکی نائاسایی و بێجگە لەواتای راستەقینە بەکار ببرێن، گوێگر بەرەو رێگای نوێ لە تێگەیشتن رێنوێنی دەکرێن. کاتێک کە خوازەکان ئیتر کارکردی خۆیان بۆ خوازە لەدەستبدەن، ئیتر دەبنە وشەیەک کە چەندین مانایان هەیەو سەر لە»هەنبانەبۆرینە» دەردێنن. بەم روونکردنەوەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی خوازە دەبێتە هۆی پێکهێنانی واتای نوێ لەهەنبانەبۆرینەدا. «ریکۆر» دیعایە دەکات کەشێوەی خوازە نە تەنها لەوتاری ئاییندا، بەڵکو لەشیعر، هونەر و تەنانەت لەزانستیشدا دەخیلە.

### پێشوتار

«پۆل ریکۆر»، فەیلەسوف و وێژەری فەڕەنسی، لەساڵی 1913ی زایینی لە»والنس» لەدایکبوو. ئەو لەگەڵ «موریس مێرلوپۆنتی»، گرینگترین

وتەبێژی زانستی دیاردەناسی (Phenomenology) لە فەڕەنسا بوو و لەدوایین دەیەکانی تەمەنیدا بەرجەستەترین تیۆریسیەنی هیرمێنۆتیکی وێژەیی بەئەژمار دەهات. «ریکۆر» لەدەیەی 1930دا لە«سوربۆن» فەلسەفەی خوێند و قوتابی «گابرێل مارسێل» بوو. لەساڵی 1948دا یەکەم کاری بە ناونیشانی «گابریەل مارسێل و کارڵ یاسپرێس» بڵاوکردەوە. «ریکۆر» هەمیشە لەژێر کاریگەری نفوزی بیروباوەڕی «مارسێل» سەبارەت بە بوونناسی (ontology) دیاریکراو و چەمکەکانی ئامانج، ئازادی و هیوادا مایەوە. «ریکۆر» لەساڵانی شەڕدا دەستبەسەرکراو بۆ ئەڵمانیا گواسترایەوە. لەزیندانداا، کتێبی «بیرۆکە رێنوێنەکان بۆ جۆرێک لەزانستی دیـاردە»ی بۆ سەر زمانی فەڕەنسی وەرگێڕایەوە کە لەلایەن «ئێدمۆند هۆسرێل»ەوە نوسرابوو. «ریکۆر» ئەو تیۆری و شێوازە هەمەلایەنەی بەشوێنیەوە بوو، کە لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرد لە دیاردەناسی هۆسرێلدا دۆزییەوە. «ریکۆر» لەساڵی 1949وە هەتا 1957 لە زانکۆی ستراسبورگ و دواتر هەتا ساڵی 1966 لە زانکۆی سوربۆنی پاریس وانەی وتەوە. لەساڵی 1966ەوە لە«نانتێر» وانەی وتەوە، بەڵام لەساڵی 1969 بەدوای دەستێوەردانی پۆلیس لە کاروباری ئەو زانکۆیە دەستی لەکار کێشایەوە. دواتر لەزانکۆی «لوون» وانەی وتەوە و لە ناوەڕاستی 1970شدا لە زانکۆی شیکاگۆ لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وانەی وتەوە. لە پاریس «ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی دیاردەناسی و هێرمۆنتیک»ی بونیاد ناو سەرۆکایەتی «ئەنجومەنی نێونەتەوەیی فەلسەفە»شی گرتە ئەستۆ. کتێبی «فەلسەفەی ئیرادە» دەستپێکی فەلسەفەی «ریکۆر» بوو و هەروا یەکێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی بەئەژمار دەهات.

ریکۆر لەساڵی 1955 کتێبی «مێژوو و هەقیقەت»ی بڵاوکردەوە، کە کۆمەڵێک نامیلکەیە سەبارەت بەچەمکی مێژوو لە هێرمۆنتیکدا. گرینگترین بەرهەمەکانی «ریکۆر» لەبواری هێرمۆنتیک بریتین لە: سەبارەت بەشرۆڤە،

باسێک سەبارەت بەفرۆید، ناکۆکی شرۆڤەکان (1969)، خوازەی زیندوو (1975)، لەدەقەوە تا بەکارهێنانی زمان لەزمانی رۆژانەدا (1986)، کات و راپۆرت (کاری ئەسڵی ئەو کە لەساڵی 1983وە هەتا 1985 لەسێ بەرگدا بڵاوکرایەوە) و «خۆیەتی وەکو ئەوی دیکە» (واتە دوایین بەرهەمی کە بڵاوکرایەوە).

«ریکۆر» یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسوفە زیندووەکان. ماهیەتی زمان و واتا، فاکتەری زەینی، دەق، راپۆرت و کاریگەری ئامادەبوونی کەسی دیکە، لە قسەوباسی فەلسەفی، زمانزانی، تیۆری وێژەیی و زانستە مرۆییەکانی چەند دەیەی رابـردوودا لەزوومرەی ئەو بابەتە سەرەکییانە بەئەژماردێن، کە «پۆل ریکۆر» قسەی بۆ وتن پێ بوو. زانستی دیاردە، هێرمێنۆتیک، بوونگەرایانە، تیۆری بەرزی کانت، دەرونشیکاری، تیۆری وێژەیی، تیۆری سیاسی و فەلسەفەی لێکدانەوە، بابەتی جۆراوجۆرن کەریکۆر شارەزایی لەسەریان هەبوو.

ئەم بابەتە وەرگێڕدراوی بابەتی «The Metaphorical Process» لە نوسینی «پۆل ریکۆر»ە، کە لە کتێبی «دەیوید ستوارت» (David Stewart) بەناونیشانی «Exploring the Pilosophy of Religion» (لێکۆڵینەوە لەسەر فەلسەفەی ئایین) لەچاپدراوە. نوسەری ئەو کتێبە سەرنجێکی سەرەتایی لەسەر ئەو بابەتە نوسیوە کە بە باشی بابەتەکە و پێویستییەکەی دەردەخات. هەر بەم بۆنەیەشەوە، لێرەدا لە هێنانەوەی ئەو پێشەکییە خۆدەبوێرین.

### بەکارهێنانی خوازە لەزمان

زمان هەمیشە چ لە ئایین، هونەر، زانست، وێژە یان هەر چالاکییەکی مرۆیی دیکەدا لە زوومرەی قسەو باسە بەرجەستە و سەرنجڕاکێشەکان بووە. هەر بەم بۆنەیەشەوە باسی زمانی ئایینی بەخێرایی بەرەو کێشەی گشتی تر

سەبارەت بەماهیەت و کارکردی زمان هیدایەت دەبێت. بابەتێک کە وەکو «سیمانتیک» (واتاناسی) دەناسرێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی رێکوپێک سەبارەت بەگەشەو گۆڕانکارییەکانی ماناو شێوەی زمانەو پرسیاری سیمانتیکی ئەوەیە کەچۆن دەتوانین واتای نوێ لەزماندا پێکبهێنین.

«پـۆل ریکۆر»، فەیلەسوفی فەڕەنسی هاوچەرخ، رۆڵـی خوازە وەکو شێوەیەک کە لەو رێگەیەوە واتا نوێکان لە زماندا سەرهەڵدەدەن، روونده‌کاتەوە. ئەو بەجەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کێشەی زمان و لێکۆڵینەوە لەسەر خـوازە لەکێشەیەکی فەلسەفییەوە دەستپێدەکات. فەیلەسوفەکانی یۆنان بەباشیان دەیانزانی، کە زمان ئامرازێکی بەهێزە، کە دەتوانن بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە دیعایەیەک هەقیقەتە بەکاریببەن ،یان دەتوانن بۆ ناچارکردنی نەیاران لە دەستهەڵگرتن لەهەڵوێستی خۆیان بەکاریببەن. ئەوان لێکۆڵینەوەکردن لەسەر هۆکاری دروست یان بە«لۆژیک» ناودەبرد و لێکۆڵینەوەکردن لەسەر هونەری بەقەناعەت گەیاندنیان بە«پاراوی» (JLCR) ناودەبرد. فەیلەسوفەکان هەر لەسەرەتاوە هونەری «پاراو»یان بە بەرزترین ئاستی بەها نەدەزانی. فەیلەسوفەکان حەزیان لە«هەقیقەت» بوو، بەڵام هەموو بیر و هزری بانگەشەکاران ئەوەبوو، کە بە«وتاری قەناعەتپێکراو» بەسەر گوێگرانی خۆیاندا زاڵ بن. لەسەردەمی ئەفلاتوندا، گروپێک لە مامۆستا شارەزاکان کە«سوفستایی»یان پێ دەوتن، لەبەرانبەر موچەیەک (کەزۆر زۆر بوو) لاوانی وانەکانی فێرکاری باڵای یۆنانیان بەشێوەیەک رادەهێنا، کە فێربن چۆن قسە بکەن و لەوتەدا بێ وێنە بن.

هەرگیز بیر لەکێشەی هەقیقەت نـەدەکـرایـەوە. لە روانگەی وتاربێژانەوە، سەرکەوتن لە قسەوباسی ئەو رۆژە لە مەحکەمەی یاسا یان لەکێبڕکێی سیاسی گرنگتر بوو. ئامانی سوفسیتاییەکان وتاربێژی لێهاتوو بوو، نەک بیرمەندی ماقووڵ و وردبین. لە سونەتی پاراویدا بەکارهێنانی

خوازە لە بنەڕەتدا ئامرازێک بۆ رازاندنەوەی قسەو باس و وتار بەئامانجی بەقەناعەت گەیاندن بوو. خوازە مەجاز بوو، چونکە بەکارهێنانی وشەکان بەشێوەیەکی پاراو پەیوەندی بەواتای راستەقینەی ئەو وشانەوە نەبوو. لەروانگەی وتاربێژانەوە بەکارهێنانی خوازە تەنها رازاندنەوەی وتارە، نەک زیادکردنی واتای نوێ بەوەی وتراوە. بەهۆی ئەوەی کە خوازە هیچ مانایەکی نوێ بەوتار نابەخشێت، وتاربێژان پێیان وایە هەمیشە مانای راستەقینە بەبێ پێکهاتنی هیچ چەشنە گۆڕانکارییەک لەوەی دەوترێت، دەتوانێت جێگای بەکارهێنانی خوازەی زمان بگرێتەوە.

«پۆڵ ریکۆر» وەکو ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرانی هاوچەرخ، تەواوی بەرگریمانەکانی سونەتی پاراوی کۆن دەباتە ژێر پرسیار و بەگومانەوە بۆی دەڕوانێت و تیۆرییەکی جیاواز سەبارەت بەخوازە پێشنیار دەکات. ئەو دەڵێت: خوازە تەنها بۆ رازاندنەوەی وتار نییە، بەڵکو شێوازێکە کە (لەو رێگەیەوە) واتای نوێ دێتە نێو زمانەوە. رستەی «زمان سواڵکەرە» چاو لێ بکەن. ئەگەر لەبواری هەقیقەتەوە سەیری ئەم رستەیە بکەین، لەگەڵ رستەیەکی بێ ماندا بەرەوڕوو دەبین، بەڵام ئەگەر وەکو خوازەیەک سەیری بکەین، بابەتێکی نوێ سەبارەت بەزمان دەردەبڕێت. یان دەستەواژەی «خواوەندی ئێمە قەڵایەکی پەنەوە» لەبەرچاو بگرن. ئەم دەستەواژەیەش لە بواری راستەقینە بوونەوە بێ مانایە. ئێمە بەقەد پێویست لە تاشینی بنەما بۆ بەکارهێنانی زمانی شوبهاندن سەبارەت بەخودا لە چوارچێوەی بەکارهێنانی تەمسیلیدا کێشەمان هەبووە، بەڵام لێرە لە نواندن تێدەپەڕین دەپەرژێینە سەر خوازە، ئەگەر وشەکان بەشێوەی راستەقینە لەبەرچاو بگیرێن لەوانەیە واتادار نەبێت. ئەدەبیات و وێژەی ئایینی لێوانلێو لەخوازەەو ئەگەر بمانەوێت زانیارییەکی گونجاو سەبارەت بەزمانی ئایینی بەدەست بێنین، پێویستە سەرنج بەشێوازی خوازە بدەین.

هەنبانەبۆرینە خوازە بە»وشەیەک کە لە بابەتێکدا بەشێوەی ناراستی بەکار دەبرێت، هەتا هەڵسەنگاندنێک کە لەنێوان دوو بابەتدا پێشکەش دەکرێت» دەناسێنێت، بەڵام ئەم پێناسەیە پێمان ناڵێت خوازەەکان چۆن بەکار دەبرێن. ریکۆر دەڵێت خوازەەکان لە ناکۆکی نێوان دوو وشە، واتە زمانێک کە بەردەوام بەشێوەیەکی نائاسایی بەکاردەبرێت، پێکدێن. ئەمە ئەو شێوازەیە کە مانای راستەقینە و ئاسایی دەرناخات. لەخوازەدا پێکدادانی مانا راستەقینەکان دێنەکایەوە، لە جۆرێک واتای دڵتەزێن بەهرەمەندە و خوێنەر یان بیسەر بۆ رێگای نوێ لەتێگەیشتن هان دەدات.

کاتێک بەشێوەی راستەقینە «سواڵکەر» نییە، بەڵام ئەم خوازە لە رووی واتاییەوە جۆرێک نوێخوازییە، کە ئەو هێزەمان پێ دەبەخشێت بەشێوەیەکی نوێ لەزمان تێبگەین. ئەگەر خوازەێک باش بێت، ئەو خوازە زیندووە. کاتێک خوازەکان دەمرن، سوودی خۆیان وەکو خوازە لەدەست دەدەن، وەکو یەکێک لە ماناکانی وشەکان سەر لەهەنبانەبۆرینە دەردێنن. ئەمە تایبەتمەندییەکی زمانە کە ریکۆر وەکو تایبەتمەندی «چەند مانایی» (Polysemy) ناوی لێ دەبات. یەکەم کەس کە ئاماژەی بە»ژێر» کورسی کرد، بەشێوەی هێماو ئاماژە قسەی دەکرد، بەڵام ئەم ئاماژەیە بەجۆرێک ناوبانگی دەرکرد، کە ئیتر وەکو بەکارهێنانی زمان لە بواری وەرگرتنەوە چاوی لێ ناکەین.

لەسەرجەم لێکدانەوەکانی «ریکۆر» بەدوو دەرئەنجام دەگەین: یەکەم، خوازەێکی راستەقینە لەمانای خۆیدا (نە تەنها دانانی وشەیەک بەجێگای وشەیەکی دیکە) وەرناگێڕدرێنەوە، چونکە خوازە یان شوبهاندن مانا سازدەکات. دووهەم، خوازەی راستەقینە تەنها بۆ رازاندنەوەی زمان نییە، بەڵکو برینییە لە: کۆمەڵێک وشیاری نوێ و شێوەی نوێ لە قسەکردن سەبارەت بەهەقیقەت. جیاوازییەکی گرنگی دیکە لە فەلسەفەی زماندا،

جیاوازی نێوان ماناو ئیرجاعە. (لە زانستی زماندا ئیرجاع بە حاڵەتێک لە رستەکان دەڵێن کە تێگەیشتن لە مانای عونسورێک بەگەڕانەوە بۆ رەگەزەکانی دیکە مسۆگەرە.و) مانا ئاماژە بەوە دەکات کەراڤە دەیڵێت، ئەوە لەحاڵێکدایە کە»ئیرجاع» ئاماژە بەوە دەکات کە»راڤە» دەربارەی چییە. تیۆری «ریکۆر «رێگامان پێدەدات خوازەکان بناسین، بەڵام سەرچاوەی خوازەکان چییە، واتە خوازەکان سەبارەت بەچین؟ بۆچوونی ستراکتۆرالیستی دەڵێت کە خوازەکان لە زماندا تەنها ئاماژە بەوشەیەک دەکەن. هەموو بۆچوونەکانی شرۆڤەکردنی راستەقینە بە ئاراستەی ئەم تیۆرییەدا پەرەپێدراون. بەم پێیە (بۆ وێنە) شیعر ئاماژە بەحەقیقەت ناکات، بەڵکو تەنها ئاماژە بەزمان دەکات. ئاشکرایە ئەمە بۆ ریکۆر بەکەڵک نایەت. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە، کە خوازەکان سەرچاوەیان هەیە، بەڵام سەرچاوەکەیان هەقیقەت و وشەکان نییە، بەڵکو ئەزموونێکی نوێ لە هەقیقەتە. لەم واتایەدا، بۆچوونی ئەو سەبارەت بەخوازە زۆرتر بە بۆچوونی «ئەرستۆ» نزیکترە، تاکو بەهەندێک تیۆری کەسانی هاوچەرخی مەکتەبی رەخنەی راستەقینە. «ئەرستۆ» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شیعر تەنها هەقیقەت وەسفناکات، بەڵکو سەرلەنوێ وەسفیدەکاتەوە و لەزماندا مەجال بەمانای نوێ دەدات، کە خۆی دەربخات.

«ریکۆر» لەهەمانکاتدا دیعایە دەکات کە شێوەی خوازە نە تەنها لەوتاری ئایینیدا، بەڵکو لەشیعر، هونەر و تەنانەت لەزانستیشدا دەخیلە. تێگەیشتن لەوەی کە ئەم شێوازە لەسەر شیعر کاریگەری هەیە، رەنگە لەدوو هەوڵەکەی دیکە ئاسانتر بێت، چونکە شیعر هەوڵێکە بۆ وەسفکردنی حەقیقەت بەشێوەیەکی ژیرانەو نوێ.

هونەرمەندیش چ لە رەسمدا یان لە پەیکەرسازی یان لە نۆتەکانی مۆسیقادا سەرلەنوێ هەقیقەت شیدەکاتەوە. بەرهەمێکی هونەری نمونەیەکی بەرچاو لە حەقیقەت پێشکەش ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی نوێ شرۆڤەی

دەکاتْ، ئەگەر خوڵقێنەری بەرهەمەکە هونەرمەندێکی باش بێتْ، ئەو بەرهەمە ئەو تواناییەمان پێ دەبەخشێتْ باشتر لە هەقیقەتْ تێبگەین، واتە باشتر لەو (کاتەی کە) بەبێ بەرهەمی هونەری دەمانتوانی لێی تێبگەین. تەنانەتْ بیرمەندانی زانستە سروشتییەکان کاتێک کە مۆدێلێکی تیۆری کەشفدەکەن، بۆ تێگەیشتنی باشتر لە هەقیقەتْ سەرلەنوێ شرۆڤەی دەکەنەوە. شێوەی خوازە لە گشتْ ئەم بابەتانەدا وەکو ئامرازێک بۆ کەشفکردن (heuristic) بەکاردێتْ. وشەی « heuristic » کە لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە، بەواتای کەشفکردن و هاندانی حەز و لێکۆڵینەوەی زۆرتر بەکاردەبرێتْ. خوازەی زیندوو، بەرهەمی هونەری باش و مۆدێلی تیۆری داهێنەر، هەموویان هانمان دەدەن هەقیقەتی تازە کەشف بکەین و ئەم کەشفانە، هەتا ئاستی دەربڕین و تێگەیشتن بەرز بکەینەوە.

بەڵام ئەم هەقیقەتە کە (polysemy) یان هەمان خوازە ڕێگا دەداتْ لەزماندا خۆی دەربخاتْ، چییە؟ (ئەو هەقیقەتْ) جیهانی ئەشراف و ئەو شتومەکانە نییە کە بەتەکنیکی زانستی کۆنترۆڵ دەکرێن، بەڵکو جیهانی ژیان (Lebenswelt)، جیهانی تاکەکان، جوانی، خۆشەویستی، هەستْ و بەهاکانە. ئەگەر شێوەی خوازە لەکاردا نەبووایە، نەماندەتوانی گشتْ ئەم هەقیقەتانە دەربڕین. دیعایەیەک کە داکۆکیکارانی زمانی ئایینی لە دژایەتی لەگەڵ پوزەتیڤیستەکاندا دەیکەن، ئەوەیە کە هەقیقەتْ بەشتێک کە بەواتای راستەقینە وشەکان وەسفدەکرێتْ، بەرتەسک نابێتەوە، وتە ئایینییەکان بەشێوەی وتە تەجرەبییەکان ناسەلمێندرێن، چونکە ئەگەر وابێتْ، لەگەڵ ئاستی ئایینی ئەزموونی مرۆڤ و دەغدەغەی کۆتایی مرۆڤ، هیچ پەیوەندییەکیان نابێتْ. کاری «ریکۆر» سەبارەتْ بە»خوازە» بەشێک لە پرۆژەیەکی بەرینتر سەبارەتْ بەپێکهێنانی تیۆری شرۆڤە و هێرمێنۆتیکە، کە بۆ زمانی ئایینیش بەکار دەبرێتْ. کاتێک کە هەوڵدەدەین لەدەقە ئایینییەکان

تێبگەین، یەکێک لەو کێشانەی کە لەگەڵی بەرەوڕووین ئەوەیە، کە زۆربەیان لەرابردوودا لەلایەن کەسانێکەوە نوسراون، کە لەبارودۆخێکی زۆر جیاواز لەو بارودۆخەی ئێمە تێیدا دەژین، ژیاون. ئەم مەودایە کە لە ناوەڕۆکی دەقەکە جیاماندەکاتەوە، یەکێک لەو کێشانەیە کەدەبێت لە رەوتی شرۆڤەدا بەسەریدا زاڵ بین، بەڵام ناتوانین بەخوڵقاندنی سەرلەنوێی مانایەک کە وشەکان بۆ نوسەرەکانیان بوویانە، رازی بین. دەقە گرنگە ئایینییەکان، شیعری باش و بەرهەمی هونەری بەرجەستە، هەموویان دەتوانن لەم مەودایەدا پردێک لێ بدەن، چونکە بەشێوەی راستەوخۆ لەگەڵمان قسە دەکەن و تێگەیشتنی نوێ لە هەقیقەت بەرەوڕوومان دەکەنەوە. هەر بەم بۆنەشەوەیە کە«ریکۆر» دەڵێت: پرسیار سەبارەت بەسەرچاوە هێشتا گرنگ نییە، چونکە جیهانی وتاری شیعری جیهانێکە «لەبەرانبەر دەق»دا. جیهانێک کە لەمانای نوێ لە هەقیقەتدا دەرگاکانی جیهانێکی نوێمان بۆ دەکاتەوە. زمانی ئایینی کاتێک گونجاون کەواتای راستەقینەی وشەکان بەشێوەیەک بڕواتە پێشەوە کە شێوازی خوازە بتوانێت روو بدات. شێوازێک کەپلەو پایەی نوێ لە هەقیقەت و خۆئاگایی بۆ دەربڕین پێکدەهێنێت.

### شێوازی خوازە (LEBENSWELT)

### واتاناسی خوازە

بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوە لە پاراوییەوە بۆ زانستی ناسینی مانا یان بەواتایەکی دروستتر، ئەو جۆرەی کە زۆر زوو دەبینین، لە پاراوی وشەدا بۆ واتاناسی لەوتار یان رستە رێنوێنیمان دەکات. لە نەریتی پاراویدا، خوازە لەنێو بابەتە مەجازەکاندا ریزبەندی دەکرێت. واتە لەنێو ئەو پیشەسازییە وێژەییانەدا کە لەگەڵ شێوەی جۆراوجۆری مانا لە بەکارهێنانی وشەو بەواتایەکی دروست تر لەگەڵ رەوتی «ناولێبردن» (The Metaphorical

Process) پەیوەندیان هەیە. ئەرکی پاراوی لەوەدایە، کە بەدوایدا دێت. وشەکان مانای تایبەت بەخۆیان هەیە. بەواتایەکی دیکە ماناکان لە کۆمەڵگایەکی وتاری گشتیدا، لەلایەن نەریتەکانی کۆمەڵگاوە سەقامگیر بووە و لە یاسایەکی وشەکاندا تۆمار کراوە. پاراوی لە جێگایەکدا دەستپێدەکات کە ئەم یاسایەی وشەکان کۆتایی پێ بێت. پاراوی کاری بەواتای دەستکردی وشەیەکەوە هەیە، واتە ئەو واتایانەی کە لە بەکارهێنانی ئاسایی لایانداوە. ئەم شێوە جۆراوجۆرانە، ئەم لادانانەو ئەم پیشەسازییە وێژییانە بۆچییە؟ بیرمەندانی رابردووی زانستی پاراوی زمان بەگشتی وەڵامیان بەم پرسیارە داوەتەوە: ئەو (پاراوییە) بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یان رازاندنەوەی وتەیە، چونکە بیرکردنەوەکانمان لەسەر واتاکان لە وشەکانمان زیاترە و بۆ ئەوەی بەباشی بیرکردنەوەکانمان بەزمان دەربڕین پێویستە واتای ئەو وشانە لەوەی کە لە بارودۆخی ئاساییدا بەکاردەبرێت، زیاتر پەرە پێ بدەین. یان رەنگە وشەیەکی دروستمان هەبێت، بەڵام پێمان باشتر بێت بۆ چێژبردن و سەرنجڕاکێش بوونی وشەیەکی مەجازی بەکاری ببەین. ئەم ستراتیژییە بەشێک لە کارکردی پاراوییە کە هەمان «رەوتی بەقانەعەت گەیاندن»ە. واتە کاریگەری دانان لەسەر خەڵک بەوتار بەشێوەیەک، کە نە هۆکار و نە بەڵگەهێنانەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات و تەنانەت تووندوتیژیش لەتوانایدا نییە، ئەو کارە بکات. وتاری پاراو شتێک دەهێنێتە گۆڕێ کە خەڵک باشتر بەقەناعەت دەگەیەنێت و لەهەزار هۆکارهێنانەوەی زانستی باشترە. خوازە یەکێک لەو دەسکردانەیە. هەروەک بەهۆی لێکچوونی دوو وشە پێکەوە و دانانی وشەیەکی مەجازی بەجێگای وشەیەکی راستەقینە (کەبوونی نییە یان لابراوە) وەکو هۆکارێک کار دەکات: خوازە لەدەستکردە میتۆدیەکانی دیکە جیا دەبێتەوە، لەوانە «ناتەو تەشەر» (metonymy) کە تێیدا «پەیوەندی» رۆڵێک دەگێڕێت کە «لێکچوون» لە خوازەدا دەیگێڕێت. ئەمە کورتەیەک

له مێژوویەکی درێژماوەیە کە بەسوفستاییەکانی یۆنانەوە دەستپێدەکات. لە ئەرستۆ، سیسرۆ و کۆئینتیلیان (Quintillian) تێپەڕ دەبێت و بەدوایین بەرهەمەکانی پاراوی لە سەدەی نۆزدەهەم کۆتایی پێدێت. ئەوەی لەم نەریتەدا سەقامگیر ماوەتەوە، دەتوانین لە شەش خاڵدا کورتی بکەینەوە:

1- خـوازە مەجازە، واتە پیشەسازییەک لە وتار کە پەیوەندی بە»ناولێبردن«ەوە هەیە.

2- خوازە، شایەتێک لە»ناولێبردن« بەلادانی واتای راستەقینەی وشەکانە.

3- هۆکاری ئەم لادانە بۆ لێکچوون دەگەڕێتەوە.

4-. لێکچوون زەمینەیەک بۆ جێگرتنەوەی واتای مەجازی وشە دەرەخسێنێت، کە لە مانای راستەقینە وشەیەک دەتوانێت هەر لەو کاتەدا بەکار ببرێت، وەرگیراوە.

5- ئـەو واتـایـەی جێی گـرتـووەتـەوە لـەبـواری مانابییەوە هیچ نوێخوازییەکی تێدا نییە. بەم پێیە، دەتوانین خوازە بە گەڕاندنەوەی وشەی راستەقینە بەجێگای وشەی مەجازی، کە هەر لەو کاتەدا بەکار دەبرێت، وەربگێڕینەوە.

6- بەهۆی ئەوەی کە داب و نەریت رێگا بەهیچ نوێخوازییەک نادات، خوازە هیچ وشیارییەک سەبارەت بەراستی بەدەستەوە نادات. تەنها وتار دەڕازێنێتەوە و بەم پێیە دەتوانێت لە ریزی فۆنکسیۆنی سۆزداری واتاردا دابنرێت.

گشت ئەم بەرگریمانە پاراوییانە لەلایەن زانستی واتاناسی مۆدێرنی خوازەوە بردراوەتە ژێر پرسیار، یان بەواتایەکی دروست تر زانستی واتاناسی مۆدێرن بەتەواوەتی بەشک و گومانەوە سەیری گشت ئەم بەرگریمانانە دەکات. بەرگریمانەیەک کەدەبێت لەگەڵی بەرەوڕوو بینەوە ئەوەیە کە

خوازە تەنها رێککەوتنێک لە «ناولێبردن»، جێبەجێ بوون یان پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەمانادایە. واتە کاریگەری وشەیەک لەسەر بەرهەمهێنانی واتایەک، کە شرۆڤەیەکی تەواو دەگرێتەوە.

لە راستیدا ئەم کەشفە یەکەم کەشفی واتاناسی خـوازەە. خوازە بەر لەوەی بەواتاناسی وشە وابەستە بێت، بە واتاناسی رستە وابەستەیە. خوازە تەنها لەنێو شرۆڤەدا مانای هەیە. کاتێک شیعرێک قسە لە«دووعای شین» یان «ئاسۆی سپی» یان «شەوی سەوز» دەکات، دوو وشە لەبەرانبەر یەکترین دادەنێت کە لەوانەیە هاورێ لەگەڵ «ئای. ئەی. ریچاردز» ناوی « tenor» یان «هەڵگر»(vehicle)ی لەسەربنین و لەسەری بڵێین ئەوە تەنها شتە کە خوازە ساز دەکات. بەپێی ئەو واتایە، دەبێت سەبارەت بە رستەکانی خوازە قسە بکەین، نەک ئەو وشانەی کە بەشێوەی تانەو تەشەر بەکار دەبرێن. خوازە لە ناکۆکی نێوان هەموو وشەکانی شرۆڤەیەکی خوازەەوە دەستپێدەکات. ئەم بۆچوونە یەکەمە پێویستی بە بۆچوونی دووهەمە. ئەگەر خوازە کاری بەوشەکان هەیە، تەنها بەو بۆنەوەیە کە لە سەرەتادا لەجێگاو شوێنی گشت رستەکەدا روو دەدات. بەم پێیە دیاردەی یەکەم لادان لەمانای سەرەکی و راستەقینەی وشەکان نییە، بەڵکو کارکردی هەڵگر لەجێگاو شوێنی گشتی رستەکەدایە. ئەوەی ئێمە ناوی «ناکۆکی»مان لەسەر دانا، تەنها شتێک نییە کە لەنێوان دوو وشە لەشرۆڤەدا روو دەدات، بەڵکو لە نێوان دوو تێگەیشتنی تەواو لە شرۆڤەیەکدایە. ستراتیژییەکی وتاری کە شرۆڤەی خوازە مانای خۆی پێ لەدەست دەدات، بێ ماناییە. ئەم بێ ماناییە بۆ شرۆڤەیەکی راستەقینە وەکو بێ مانایی خۆی دەردەخات. ئەگەر «شین» رەنگ بێت، «دوعاکردن» شین نییە. بەم پێیە، خوازە بە تەنهایی لە کولەکەی تەرێشدا بوونی نییە، بەڵکو لە شرۆڤەیەکدا پێکدێت و مانا پەیدا دەکات. شرۆڤەی خوازە شرۆڤەیەکی راستەقینە وەک فەرز دادەنێت کە لەنێو چووە. شرۆڤەی

خوازە بەگواستنەوەی خۆشکاندن و ناتەبایی لە ناکاو لەگەڵ ناتەبایی مانادار پشت ئەستوورە. ئەمە هەمان ئاڵوگۆڕە کە جۆرێک لە«لادان» (twist) بەسەر وشەدا دادەسەپێت. ناچار دەبین واتایەکی نوێ بەوشە بدەین. نمونەیەک لەمانە کە ڕێگەمان پێدەدات لە جێگایەکدا شرۆڤەی راستەقینە مانایەکی نییە، وشە مانای هەبێت: بەم پێیە، خوازە وەکو وەڵامێک بەناتەباییەکی تایبەت لەراڤە وایە کە بەراستەقینە شرۆڤە کراوە. لەوانەیە بۆ ئەوەی واتایەکی نەرم و نیانتر و هەمەلایەنەتر لەناتەبایی و بێ مانایی بەکار ببەین ناوی «بێ رەبتی واتا ناسی» لەسەر ئەم ناتەباییە دابنێین، چونکە لە بەکارهێنانی واتاکانی وشە ئاساییەکاندا تەنها بەپاراستنی راڤە دەتوانین واتایەک بخولقێنین. من وشەیەک ساز دەکەم کە جۆرێک پەرەسەندنی ماناو جۆرێک لادان دەسەپێنێت، کە لەو ڕێگەیەوە راڤەی خوازە مانای خۆی لەدەستدەدات. بەم پێیە دەتوانین بڵێین، کە ئەگەر وشەکانی خوازە لەبەرچاو بگیردرێت، پشتی بەگۆڕینی واتایەک بەستووە، بەڵام کاریگەری ئەم گۆڕانکارییە دابەزینی گۆڕانکاری لەراڤەی تەواودایە. ئەم گۆڕانکارییە کە لەسەرەوە ناوی «بێ رەبتی واتاناسی»مان لەسەر دانا، کاتێک بەشێوەیەکی راستەقینە شرۆڤە بکرێن، پشتیان بەوە بەستووە کەهاوسەنگی لەنێوان وشەکاندا وجوودی نییە.

ئێستا دەتوانین بچینە سەر رای سێهەم سەبارەت بەچەمکی پاراوی خوازە، واتە رۆڵی شوبهاندن. زۆر جار خراپ لە (رۆڵی شوبهاندن) ئێدەگەن و جێگاوشوێنی شوبهاندن هەتا رۆڵی خەیاڵات لەوتاری شیعریدا دادەبەزێنن. ژمارەیەکی زۆر لەرەخنەگرانی وێژەیی، بەتایبەتی لەرابردوودا پێیانبووەو پێیانوایە خوێندنەوەی خوازەکانی نووسەرێک، خوێندنەوەی کۆمەڵێک رستەی خەیاڵییە کەبیروبۆچوونی نووسەر بەیان دەکات. بەڵام ئەگەر خوازە بەدەربڕینی بۆچوونێک لەچوارچێوەی خەیاڵێک وابەستە نییە، بەڵکو تا رادەیەک بەدابەزینی ناکۆکی نێوان دوو رای ناتەبا لەگەڵ

یەکترین وابەستە، دەبێ لەدابەزینی گۆڕانکاری و لەم ئاشتییەدا بەدوای رۆڵی شوبهاندندا بگەڕین. ئەوەی لەراڤەی خوازەدا مەترسی لەسەرە، پێکهێنانی خزمێکە کەکاتێک تێگەیشتنی ئاسایی هاوسەنگییەک لەنێوانیاندا نابینێت، خۆی دەردەخـات. خوازە لێرەدا بەشێوەیەک خۆی دەردەخـات کە زۆر بەوەی «گیلبێرت رایل» ناوی «هەڵەی چەمکی» (category mistake) لەسەر دانابوو، نزیکە. ئەوە هەڵەیەکی بەئەنقەستەو بریتییە لەشوبهاندنی شتگەلێک کە بەیەکەوە تەبا نین، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەرێگەی ئەم هەڵە بەئەنقەستەوە، خوازە لەبواری ماناییەوە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو وشانەدا ئاشکرا دەکات، کە تا ئێستا شاراوە بووەو ریزبەندی پێشوویان لەگەیاندنی (ئەو مانا)یە پێشی پێگرتووە. کاتێک شیعر پێمان دەڵێت «کات سواڵکەرە» فێرمان دەکات («بزانین هەروەک دەڵێی...») کات وەکو سواڵکەر چاو لێ بکەین. دوو ریز لەچەمکەکان کە تا ئێستا (لەیەک) دوور بوون، لەناکاو لەیەکترین نزیک دەبنەوە. نزیک کردنەوەی ئەوەی دوور بوو، کاری شوبهاندنە. ئەرەستوو بەو واتایە بەدروستی وتوویەتی کە «پێکهێنانی گریمانە باشەکان تێگەیشتن لەخاڵە هاوبەشەکانە.» بەڵام ئەمە لەهەمان کاتدا تێگەیشتن لەتیۆرییە: گریمانە باشەکان، ئەو گریمانانەن کە لێکچوون پێکدێنن، نەک ئەوانەی تەنها لێکچوون نیشاندەدەن. لەم روونکردنەوە سەبارەت بە کار یان شوبهاندن لەراڤەی خوازەدا، نارەزایەتییەکی دیکەش بەرانبەر بەتێگەیشتنی پاراوی پەتی لەخوازە دێتە ئـاراوە. ئەو دژایەتییە وەبیری دێنێتەوە کە مەجاز لەپاراویدا جێگرتنەوەی سادەی وشەیەک بەجێگای وشەیەکی دیکە بوو. ئێستا ئیتر جێگرتنەوەی کردەوەیەک بێ حاسڵە، بەڵام لەبەرانبەردا لەخوازەدا، ناکۆکی نێوان وشەکان و بەتایبەتی ناکۆکی نێوان دوو شرۆڤە (یەکیان راستەقینەو ئەوی دیکەیان خوازەیی) لەگشت رستەکەدا دەبێتە هۆی پێکهێنانی مانا لەپەیوەند لەگەڵ پاراوییەک کە تەنها لەدوا دەرئەنجام

ئێدەگاتْ. لەتیۆرییەکدا، ناکۆکی کە من لێرەدا لەبەرانبەر تیۆری جێگرتنەوەدا دایدەنێم، واتایەکی نوێ سەرهەڵدەداتْ، کەپەیوەندی بەسەرجەم راڤەکەوە هەیە. لەم بوارەوە خوازە خولقاندنێکی لەناکاوی نوێخوازییەکی مانایە کە لەزمانی فەرمیدا هیچ جێگاوشوێنێکی نییەو تەنها لەوەسفکردنی بەڵگە نائاساییەکاندا پێکدێتْ. لەم رەوشەدا خوازە بەلێکدانەوەی چالاکی نهێنییەک نزیکترە و کەمتر بەپەیوەندی ساکار لەگەڵ شوبهاندن نزیکە. ئەو لێکدانەوەیە لەبواری مانابییەوە ناکۆکییەکە. ئەگەر تەنها کۆمەڵێک خوازەی مردوو کەئیتر خوازەی راستەقینە نین (بۆ وێنە پایەی کورسی یان موبلیاتْ) لەبەرچاو بگرین، بەوردی لەم دیاردەیە تێناگەین. خوازەی راستەقینە، خوازەی داهێنراون کە لەنمونەیەکی نوێ لەواتای وشەکاندا بەناتەباییەکی تازە لەرستەدا وەڵام دەدەنەوە. دەڵێن کەخوازەی داهێنراو لەرێگەی دووپاتکردنەوەوە بەرەو خوازەی مردوو دەڕواتْ. هەر بەم بۆنەشەوە، لەهەنبانەبۆرینەدا ئەم نمونەیە لەواتا دێتْ و دەبێتە بەشێک لەچەند واتای وشە کە لەو رێگەیەوە بەئاسانی (بەواتای دیکە) زیاد دەکرێتْ، بەڵام لەوشەنامەدا هیچ خوازەیێکی زیندوو وجوودی نییە.

لەم لێکدانەوانەوەدا بە دوو ئەنجام دەگەین کە بۆ فەسڵی دووهەم و سێهەمی ئەم بەشە زۆر گرنگ دەبێتْ. ئەم دوو ئەنجامە رێک لەبەرانبەر ئەو تیۆرییانەدایە کە لەمۆدێلی پاراوییەوە سەریانهەڵداوە. سەرەتا دەبێ بڵێم کەخوازەی راستەقینە وەرناگێڕدرێنەوە. تەنها ئەو خوازەانەی جێگای وشەیەکی دیکە دەگرنەوە وەردەگێڕدرێنەوەو مانای سەرەکی دەردەبڕن. خوازەی وشە ناکۆکەکان وەرناگێڕدرێنەوە، چونکە هیچ واتایەک پێکناهێنن. ئـەوەی کە وەرناگێڕدرێنەوە بەو مانایە نییە کەشرۆڤە ناکرێن، بەڵکو شرۆڤەکانیان بێ سنوورەو پێش بەداهێنان لەواتا ناگرێتْ. ئەنجامی دووهەم ئەوەیە کە خوازە وتار نارازێنێنەوە. خوازەی (مانایی) واوەتر لەواتایەکی

سۆزدارییەو وشیارییەکی نوێ لەخۆدەگرێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەڕێگەی «هەڵەی چەمکی»یەوە زەمینەی واتایی نوێ لەتەبایی تازە لەدایک دەبێت. بەکورتی خوازە بابەتێکی نوێ سەبارەت بەهەقیقەت بەیاندەکات.

ئەم ئەنجامەی دووهەم وەکو بنەمایەک بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی دووهەم لەم بەشەدا کار دەکات. ئەم بەشە بەکارکردی ئیرجاع یان هێزی دەلالی ڕاڤەکانی خوازە تەرخان دەکرێت.

## خوازە و هەقیقەت

لێکۆڵینەوە لەسەر کارکردی ئیرجاع یان دەلالیی خوازە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ژمارەیەک لەتیۆرییە گشتییەکان سەبارەت بەزمان قەبووڵ بکەین کەمن حەز دەکەم بەیانیان بکەم، هەچەند ناتوانم پاساویان بۆ بهێنمەوە یان هیچ بنەمایەکیان بۆ دابنێم.

سەرەتا دەبێ قەبووڵی بکەین کە لەهەر ڕاڤەیەکدا ڕەنگە واتاو ئیرجاع جیاواز بن. ئێمە ئەم جیاوازییە بە «فێرگە» قەرزارین کە وەکو قاعیدەیەکی لۆژیکی دەستنیشانی کرد. واتا ناوەرۆکی بابەتی ئایدیالی هەر بابەتێکە. لۆژیک (Bedeutung) دیعایەی ڕاستییەتی. من وایدادەنێم کە ئەم جیاوازییە نە تەنها بۆ لۆژیکزانەکان بەسوودە، بەڵکو لەگەڵ شێوی کاری وتار لەگشت بوارەکانیدا سەر و کاری هەیە. واتە شتێکە کەراڤە دەیڵێت، بەڵام ئیرجاع شتێکە کەراڤە لەسەری قسە دەکات. ئەوەی راڤە دەیڵێت لەدەرونیدایەو نەزمی دەرونی راڤەیە، بەڵام ئەوەی راڤە لەسەری قسە دەکات، زمان ناسی دەرەکیە. ئەوە تا ئەو جێگایەی لەزماندا دەوترێت، ڕاستەقینەیە، شتێک کە سەبارەت بەجیهان دەوترێت. پەرەپێدانی جیاوازی «فێرگە» بۆ تەواوی وتارەکان پێویستی بەوە هەیە لەگشت زمان تێبگەیت. ئەمە بەرای «هامبۆلت» (Humboldt) و «کاسێرێر» (Cassirer) نزیکە کە

پێیانوایە کارکردی زمان ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ئێمە سەبارەت بەجیهان و پێکهێنانی ئەو ئەزموونەیە. ئەم تیۆرییە بەتەواوی لەستراکتۆرالیزم، واتە پێکهاتەگەرایی جیاماندەکاتەوە، پێکهاتەگەراییەک کەپێیوایە زمان تەنها بەشێوەی ناوخۆیی یان دەرەکی کار دەکات، واتە بەشێک تەنها ئاماژە بە بەشێکی ئەو سیستەمە دەکات. تا ئەو کاتەی کەبتوانین هەقیقەتەکان دەرببڕین و وتار لەگەڵ دیاردەی زمان بەیەکێک بزانین، ئەم تێگەیشتنە بەتەواوەتی ماقولە. لەئاکامدا تەنها لەو یەکانەی کە لەبەردەم مەترسیدان، واتە لەوشەکان، یەک وشەییەکان، رستەکان، وتەکان، دەقەکان و کتێبەکان دەتوانین بەجیاوازیان بزانین. لەراستیدا وتەکان، دەقەکان و بەرهەمە تایبەتەکان وەکو زمانێک کارکردیان هەیە، واتە بەپێی پێکهاتەیەک کەزمان دەیانگرێتەوە، کار دەکەن. وەکو کاریگەری جیاوازییەکان و ناکۆکییەکان، پێ بەپێی ئەو جیاوازییانەی کە گەڵاڵەی گشتی دەنگناسی وێڕای جۆرێکی تایبەتی یەکپارچە پێشکەشیان دەکات، بەڵام ئەم هاو پێکهاتەییە نابێت وا بکات تایبەتمەندی بنەڕەتی وتار لەبیر بەرینەوە. وتار بەپێی یەکەیەک پشت ئەستوورە کە لەیەکەکانی زمان (هێماکان) بەتەواوەتی جیاوازە. ئەو یەکە رستەیە. ئێستا رستە تایبەتمەندیگەلێکی هەیە کە لەهیچ بابەتێکدا بەواتای دووپات بوونەوەی تایبەتمەندییەکانی زمان نین. لەنێو ئەم تایبەتمەندییانەدا، جیاوازی نێوان ئیرجاع و واتا بنەڕەتییە. ئەگەر زمان خۆی گەمارۆ داوە، وتار کراوەیەو بەدەوری جیهانێکدا دەسووڕێنەوە کەئاواتەخوازی ئەوەیە لەرێگەی زمانەوە دەربېڕێت و بگوازرێتەوە. ئەگەر ئەم تیۆرییە گشتییە دروست بێت، دوایین کێشە کەخوازە بەدوای خۆیدا دێنێت ئەوەیە کەبزانین واتا گۆڕینی واتا کە پێناسەی دەکات، لەتەجرەبەو لەپێکهێنانی جیهاندا کاریگەری هەیە یان نا.

بێجگەلەوە ناوەرۆکی گشتی زمان کە پێویستی بەجیابوونەوەی واتاو ئیرجاع هەیە (کەریشەیەکی لۆژیکی هەیە)، چەمکێکێکی هێرمێنۆتیکیی بەدوای خۆیدا دێنێت کە لەبەشی پێشوودا باسم کرد. ئەگەر دان بەوەدا بنین کەئەرکی هێرمێنۆتیکی پەیوەندی بەواتاسازی بنەماکانی شرۆڤە بۆ کارەکانی زمانەوە هەیە، جیاوازی نێوان واتاو ئیرجاع ئاکامی تایبەت بەخۆی هەیە کە شرۆڤە لەلێکدانەوەی پێکهاتەگەرا دەربارەی بەرهەمەکان، واتە لەمانای دەرونییاندا راناوەستێت، بەڵکو دەیەوێت جۆرێک لەجیهان ئاشکرا بکات کە بەرهەمێک گەڵاڵەڕێژی دەکات.

ئەم پێویستییە هێرمێنۆتیکییەی جیاوازی نێوان واتاو ئیرجاع بەتەواوەتی هەستی پێدەکرێت ، ئەگەر لەگەڵ چەمکی رۆمانتیکی هێرمینۆتیکی قیاسی بکەین کە تێیدا شرۆڤە دەیەوێ نیەتی نووسەر لەودیوی دەقەکاندا کەشف بکات. ئەم جیاوازییە فێرگەییە داوەتمان دەکات کەشوێنی حەرەکەیەک بکەوین کە مانا دەگوازێتەوە. واتە حەرەکەتی پێکهاتەی دەرونی بەرهەم بەرەو ئیرجاعی، بەرەو شێوەیەک لەجیهان کە بەرهەم لەبەردەم دەقدا کردوویەتەوە. ئەمانە جۆرێک تیۆری واتاناسی سەبارەت بەفەلسەفەی زمان و هێرمێنۆتیکن کە بەردی بناغەی وردبوونەوەی ئەمڕۆکە سەبارەت بەبواری ئیرجاعی راڤە خوازەکان بەئەژمار دێن.

ئەو راڤانەی خوازە کە دەتوانن دیعایەی راستی و دروستی بکەن، دەبێ لەگەڵ نارەزایەتییەکی گرینگ بەرەوڕوو ببنەوە کە ناکرێ بۆ ئەو پێشداوەرییانە دابشکێنرێت کە لەچەمکی پاراوی، واتە ئەو دیعایەوە کەخوازە هیچ وشیارییەکی نوێ نییەو تەنها بۆ رازاندنەوەیەو هیتر. ناگەڕینەوە سەر ئەم جۆرە نارەزایەتییانە. بەڵام نارەزایەتییەک بەو پێشداوەرییانەی کەریشەی پاراوییان هەیە زیاد کراوە کە لەگەڵ کارکردی زمانی شیعر سەر و کاری هەیە. جێگای سەرسووڕمان نییە کە لەم لایەنەوە نارەزایەتی دەکرێت، چونکە

خوازە بەشێوەی سونەتی بەکارکردی زمانی شیعرییەوە گرێی خواردووە.

لێرەدا لەگەڵ هۆگرییەکی زۆر توند بەرانبەر بەرەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ بەرەورووین: حاشا لەو راستییە دەکرێت کەزمانی شیعری دەیەوێت هەقیقەتێک باس بکات یان خاڵێک سەبارەت بەشتێکی دەرەکی بڵێت. چونکە واپێدەچێت قەدەغەکردنی ئیرجاع و هەڵوەشاندنەوەی هەقیقەت بۆ کارکردی زمانی شیعری خۆی یاسایە. بەم پێیە، «رۆمەن یاکوبسێن» (Roman jakobson) لەبابەتی بەناوبانگی خۆیدا بەناونیشانی «زمان ناسی و شیعرناسی» دیعایە دەکات کەکارکردی زمان لەبواری شیعرەوە پشتی بەجەختکردنەوە لەسەر پەیام بەبۆنەی خۆیەوە بەستووە، ئەویش بەقیمەتی لەدەستدانی کارکردی ئیرجاعی زمانی ئاسایی. ئەو دەڵێت: «ئەم کارکردە هێماکان زۆرتر زەق دەکاتەوەو بەو شێوەیە ناکۆکی بنەڕەتی هێماکان و بابەتەکان قووڵتر دەکاتەوە.» رەخنەیەکی ئەدەبی بەرفراوان لەو بۆچوونە هەیە. لەشیعردا هارمونی ماناو دەنگ بابەتێکی یەکپارچە ساز دەکات کەسەرانسەری داگرتووە، جێگایەک کەوشەکان وەکو بەرد چۆن دەبێتە مەواد بۆ رازاندنەوەی پەیکەرتاشی، دەبێتە مەواد بۆ رازاندنەوەی شیعر. بۆ نمونە توندڕەوانەترین رەخنەکان لەشیعر لەسەر ئەو بابەتەیە کەواوەتر لەزمان هیچی تر نییە. بەم پێیە، دەتوانین وەکو «نۆرسرۆپ فری» گەڕانی زمانی شیعری بەدەوری مەرکەز لەبەرانبەر گەڕانی خۆ دزینەوە لەمەرکەزی وتاری شرۆڤەیی دابنین و بڵێین کەشیعر، زمانێکی «سەربەخۆ»یە. لەم روانگەیەوە، خوازە ئامرازێکی دەوڵەمەندە بۆ دواخستنی هەقیقەت لەرێگەی جێبەجێ کردنی واتای وشەکانەوە. ئەگەر دیعایەیەکی شرۆڤەیی لەگەڵ واتای ئاسایی گرێی خواردبێت، هەڵوەشانەوەی ئیرجاعیش بەهەڵوەشانەوەی مانای ئاساییەوە گرێی خواردووە.

دەمەوێت تیۆرییەکی دیکە لەبەرانبەر ئەم واتایە لەکارکردی شیعری دابنێم. واتە ئەم تیۆرییە کەدواخستنی کارکردی ئیرجاعی زمانی ئاسایی بەواتای هەڵوەشاندنەوەی گشت ئیرجاع نییە، بەڵکو لەبەرانبەردا ئەم وەدواخستنە کۆت و بەندێکی سەلبی بۆ ئازادکردنی لایەنی ئیرجاعی زمان و لایەنێکی دیکە لەحەقیقەتە.

یاکوبسێن ئاماژە بەو بابەتە دەکات و داوامان لێ دەکات ئەم مەسەلەیە بدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەو دەڵێت: «هێزی زۆرتری کارکردی شیعری لەکارکردی ئیرجاع، ئیرجاع لەنێو نابات، بەڵکو زیاتر لەجاران لێڵ و نادیاری دەکات.» ئەو هەروەها دەڵێت کەشیعر «ئیرجاعی دابەشکراو بەسەر دوو»ە (واتە هەم کارکردی شیعری و هەم ئیرجاعی هەیە).

رێگام بدەن باسەکەمان لەو تیۆرییە سەرەتاییانەوە دەستپێبکەین کەواتای راڤەی خوازە لەرێگەی شکاندنی شرۆڤەی راستەقینەی راڤەوە بەرهەم دێنن. لەشرۆڤەیەکی راستەقینەدا، واتە خۆی لەناو دەبات و ئیرجاعی ئاساییش ئەم کارە دەکات. بەم پێیە، هەڵوەشاندنەوەی ئیرجاعی زمانی شیعری بەخۆشکاندنی واتا بۆ شرۆڤەیەکی راستەقینە سەبارەت بەراڤەکانی خوازە وابەستەیە. بەڵام ئەم خۆشکێنییەی مانا لەلایەن پووچییەوە، واتە لەرێگەی نامەربوتی واتاناسی یان ناتەبایی راڤە، تەنها لایەنی بەرانبەری نوێخوازییەکی مانایی سەبارەت بە جێگاوشوێنێک لەرستەی تەواوە. سەرەڕاو لەبەرەکەتی هەڵوەشانەوەی ئیرجاعیدا کە بەپێی شرۆڤەی راستەقینەی راڤەوەیە، ئایا لێرە بەولاوە ناتوانین بڵێن کە شرۆڤەی خوازە نابێتە هۆی شرۆڤەکردنی سەرلەنوێی هەقیقەت؟ بەم پێیە، من دەمەوێ ئەوەی سەبارەت بەمانا باسم کرد بۆ ئیرجاعیش پەرەی پێ بدەم. من وتم واتای خوازە، نزیکایەتییەکی (Proximity) ماناکان کە تا ئێستا لەیەک دوور بوون، پێکدێنێت. ئێستا دەڵێم کە لەم نزیکایەتییەوەیە کە وێنەیەکی نوێ سەبارەت بەهەقیقەت لەناکاو پەیدا

دەبێت. وێنەیەک کە لەلایەن وێنەیەکی ئاساییەوە کە بە بەکارهێنانی ئاسایی وشەکانەوە گرێی خواردووە، قەدەغە دەکرێت. بەم پێیە، ئەم کارکردەی زمانی شیعری لاوازکردنی ئیرجاعی پلەی یەکەم لەزمانی ئاساییە بۆ ئەوەی ئەم ئیرجاعەی پلەی دووهەم رێگای پێ بداث بێتە پێشەوە.

بۆ گەڕانەوە بۆ چی؟ لێرەدا دوو رێگای ناڕاستەوخۆم لەبەرچاو گرتووە بۆ ئەوەی وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە ئامادە بکەم.

من بەدوای پێشنیاری یەکەمدا دەچم کە لەپەیوەندی نێوان خوازە و مۆدێلەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە«مۆدێلەکان و خوازەکان» ئەم (بابەت) ە بە«مەکس بلوک» و لە«مۆدێلەکان و تەمسیلەکان لەزانست» بە«مێری بی. هێس» قەرزدارم. رای گشتی ئەوەیە کەخوازە سەبارەت بەزمانی شیعری وەکو مۆدێل سەبارەت بەزمانی زانستی وایە. لەزمانی زانستیدا، مۆدێل لەبنەڕەتدا ئامرازێکە بۆ کەشفکردن، کە لەخزمەت رووخاندنی شرۆڤەی نەگونجاو و لەخزمەت کردنەوەی رێگایەک بەرەو شرۆڤەیەکی نوێ و گونجاوتردایە. ئەو ئامرازە لەفێرکارییەکانی «مێری هێس»دا «شرۆڤەکردنی سەرلەنوێ»یە. ئەمە ئەو بەیانەیە کە بۆ لێکدانەوەی دوایی دەیپارێزم، بەڵام تێگەیشتن لەواتای ئەم رستەیە لەکارکردی مەعریفەناسی وردیدا زۆر گرینگە. شرۆڤەکردنەوەی سەرلەنوێی لۆژیکەکان دەتوانێت بناسرێنەوە، تەنها ئەگەر لەپاڵ «مەکس بلک»دا بەوردی سێ مۆدێل لەیەک جیا بکەینەوە: «مۆدێلە قیاسییەکان» کە لەبواری ناوەڕۆکەوە هاوشێوەی نمونەیە، وەکو مۆدێلی بەلەم. «مۆدێلە تەمسیلییەکان» کە تەنها خاڵە هاوبەشەکانی پێکهاتەیی دەپارێزێت، وەکو خشتە. و «مۆدێلە تیۆرییەکان» کە پشت بەپێکهێنانی بابەتێکی خەیاڵی، کە بۆ وەسفکردنی ئاسانتر و گواستنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم بابەتە بۆ بواری حەقیقەتی ئاڵۆزکاوتر دەبەستن. ئێستا «مەکس بلک» دەڵێت کەشیکردنەوەی هەقیقەت لەچوارچێوەی مۆدێلێکی تیۆری خەیاڵیدا، شێوەیەکی تایبەت

لەبینینی شتەکان «بەجۆرێکی دیکە» لەرێگەی گۆڕینی زمانی خۆیان، سەبارەت بەشتەکانەوەیە. گۆڕینی زمانیش لەرێگەی خولقاندنی خەیاڵێکی دۆزراوەو گواستنەوەی ئەو خەیاڵە دۆزراوەیە بۆ هەقیقەت بەئاکامدەگات.

رێگام پێبدەن ئەم جیهانی مۆدێلە سەبارەت بەخوازە بەکار ببەین. ئەو زنجیرەی رێنوێنیماندەکات، پەیوەندی نێوان دوو باوەڕی خەیاڵی دۆزراوەو شیکردنەوەی سەرلەنوێ لەرێگەی گواستنەوەی خەیاڵ بۆ حەقیقەتە. ئێمە لەخوازەدا ئەم جووڵە دوو دانەییە دەبینینەوە. «خوازەێکی لەبیرنەکراو بە بەکاربردنی زمان بەشێوەی راستەوخۆ (یەکیان وەکو لێنز بەکار دەبات بۆ ئەوەی ئەوی دیکەیان ببینێت) دەتوانین دوو بواری جیا لەیەک پەیوەند بدەینەوە.» («مەکس بێلک»، مۆدێلەکان و خوازەەکان، ئیساکا، نیۆیۆرک، چاپی زانکۆی کۆرنێل، 1962، لاپەڕەی 236). لەم رێگە ناڕاستەوخۆیەی خەیاڵی دۆزراوەوە پەیوەندی نوێی نێوان شتەکان دەبینینەوە. بنەمایەکی لۆژیکی بۆ ئەم کارە، هاوشێوەبوونی دیاریکراوی نێوان مۆدێل و بوارێکی بەکارهێنانە. ئەم هاوشێوەبوونەیە کەزەمینە بۆ «گواستنەوەی تەمسیلی وشەکان» دەرەخسێنێت و رێگا خۆش دەکات، بۆئەوەی خوازە وەکو مۆدێل «پەیوەندییەکی نوێ روونبکاتەوە.»

رێگای ناڕاستەوخۆی دووەم لەرێنمایی تیۆری خـوازەدا پشتی بەنیشاندانی ئەوەیکە زمانی هونەر هەیەو لەبنەڕەتدا لەزمانێکی گشتی جیاواز نییە بەستووە. رێگای ناڕاستەوخۆ سەرەتا لەقیاسکردنی نێوان شیعر و زانستەوە دەپەڕیەوە (بەڵام رێگای) دووهەم لەنێوان قیاسکردنی هونەری بینراوەو زمانی ئاساییەوە دەپەڕێتەوە. «نێسۆن گۆدمەن» لەزمانی هونەری خۆیدا ئەم رێگە ناڕاستەوخۆییەی هێناوەتەگۆڕێ. ئەو لەم کتێبەدا رێگاچارەیەکی سادە دێنێتەوەو بەوتنی ئەوەیکە تەنها زمانی زانستی حەقیقەت نیشاندەدات و هونەر بەزیادکردنی بەرتەسکە پشت دەبەستێت، لەگەڵ زیادکردنی هێماکانی

ئاماژەی سۆزداری و زیهنی دژایەتی دەکات. ڕەسم کێشێک حەقیقەت ڕەنگدەداتەوە، هەر بەو جۆرەی وتارێک سەبارەت بەحەقیقەت هەر ئەو کارە دەکات. وا نییە کەرەسم کێشی لاسایی ئەوە بکاتەوە کەرەنگدانەوەی بێت، بەڵکو بەپیچەوانەوە وەکو هەموو شرۆڤەکان، ڕەنگدانەوەی بینراوەی حەقیقەت پێکدەهێنێت. هەر کاتێکیش کەهێماکە خەیاڵی تر بێت، هێزی پێکهێنانی زۆتر دەبێت. بەزمانی لۆژیک هەر کاتێک هێماو ئاماژە سەبارەت بەبڕ سیفر بێت (واتە لەبواری لۆژیکییەوە هیچ بایەخێکی نەبێت.)، بەڵام هێمای چەند لایەنە، هێمای یەک لایەنەو هێمای سیفر (بێ بایەخ) هەر بەقەد یەک هێماو ئاماژەن. واتە بەهەقیقەت ئاماژە دەکەن یان لەدوا لێکدانەوەدا حەقیقەت پێکدەهێنن. «نێلسۆن گۆدمەن» ئەم لێکدانەوەی لەژێر ناوی «حەقیقەتی نوێژەنکراو» داناوە کە لەیەکەم ڕووانیندا دڵتەزێن بوو. ئەم ناونیشانە سەبارەت بەهەر کارکردێکی سەمبولیک بەکار دەبرێت. بەم پێیە، خوازە چییە؟ خوازە پەرەپێدانی ئاماژە لەرێگەی گواستنەوەی بەرچەسپ بۆ کۆمەڵێک بابەتی نوێیە کە لەبەرانبەر گواستنەوەدا خۆڕاگری دەکەن. بەم پێیە دەتوانین بەوردی ناوی بۆر بەرسەمێک بدەین و بەتانەو تەشەرەوە بڵێین خەمناکە. خوازە یان خوازە شتێک نییە بێجگە لە بەکارهێنانی بەرچەسپێکی ئاشنا بۆ بابەتێکی نوێ، کە سەرەتا لەبەرانبەریدا خۆڕاگری دەکات و دواتر ملی پێ دەدات. لێرەدا بەروانگەیەکی بنەڕەتی سەبارەت بە لێکدانەوەی کۆنترمان زانی کەخوازەی لەگەڵ هەڵەیەکی بەئەنقەست قیاسدەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە ئەم بۆچوونە چووەتە ناو چوارچێوەی تیۆری هێماوە. ئەم هەڵە بەئەنقەستە بەشوێن ئەوەوەیە، کە بەشێوەی ڕاستەقینە لەسەر هەڵگرەکەی بەکاربرێت. لەراستیدا ڕەسمەکان بەشێوەی ڕاستەقینە نەشادن و نە خەمگین. چونکە بوونەوەرێکی هەستدار نین. بەم پێیە، هەڵەی ڕاستەقینە بەشێکی پێکهێنەری ڕاستی و دروستی خوازەە. بەکارهێنانێکی دژایەتی هێما

لەئاراستەی بەکارهێنانی گواستراوە دامادەنێت. من لەتەواوی ئەم رێگایەدا کە دەیگرمەبەر، ئەم شرۆڤە بەهێزەی «نێلسۆن گۆدمەن»، واتە «هەڵەی راستەقینەو دروستی خوازە» دەپارێزم. هەڵەی راستەقینە پشتی بە خراپ دامەزراندنی بەرچەسپێک بەستووەو دروستی خوازەیش پشتی بەسەرلەنوێ دامەزراندنەوەی هەر ئەو بەرچەسپە لەرێگەی گواستنەوەوە بەستووە.

کەوایە لەم دوو رێگا ناڕاستەوخۆیەوە، لەرێگەی تیۆری مۆدێل و گواستنەوەی بەرچەسپەکانەوە دەتوانین بۆ پرسیارێک بگەڕێینەوە کەهەڵپەسێردراوە، واتە پرسیار سەبارەت بە»گەڕانەوەی نادیار» یان ئیرجاعی «ئینشعابی» زمانی شیعر. زمانی شیعریش سەبارەت بەهەقیقەت قسە دەکات، بەڵام لەپلەیەکی دیکەی زمانی زانستیدا بەئەنجامی دەگەیەنێت. زمانی شیعری جیهانێکمان پێپیشاننادات کە بەر لەوە بوو، بەو جۆرەی کەزمانی فێرکاری یان شرۆڤەیی نیشانی دەدات. لەراستیدا هەر بەو جۆرەی کەپێمان زانی گەڕانەوەی ئاسایی زمان بەستراتێژی سروشتی وتاری شیعری هەڵدەوەشێنەوە، بەڵام تەنها تا ئەو رادەیەی کە ئیرجاعی پلەی یەکەم هەڵدەوەشێنەوە، توانایيەکی دیکە لەقسەکردن سەبارەت بەجیهان (ئەگەرچی لەجێگاوشوێنێکی دیکە لەهەقیقەت) پێکدێت. ئەمە ئەو پلەیە کە»زانستی دیاردەناسی هۆسێرلی» (Husserlian Phenomenology) بە»تەجرەبەی زیندوو لەجیهان» و هایدگێر بە «بوون–لە–جیهان» (–bing in–the–world) ناوی دەبات. ئەمە خۆرگیرانێک بۆ جیهانی بابەتی قابلی کۆنترۆڵ، رووناکاییەک بۆ جیهانی ژیان (و بۆ) بوون لەجیهانی لەکۆنترۆڵ نەهاتووە کە بۆ من واتای بوون ناسانەی بنەڕەتی دەربارەی زمانی شیعرییە. لێرەدا سەرلەنوێ بۆ روانگەی ناسراوی ئەرەستوو لەکتێبی «تەکنیکی شیعر» دەگەڕینەوە. لەوێدا شیعر بەلاساییکردنەوەی کردەوەی مرۆڤ ئەژمارکراوە. (ئەرەستوو تراژێدیاری لەبەرچاو گرتووە)، بەڵام ئەم لاساییکردنەوەیە لەنێوان

پەیدابوون (creation)، خولقاندنی (poieses) ئەفسانە یان ئوستوورەوە دەپەڕێنەوە کەکاری شیعرە. لەو زمانەدا کەمن لێرەدا بەکاریدەبەم دەڵێم، کە شیعر تەنها لەرێگەی خولقاندنی سەرلەنوێی پلەیەکی ئوستوورەیی وتارەوە، لاسایی کردنەوەی حەقیقەتە. لێرەدا، خەیاڵ و وەسفکردنی سەرلەنوێ پێکەوە دەڕۆنە پێش. ئەوە خەیاڵی کەشفکردنە کە لەزمانی شیعریدا بەکۆڵی دەکێشێت.

**بەشی دووهەمی ئەم بەشە بەسێ بابەت کۆتاییپێدێنم:**

1. کاکردی پاراوی و شیعری زمان بەپێچەوانەی یەکترینن. ئامانجی یەکەمیان هاندانی ئاکەکان بۆ پێشکەشکردنی وشەو رستەی جوان بۆ رزاندنەوەی چێژبەخشی وتارەو ئامانجی دووهەمیان، وەسفکردنی سەرلەنوێی حەقیقەت لەرێگەی گۆڕینی رێگای خەیاڵی کەشفکردن یان خود دۆزینەوەیە.

2. خوازە ستراتێژییەکی وتارە کە زمان خۆی لەکارکردی شرۆڤەیی ئاسایی بێبەش دەکات بۆ ئەوەی کارکردی شرۆڤەکردنی سەرلەنوێی نائاسایی خۆی جێبەجێ بکات.

3. ئێمە بۆئەوەی دیعایەی دەستپێڕاگەیشتن بەهەقیقەت  کە بەهێزی شیکردنەوەی سەرلەنوێی زمانی شیعرییەوە پەیوەند دراوە، دیاریبکەین، زۆر بەپارێزەوە دەتوانین سەبارەت بەدروستی خوازە قسە بکەین . کاتێک شیعر دەڵێت «سروشت پەرەستشگەیەکە کە لەستونە زیندووەکان...»، تەنها «هەیە» بەپەیوەند دانەوەی راڤەکراوی «پەرەستشگە» بە بابەتی «سروشت» بەرتەسک نابێتەوە.

فرمانی پەیوەندی (copula) تەنها پەیوەندی نییە، بەڵکو باس لەوە دەکات کە ئەم پەیوەندییە ئەوەی هەیە سەرلەنوێ لەرێگەیەکی تایبەتییەوە وەسف دەکات. دەڵێت بابەتەکە بەو جۆرەیە. بەم پێیە ئایا کەوتووینەتە

نێو داوێکەوە کەزمان بەئێکەڵکردنی دوو واتای فرمانی «بوون» (to be) واتای پەیوەندی و بوونی ناخاتە بەردەممانەوە؟ ئەگەر فرمانی «بوون» بەمانای راستەقینە بزانین، وای پێدێت. بەڵام لەم فرمانەشدا واتایەکی خوازە هەیە کەناکۆکییەکەیمان دۆزیوەتەوە، واتە لەنێوان وشەکانی (سروشت و پەرستشگە)، هەروەها ناکۆکی لەنێوان شرۆڤەی (راستەقینەو خوازەیی) پارێزراوە. هەر ئەم ناکۆکییە لەفرمانی «بوون» لەراڤە خوازەییەکاندا بوونی هەیە. «هەیە» (is)، هەروەها «نییە» (is not)ی راستەقینەو هەم وەکو هاوشێوە (is like) خوازەییە. بەم پێیە، نادیاری (و) جیابوونەوە لەمانادا بۆ گەڕانەوەو لەنێوان دووهەمیدا بۆ «هەیە» دروستی خوازەیی پەرەدەستێنێت. زمانی شیعر بەشێوەی راستەقینە نالێت شتەکان چین، بەڵکو دەڵێت ئەوانە هاوشێوەی چین. لەم رێگا ناڕاستەوخۆیەوە دەڵێت ئەوانە چین.

بنەمای ئەو تیۆرییە کەپێی وایە خوازە واتای نوێ لەزماندا پێکدەهێنێت، قابلی قەبووڵەو بیرمەندانیش دانیان پێداناوە. (William Alston, Divine Nature and Human Language, Cornell University Press, 1989, p. 25.)، بەڵام ئەوەی پێویستە سەرنجی پبدەین ئەوەیە، کە خوازە تاقە رێگای پێکهێنانی واتای نییەو رەنگە نووسەریش لەسەر ئەم باوەڕە نەبێت. لەهەر رووەوە، لەبوارە جۆراوجۆرەکانیشدا گەلێک رێگای دیکە بۆ پێکهێنانی واتا بوونی هەیە. بۆ وێنە «شارع» لەبواری ئایینی، یاسادانەر لەبواری یاسا، دانەری وشە لەزمانی گشتی و هێنر واتای نوێ دەخولقێنن. وشەی «صلاە» کە لەزمانی عەرەبیدا بەمانای دوعا باو، لەئیسلامدا واتای تایبەتی نوێژی پەیداکردووەو مانایەکی نوێی پێ درا.

# پۆل ریکۆر، فەیلەسوفی مەزن و پیاوی نێو دنیایی ئەدەبی فەڕەنسا

داڤید م. کەپلان ، مارسیلۆ فلیکس
لەئینگلیزییەوە : سیار خورماڵی

## ئیمپراتۆری هەمیشەیی ژیان لەنێو خەیاڵدا، خۆرهەڵاتی چیرۆک لە خۆرئاوادا

بەگشتی لەنێو فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی فەرەنسا و ئەوروپادا، بەدەگمەن هەبوون، کە مانا بدەن و چێژوو ئەدەب رامبکەن بۆ خزمەتی ژیان. ئەو ئەدیبێک بوو مانای بە چیرۆک و گێڕانەوەکان دەدا و خەیاڵی مرۆڤی کردە زەمینەیەکی واقیعی، سەرەداوەکانی مرۆڤایەتی بەستەوە بە خەیاڵەوە. ناوبراو زیاد لە نەوەد ساڵ ژیا، لە سییەکانی تەمەنییەوە کایەی فەلسەفەی گرتۆتەبەرو بووە یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەو هەڵهاتووەکانی دنیای خۆرئاواو مرۆڤایەتی. بەرهەم، نوسین، تیۆرەکانی جێگای وەستان و هەڵوێستەن و چەند وێستگەیەکی بەهادار لە ژیانیدا بوونیان هەیە، کە لێرەدا دەکرێت بەوردی هەڵوێستە لەسەر چەند لایەنێکی ژیان و تیۆر و شاکارەکانی بکەین.

پۆڵ ریکۆر، فەیلەسوفێکی بەناوبانگ و شارەزای کایەی دیاردەگەرایی و هێرمۆنتیک یان تەئویلە. ناوبراو لە 27ی مانگی دووی 1913 دێتە دونیاوە و لە 20ی مانگی پێنجی 2005 ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. پێ و پێناوی فەلسەفەی پۆل ریکۆر لەهەمان رەوگەو رێبازی فەیلەسوف و بیرمەندە رەخنەگرەکانی وەک هایدگەر (1889 – 1976) و هانس غیورغ (1900 – 2002) دا بوون و بونیادی هزری خۆی دەرخست. بەگشتی وردبوونەوە

و وێناکردنی کارەکانی پۆڵ ریکۆر خۆی دەبینییەوە لە تێگەیشتنی واتاکان، زەینییەت، بابەتی بوون و پیشاندانی بایەخی خەیاڵ، هەموو ئەمانەش لە نەزمی ئەدەب و مێژوودا خۆی نیشاندەدات.

ئەوەی زیاتر ناساندی و نێوبانگی پێدا بریتیبوو لەوەی کە توانی لە زەمینەکانی شرۆڤەی ئەئویل، شوناس و پێناسەی دیاردەگەرایدا پێکەوەکاربکات و کۆیانبکاتەوە.

بەگوێرەی نوسینەکانی (وی) پێویستە نوسین بوارمان بۆ بکاتەوە، کە ئاشنای نیاز و نوارینی راستییە شاراوەکان بین و ئاوەزمان بۆی بکرێتەوە. ریکۆر لەپشت فەلسەفەیەکی لەبارو سازاوەوە سروشتگەلێکی هێنایەگۆڕێ و دۆزییەوە، هاوکات خواستی دیالۆگی بەردەوام و نەپساوەی لە تەواوی کارەکانیدا و لەهەمبەر هەردوو زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبوو. هاوکات ناوبراو تا ئاستێکی باڵا پەیوەستبوو، یان بایەخی دەدا بە بونگەرایانی کریستیانو لاهوتە پرۆتستانتەکانەوە. ئەو بە باوکی فەیلەسوفی بەنێوبانگی بونیادشکێنی، یان فەیلەسوفی لێکجیاکردنەوەی جاک درێدا دێتە ئەژمار، وەک قوتابییەکی ریکۆر بایەخی شوێنی خۆی گرتووە.

ریکۆر لە 27ی مانگی دووی 1913 لە ڤالنسیای باشووری فەرەنسا هاتووەتە دونیاوە، کوڕی مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی بوو، کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا کوژرابوو. دایکیشی هەر لەتەمەنی لاوییەتییەوە لەدەستدا، ئیدی بەتەواوی بێ نەوا کەوت و وەک هەتیوێک داپیرە و باپیرە لەخواترسە پرۆتستانەکانی بردیانە لای خۆیان. یەکەم ئاشنایەتی ریکۆر بە دونیای فەلسەفە کاتێک بوو، کە خرایە بەرخوێندن و لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی شارێکی پیشەسازی کەناری رایندا لەباکوری رۆژئاوای کیشوەری فەڕەنسادا خۆی بینییەوە. ئەو هەر لەو شارەدابوو کاتێک، کە باوکیشی ماڵئاوایی لێکرد

به بێ نەوایی بەجێیهێشت. ناوبراو لەو ماوەیەدا توانی شان بەشانی رۆڵاند (1893 – 1976) فەلسەفە بخوێنێت و پێکەوە رۆڵێکی مەزنیان گێڕا، کە ئایدیا و ئاوەزی فرۆید بگوازنەوە بۆ نێو کیشوەری فەڕەنسا.

ریکۆر بەردەوام بوو لە خوێندنی فەلسەفەداو توانی لە زانکۆی راینی فەڕەنساو لە تەمەنی بیست ساڵیدا ببێتە خاوەنی بڕوانامەی زانستی لە فەلسەفەدا. دواتر توانی لە ساڵی 1935 دا شوێنی دووەم لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی پلەی شارەزایی و چوونە نێو خوێندنی دکتۆرا داگیربکات. ئەو هەڵسەنگاندنە لە زانکۆکانی فەڕەنسا پێوەرێکی باڵابوو بۆ کاندیدکردنی خوێندکارانی لێهاتوو. ریکۆر بەمجۆرە و لە سییەکانی سەدەی رابردوودا لەتەک گابرێل مارسیل (1889 – 1973)دا بەردەوام بوو لە راهێنان و بارهاتنی فەلسەفە لە شارێکی وەک پاریسدا.

ناوبراو توانی نومایانی فەلسەفەی ئەدمۆن هوسرێل (1859 – 1938) لەکایەی دیاردەگەرایدا بکات، هاوکات لە زمانی ئینگلیزیدا توانی بوارەکانی ئەوان لەسەر دیاردەگەرایی خاوێن و فەلسەفەی دیاردەگەرایی ئاشتبکاتەوە بە دونیای نوسین و زیندوو رایانبگرێت.

ریکۆر توانایەکی لەرادەبەدەری خۆی تەرخانکرد لەبواری بیرکردنەوەی رەخنەیی خۆی لە شیکردنەوەی بابەتی یان پەرتوکی (بە ناونیشانی کەسێکی تر لە خۆتدا)، کە بۆ یەکەمجار لە فەڕەنسادا ساڵی 1990 بڵاوکرایەوە.

هەروەها کارێکی تری کە وابەستەیە بە کاتەوە بەناوی (هەروەک لە زەمەنو گێڕانەوەدا) هەیە ساڵی 1983 لە فەڕەنسادا بڵاوکرایەوە. هاوکات ناوبراو شان بەشانی ئەو مەیدانانە توانی لە نوسینەکانی، کایەکانی وەک دیالۆگی بەردەوام و شیکاری دەرونی پشتگوێنەخات، جەختی تەواویان لەبەرامبەر بکاتەوە هاوکات زمانەوانی و بونیادگەرایی بەتەواوی سەرنجی

نوسینەکانی ئەوبوون. ئەوە جگە لە تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کە شوێنێکی بەرینیان لە نوسینەکانی ریکۆر داگیرکردبوو. دیارترین نوسینی لەم بوارەشدا بریتی بوو لە: ئایدیۆلۆژیا و یوتۆپیا، ئەم پەرتوکە مەزنە ساڵی 1997 بەزمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە.. هاوکات ریکۆر ئاوڕی جدی لە کتێبی پیرۆز داوەتەوە و لەو کایەشدا چەندین لێکۆڵینەوەی هەیە، بەتایبەتی لیکۆڵینەوەکانی لە بواری تەئویلدا، ئەم کارانەی ریکۆر لەسەر ئاستی تەکنیکی و بەنەزمی قسەکردن بریتییە: لە شیکار و تەئویلێکی رەخنەیی لە مەتنەکانی کتێبی پیرۆزو ئاستێکی ئێجگار دیارو باڵایان هەیە. بۆنموونە نوسینەکانی: بیرکردنەوەی کتێبی پیرۆز (ئینجیل)، شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی تەئویلیی، کە لەتەک ئەندرییەدا بەشداربوو لە نوسینیدا. هاوکات موحازەرەکانی وەک لە بەرەکانی فەلسەفەدا کە بۆ یەکەمجار بە زمانی فەرەنسی لەساڵەکانی 1994 و 1998 بڵاو بوونەتەوە.

لەپاش جەنگ ریکۆر بۆ ماوەی سێ ساڵ توانی وانە بڵێتەوە، وانە وتنەوەکەی لە قوتابخانەیەکی ناوەندی بوو، کە پرۆتستانەکان دایانمەزراندبوو. لەو قوتابخانەیەدا نەریتێکی هەبوو، کە لە بەرامبەر هەموو فۆرمەکانی سیستەمی سەرکوت و بندەستکردن هەڵوێستی وەردەگرت و دژی توندوتیژی و بەها نەشیاوەکانی ماف و رێزی لە جیاوازی و کۆمەڵگە جیاوازەکان دەگرت. هەر لەوێدا موناقەشاتی سیاسی و دیالۆگ بەشێوەیەکی فرە ئامەزرۆیی و پەرۆشییەوە هاندەدراو رێگەی بۆ کرابوویەوە. ریکۆر لەساڵی 1995 دا بەشێوەیەکی زۆر نێرو تەسەل توانی بەشێکی تەواو لە ژیان و بیۆگرافیای خۆی بنوسێت و بڵاوی بکاتەوە. ریکۆر لە نوسینەکانیدا وێنای گێڕانەوەیەکی خستبووە بەرچاو لە بەرامبەر کەسێکی ناتوندوتیژ و بەراوردی رەوشی درۆ و پڕ بە بوختان و توندوتیژیی جەنگی جیهانی یەکەمی کردبوو. دیارە لێرەدا دەیەوێت بەسەرنجەوە ماهییەتی فرەیی و

ئازادی و ڕەوشی ئارامی مرۆڤایەتی بەهەند وەربگرێت، لەچوارچێوەیەکی ئەدەبیدا مانابدات بە هزرێکی فەلسەفیانە کە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.

لە ڕاستیدا ریکۆر توانی لەساڵی 1950 لە کایەی فەلسەفەی ئیرادەدا تێزەکەی خۆی تـەواو بکات، کە لەسەر ئیرادە بـوو. یەکێک بوو لەو کەسانەی، کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی برەوی بەهەر پرسێک دەدا، کە لە کایەی فەلسەفەدا خواستبێتی شوێنێک لە دنیای فەلسەفەدا بگرێت. لە یەکەم کاری ریکۆردا دوو پرۆجێکت بوونیان هەیە لەوانە: بڵاوکردنەوەی پیاوی نا پاکیزە، ئەم فەلسەفەیەی بەتەواوی لە پسپۆری خۆیدا بەنێوی فەلسەفەی ئیرادە پیشانداوە، سەرنجگەلێکی بەهاداری لەسەر خواست و ئیرادە و توخمی تاوانکاری لە ناخی مرۆڤدا پیشانداوە. پڕۆژەی دوەمیشی بریتییە لە کارگەلێک کە بوونی خۆی لە ڕێو شوێنەکانی چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕ خۆیان دەبیننەوە. کە دیسانەوەیش ئەویش سەردەکێشێتەوە بۆ فەلسەفەی ئیرادە و خواستی مرۆڤ.

یەکێکی تر لە شاکارەکانی ریکۆر بریتی بوو لە هەوڵێک، کە خۆی لە دیاردەگەراییەکی پوختدا دەبینییەوە، کە کاری لەسەرکرابوو بۆ زەمینەی تەئویلو شرۆڤەو ئەو کارانەیشی لەساڵی 1960دا درێژەی پێدرابوو.

لە ڕاستیدا تەئویل وەک میتۆدێکی ئاڵۆز، ڕاڤە و شرۆڤە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی دۆزەکان، بەردەوام پرسەکان دێنەگوتن و بەربەستیان لەبەردەمدا قوتدەکرێنەوە. هاوکات پۆڵ ریکۆر بریتییە لە پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە، ئەوەیش بەتەواوی لە نوسینەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. چیرۆک و گێڕانەوە لە بڕوای ریکۆردا هەڵگری بونیادێکی بنبەست نییە، بەڵکو لە ئەزموونکردنو پرۆسێسەکردنەوە بەرجەستەدەبن. هەر لەوێشەوە گریمانەی بنەڕەتی و بنچینەیی نێوان کردەی گێڕانەوەی چیرۆک و نێوان سروشتی کاتی ئەزموونکردنی مرۆڤایەتی خۆی لە

شێوەیەکی  ڕۆشنبیری ئاڵوگۆڕئامێزدا دەبینێنەوە، بەوشێوەیەش لەلای ریکۆر زەمەن و کات، واتە زەمەنی مرۆیی شێوەیەکی گێڕانەوە ئامێز فۆرمەلە دەکات، کەواتە گێڕانەوە بەهەموو ماناکانییەوە مەرجی وجودی زەمەنی لەخۆدەگرێت. هەر لەرێگەی ئەو وێناکردنەی گێڕانەوە، یان چیرۆکیش یان حیکایەتێکی داڕێژراوەوە خودی مرۆڤایەتی پێگەیەکی سێنتریالیانە لە کردەی گێڕانەوەدا بەدەستدەهێنێت، واتە بەومانایەی ڕەنکردنەوە، یان دانەدوواوەی خود دانە دوواوەی خودی گێڕانەوەیشی لێدەکەوێتەوە، کەواتە پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە دەکەوێتە دووتوێی ئەو ماوە شاراوەی، کە لەنێوان خود و دنیای دەرەوەدا بوونی هەیە. کاتێک چاوێک ڕووداوێک دەبینێت، یاخود ئاشنای دەبێت، دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو ڕووداوە تا چاوە بێ ئاگاو نەدیدەکانی دیکەی لێ بە ئاگا و وشیار بێنێتەوە، ئەوەیش واتە ئاشنابوونی خود لەگەڵ دونیای شتەکان و دیاردەکان لەرێگەی پرۆسیسی ماناو خەڵقکردنی مانا لەرێگەی دەلالەتەکانی ئەو دیاردانە و بردنیان بۆ کایەی ئاگایی خودیی و تاک، پاشان ئاگایی هەمەلایەنەوە. بەبڕوای پۆل ریکۆر هەر لەرێگەی ئەو چالاکییەیشەوە خودگەرایی بەرجەستە دەبێت و ئەزموون دەکرێت و خود گێڕەرەوە لە میانی زەمەنی گێڕانەوەدا دەدۆزرێتەوە. بەمجۆرە چیرۆک یان گێڕانەوە چەسپاندنی بوونە لە دنیای شتەکاندا و هەرلەرێگەی دەنگ و زەمەنیشەوە جەخت لە شوناس و ناسنامەی خۆی دەکاتەوە. بەمانایەکی دیکەی ریکۆر خود لەرێگەی گێڕانەوەوە هەوڵدەدات دژی فەنابوون و نەبوون بێتەوە. دیارە ئەو هەوڵەیش لەلایەکەوە بە ئەسڵکردنی ناسنامەی لێدەکەوێتەوە لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی لە گێڕانەوەدا ناسنامە شیدەبێتەوە و لەمیانی گێرانەوەکاندا بڵاودەبێتەوە، بۆیە ناتەباییەک لەنێوان ناسنامە و گێڕانەوەدا دێتەپێشێ، واتە بوون و ئامادەگی یەکێکیان، نکوڵیکردن و سڕینەوەی ئەویدیکە لە هەگبەیدایە. ئەو ئاوێتەبوون و دابڕانە لای ریکۆر لەسەر ئاوێتەبوونی دابڕانی مێژوو و خەیاڵ بونیاد نراوە و

وێستگەی بۆ چاککراوە. لە راستیدا بۆ چەمکی هەنوکەیی و قەرزاری رابردوو دەگەڕێنەوە. ئەگەر بیرۆکەی ئێمە قەرزاری مێژوو و رابردووین بکەوێنە بەر ئانەو رەخنەی جان فرانسۆ لیوئار بەوەی، کە خەڵک ئەوینی بۆ گێڕانەوە مەزنەکان نەماوە، ئەوە بیریی هەنوکەیی کە لەلای هایدگەر لەسەر تێگەیشتنی خود بونیاد نراوە، بەڵام لای ریکۆر بەرەو هەمەلایەنی و دەستە جەمعی بوون دەبردرێت، هەروەک چۆن لە زۆربەی زۆری کارەکانیدا لەپرسیاری کۆسمۆلۆژی قەدیس ئۆگستینەوە رووەو بڕیارو پرسی خودی یان دیاردەگەرایی ملدەنێت و شۆڕدەبێتەوە. لەلای ریکۆر ئەگەر خولقاندنی چیرۆک، یان گێڕانەوە لەرووی زەمەنییەوە فۆرمەلەکردنی وێنە لە ئامێزگیراوەکانی یەک لەدوای یەکی مرۆڤ بێت لە رۆژگاردا، ئەوا لەسەر ئەو بنەمایە چەند ئەگەرێک هەن. یەکەم، ئاوێتەکردنی رووداوە لەیەک دوورەکان و چیرۆکە جیاوازەکان دەربڕی ئەو ناوەندە، یان گرێچنەیە، کە دوواجار یەکڕەنگی چیرۆک و گێڕانەوەی لێدەکەوێتەوە، دووەم، لە رێگەی بەیەکەم دانانی رووداوێک و هاوگونجاندنێکی نێوان بەیەکدژەکانی لەپێناو بەرجەستەکردنی رروداوی بەیەکمدانراو، جۆری دووەمە لە پلۆت بەرجەستەدەبێت. جۆری سێیەم، لەرێگەی کێبڕکێی رووداوە بەردەوامەکانەوە دەشێت فۆرمەلەکردنێکی وێنەیی بسازێنین. هەڵبەتە کۆی ئەو سێ جۆرە جیاوازەی چنینی چیرۆک لەلای ریکۆر، بەبێ خەیاڵی داهێنەرانە کورت دێنێت و تەواو نییە، ئەگەرچی ئەوە روونە، کە لە پشت کاری خەیاڵیشدا قەرزاربوونی مێژوو و رابردوو یاخۆ بەواتایەکی تر مۆدیلە یەک لەدوایەک و بەردەوامەکانی کەلەپور و فەرهەنگی مرۆڤایەتی و مرۆڤ ئامادەیی تەواوی هەیە. بۆنموونە مۆدیلی مەکسیم گۆرکی، کافکا و مارکیز. لێرەوە ئەوە رووندەبێتەوە کە لە کۆی هەوڵەکانی ریکۆردا خەیاڵ وەک ناوبژیوانێک رۆڵ دەبینێت، بەمانایەکی تر ریکۆر واتای گێڕانەوە، یاخود دەلالەتی گێڕانەوە لە کارلێکی نێوان دنیای دەقو دونیای خوێنەردا دەبینێت

و تەواو هەستی پێدەكات، كەوابوو بەبێ خوێنەر دەق ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەلمێنێت، وەک تەواوی دەق و تێكستەكان لەرێگەی خوێندنەوەوە بەخاوەن دەكرێن و دنیای نـاوەوەی خۆیان بڵاودەكەنەوە ئەو دونیایەی، كە لە كەسایەتییەكان و رووداوە گێڕراوەكانەوە بونیادنراون. دنیای دەق كردەیەكە بەردەوام ئاسۆی جیاواز بۆ ئەزموونە شیاوەكان دەكاتەوە. لەلای ریكۆر دنیایەكە، كە بێگومان دەبێت هەموو خوێنەرێک بە جیاوازی ئاست و پلە و بیروباوەڕ، خۆیانیان تێیدا بدۆزنەوە. بەو مانایەش دەق بەسەر خۆیدا داخراو نییە، بەڵكو پڕۆژەیەكی گەردوونی نوێ و جیاوازە لەو گەردوونەی كە تێیدا دەژین. كەواتە خوێنەر سەر بە ئاسۆی ئەزموونی كارە لە خەیاڵدا ئەگەر دەق ئاسۆی پێشبینیكردن بێت، ئەوا خوێنەر ئاسۆی ئەزموون و پراكتیكە لەو مەیدانەدا.

بـەردەوام ئەم ئاسۆیانەیش یەكتر تەواو دەكەن و لەنێو یەكتریدا دەتوێنەوە، كەواتە لەلای ریكۆر دەق پەیوەندی بە مرۆڤ و دونیاوە هەیە، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و خودی، یەكەم پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دونیا بەسەرچاوە دادەنرێت، پاشان پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بە پەیوەندیكردن و بەیەكەوە بەستراو دادەنرێت، دواتریش پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودی خۆی بەتێگەیشتنی خودەوە بەندە. لای ریكۆر پلۆتی، چیرۆک لەسەر كاری هاوبەشی دەق و چیرۆک دادەمەزرێت و دواجار ئەوە كردەی خوێندنەوەیە، كە كاری ئەدەبی تەواو دەكات و خوێندنەوەیش بۆخۆی رێگەیەكە لە ژیانكردن. ژیانكردن لە دنیای خەیاڵدا وەک چۆن خەیاڵیش ئەوكاتە تەواو دەبێت، كە دێنە نێو دنیای ژیانەوە. ژیانیش لە چیرۆكدا نەبێت هەزم ناكرێت.

1– https://www.bu.edu/wcp/Papers/Soci/SociTu

2– https://www.sunypress.edu/pdf/6169گ.pdf

# پۆڵ ریکۆر دەربارەی خود وەک ئەویتر

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

کتێبی (خود وەک ئەویتر– Oneself as Another )ی پۆڵ ریکۆر لە ساڵی 1992دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەر ناوەڕۆکی وانەکانی گیفۆرد (Giffords Lectures) نووسراوە، کە ریکۆر لە زانکۆی ئێدنبێرگ لەساڵی 1986 پێشکەشی کرد بە ناونیشانی (دەربارەی خودبوون: پرسی ناسنامەی کەسی– On Selfhood: The Question of Personal Identity). محازەرەکان بریتین لە شیکردنەوەی ناسنامەی کەسی و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ناسنامە و خودبوون.

بەبۆچوونی ریکۆر، خوودبوون مانای ئەویتر دەگەیەنێت بەڕادەیەک خوودبوون و ئەویتر ناتوانرێت لێکجیابکرێنەوە.خود لەگەڵ خۆی مانای پەیوەندی لێکچوون(=هەمانشت) لەگەڵ ئەویتردا دەگەیەنێت. ئەم جەدەلە دەربارەی خود و ئەویتر ،پێچەوانەی فەلسەفەی بیرکردنەوەی دیکارتە کاتێک دەڵێت» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، کە باسی بابەتی تاکەکەس (من یان خۆم) دەکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەویتر، کەواتە هێرمێنیۆتیکس (= تەفسیری) خود جیاواز دەبێت لە فەلسەفەی بیرکردنەوە.

شرۆڤەکان دەربارەی خود، دەمانگەیەننە جۆرێک لە دڵنیایی، کە جیاوازی هەیە لەو دڵنیاییەی لەڕێگەی فەلسەفەی بیرکردنەوەوە پێیدەگەین. هێرمێنیۆتیکیش دەربارەی خود، دەمانگەیەنێتە سەر (باوەڕ)ی راستی و دڵنیایی، لەکاتێکدا کۆگیتۆ(=فەلسەفەی بیرکردنەوە) دەربارەی خود، بریتییە لە (زانیاری) دەربارەی راستی و دڵنیایی. لێرەدا، ریکۆر روونی دەکاتەوە

که ئەمجۆرە باوەڕە هیچی کەمترنیە لە بوونی زانیاری دەربارەی راستی و دڵنیایی، لەبەرئەوەی ئەم باوەڕە شایەنیدان و دڵنیاکردنەوەیە لەلایەن خودی تاکەکەسەوە، کە باوەڕی بەڕاستی یان رەوایەتی شتێک هەیە.

ناسنامەی کەسی لەوانەیە وەک هەریەک لە (لێکچوون) یان ( خودبوون) سەیربکرێت. بۆ ئەوەی هاوتەریب بیت لەگەڵ کەسێک، لە کواڵێتی، یان تایبەتمەندێتیدا، دەبێت هەمان کواڵێتی و تایبەتمەندێتی ئەو کەسەت هەبێت. بۆ ئەوەی هاوتەریب بیت لەگەڵ شتێک، لە کواڵێتی یان تایبەتمەندێتیدا، دەبێت هەمان کواڵێتی و تایبەتمەندێتی ئەو شتەت هەبێت. شوناس (=ناسنامە) دەکرێت لێی بڕوانرێت وەک دۆخێکی لێکچوون لە کەسێک یان شتێک، یاخود وەک دۆخی کەسێک بوون، یان شتێک بوون، نەوەک حاڵەتی بوون بە ئەویتر.

ئەگەر کەسێک یان شتێک هەمان شت نەبێت لەگەڵ کەسێکی تر یان شتێکی تر، ئەوە مانای ئەوەیە کە هەریەک لە ئەوان ناسنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە، لێرەدا خوودبوون مانای ناسنامەیەک دەگەیەنێت، کە مەبەست لێی یەک کەس یان یەک شتە، نەوەک مانای ئەویتر بگەیەنێت.

پۆڵ ریکۆر روونی دەکاتەوە، کە لێکچوون تەنها مانای خودبوون ناگەیەنێت. لێکچوون لەوانەیە مەبەست لێی ناسنامەی ژمارەیی بێت (Numerical identity) وەک یەکبوون یان یەکێتی ( کە پێچەوانەی فرەییە)، هەروەها لێکچوون لەوانەیە مەبەست لێی ناسنامەی چۆنێتی بێت (Qualitative identity ) وەک هاوشێوەبوون. لەوانەشە لێکچوون مانای نەپچڕانی بەردەوامێتی یان کەمی جیاوازی و هەمەڕەنگی بگەیەنێت.

بەپێچەوانەشەوە خودبوون، مەبەست لێی ناسنامەی خودی تاکەکەس دەگەیەنێت، کە لە شوناسی کەسێکی تر ناچێت، هەروەها خودبوون لەوانەیە مەبەست لێی ناسنامەی کەسێک بێت، نەوەک ئەویتر، بەڵام رێی تێدەچێت

خودبوون، مەبەست لێی کەسێک بێت وەک ئەویتر. خود وەک ئەویتر لەوانەیە فۆڕمێک بێت لە ئاکایەتی نەوەک لێکچوون. لێکچوونی خود وەک ئەویتر پەیوەندییەکی نادیاری هەیە لەگەڵ چەمکی ئاکایەتیدا.

بەبۆچوونی ریکۆر، ناسنامەی نارەیتیڤ (=گێڕانەوەیی) ئاییەتمەندی لێکچوون و ئاکایەتی لەخۆدەگرێت. ناسنامەی ئاکەکەس، یان کەسێتی ناو نارەیتیڤ بریتییە لە شوناسی گێڕاوە. کەسێتی لەجۆری ناسنامەی نارەیتیڤدا ئاکە کەسێکە کە لەوانەیە دووبارە پێناسە بکرێتەوە وەک بوونێکی لێکچوو، بەڵام لەهەمانکاتدا ناسنامەی نارەیتیڤ جۆرێک لە ئاکایەتی دەردەخات.

ناسنامەی نارەیتیڤ، پێناسەی کاراکتەر یان ئاکەکەس دەکات وەک وەکیل (=نوێنەر)ی کردار. رۆڵی نوێنەر بەپێی تیۆری کردار، بریتیە لە (توانا) ی نوێنەر بۆ هەڵوێست وەرگرتن، لەکاتێکدا بە گوێرەی تیۆری مۆراڵ رۆڵی نوێنەر بریتییە لە (ناچارکردن)ی نوێنەر بۆ هەڵوێست وەرگرتن. لێرەدا، تیۆری نارەیتیڤ نێوەندگیری دەکات لە نێوان تیۆری کردار و تیۆری مۆراڵ بەمانای نێوەندگیری کردن لە نێوان کردارەکانی ئاکەکەس و ئەخلاقی ئاکەکەسدا.

ریکۆر پێیوایە، نارەیشن (=گێڕانەوە) بریتیە لە فۆڕمێکی گۆڕان لە نێوان وەسفکردن (باسکردن) و رەچەتە(راپۆرت)دا. وەسفکردن بریتییە لە باسکردنی شتێک، بەڵام رەچەتە بریتییە لە ئاڕاستەکردن و بڕیاردان دەربارەی شتێک.تیۆری نارەیتیڤ، تیۆرێکە لەخۆی دەگرێت، هەڵسەنگاندنی هەریەک لە: گرێ، کردار، کارەکتەر، ناوەڕۆک، میتۆد.

رەچەتەکردنی شتێک بەوەی باشە، یان خراپە، جیاوازی هەیە لەگەڵ وەسفکردنی شتەکە. رەچەتەکردن مانای ئەوەیە پێویستە چی بکرێت، بەڵام وەسفکردن مانای ئەوەیە کە ئەو شتە چییە. لێکچوون و جیاوازی لە نێوان رەچەتە و وەسفکردندا ئاشکرا دەبێت لە رێی لێکچوون و جیاوازی نێوان بڕیاردان لەسەر بەها و بڕیاردان لەسەر راستەقینە (Fact).

هەروەها پۆڵ ریکۆر جیاوازی دەکات لە نێوان مۆراڵ و ئەخلاقدا. باس لەوە دەکـات ، ئەخلاق ئامانجێکە بۆ ئاڕاستەکردنی تاکەکەس، لەکاتێکدا مۆراڵیتی بریتییە لە دەربڕینی ئەو ئامانجە لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا (= پێوەری کۆمەڵایەتی)،کەواتە مۆراڵیتی سنووردارترە لە ئەخلاق. زیاتر لەوەش، پۆڵ ریکۆر باس لەوە دەکات خودقەدرگرتن (self–esteem) ،کە لە ئامانجێکی ئەخلاقیەوە سەرچاوەی گرتووە، گرنگترە بۆ گەشەپێدانی خودبوون (تاکایەتی) وەک لە رێزی خۆگرتن (self–respect)، کە ئەمیان دەرئەنجامی ئیلتیزام و گونجانە لەگەڵ کۆمەڵگە.

ئامانجە ئەخلاقیەکانی تاکەکەس دەبێت ملکەچی نۆرمە مۆراڵیەکان بن، بەڵام رێزگرتن لە نۆرمەکان مانای تەواوەتی خۆیان دەگەیەنن، ئەوکاتەی لەسەر بناغەی رێزگرتن لە ئەوانیتر دامەزرابێت. هەربۆیە رێزی خۆگرتن لەرێی گوێڕایەڵیکردنی نۆرمەکانی مۆراڵەوە بەدەست دێت و دەبێت بە رێزگرتن لەخۆ وەک ئەوانیتر. ئەمە فۆڕمێک نییە لەنەفسگەری، بەڵکو هاوسۆزی و گرنگیدانە بە ئەوانیتر. بەتەنگەوەهاتن بریتییە لەو زاراوەیەی پۆڵ ریکۆر بەکاری دەهێنێت بۆ ئەو هاوسۆزی و گرنگیدانە بە ئەوانیتر.

بەرپرسیارێتی بریتیە لە حاڵەتی وڵامدانەوەی کردار و رووداوەکان کە دەکەونە ناو کۆنترۆڵی توانای تاکەکەسەوە. بەرپرسیارێتی دەکرێت قبوڵبکرێت لەلایەن کەسێکەوە لەرێی پێشبینیکردن و سەیرکردنی رابردووەوە، هەروەها دەکرێت کەسێک بەرپرسیارێتی قبوڵبکات بۆ کردارێکی بەردەوام یاخود دۆخی ئێستا.

ریکۆر روونیدەکاتەوە، کە جەدەلیەتی خودبوون و لێکچوون وەک ئەرکی بەرپرسیارێتی لێی دەڕوانرێت، چونکە ئەو کەسەی بەرپرسیارە بەرامبەر کردارێک، یان بارودۆخێک پێویستە هەمان کەس بێت کە نوێنەرایەتی کردار، یان بارودۆخ دەدرێتە پاڵی. ناسنامەی مۆراڵی تاکەکەسیش پێناسە دەکرێت

لەرێی هەمان دیالێکتیک، وەک ناسنامەی نارەیتیڤی خود.

بەگوێرەی پۆل ریکۆر، هەنگاونان لە (هاوشێوەیی بوون)ەوە بەرەو (ئەویتر)، بەشێوەیەکی دیالێکتی تەواوکەری هەنگاونانە لە ئەویترەوە بەرەو هاوشێوەبوون. هەریەکێک لەم دوو شێوازە رەهەندی مەعریفی و ئەخلاقیان هەیە. بۆ خودی تاکەکەس، هاوشێوەبوون و ئەویتربوون دیاریدەکرێت وەک نوێنەری بەرپرسیارێتی و جەدەلیەتی هەریەکێکیشیان بەرپرسیارێتی خود دیاریدەکات، کەلەوانەیە ببێتە پێناسەی تاکایەتی.

تێگەیشتنی (خود وەک ئەویتر)ی پۆڵ ریکۆر روونکەرەوەی مانای ناسنامەی کەسیە. ریکۆر باس لەوە دەکات چۆن خودبوون پەیوەندی بە ئەوانیترەوە هەیە و چۆن ئەوانیتر هەڵگری مانای خودبوون دەگەیەنێت، هەروەها ریکۆر باس لەوەش دەکات چۆن خودبوون و ئەوانیتر گرێدراون بە شوناسی ئەخلاقیەوە.

گفتوگۆی نێوان خود و ئەویتر دەمانگەیەنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە (خود) تەنها مانای (خود) ناگەیەنێت، بەڵکو زیاتر لەمانای خۆی هەڵدەگرێت. ئەم جەدەلیەتە ئەو مانایەش کەشف دەکات کە نەک تەنها (خود و ناخود)، دەگەیەنن بەڵکو خود ماناکانی: خود وەک ئەویتر، خود وەک ئەویترنا، ئەویتر وەک خود نا، ئەویتر وەک خود. ئەم دیالێکتی نێوان خود و ئەویتر بەشێوەیەکی زیندوو لە گۆڕاندایە.

بەدەستهێنانی دەرئەنجامی زیاتر لە گۆشەنیگای پۆڵ ریکۆر گرنگە بۆ پێناسەکردنی مانای بەرپرسیارێتی. باوەڕبوون بە خودبوون بڕوابوونە بە تاکەکەسی، هەروەها باوەڕبوون بەتاکەکەس وەک ئەویتر بڕوابوونە بەئەوانیتر. ئەو باوەڕە بریتیە لە قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی لەلایەن خود و ئەوانیترەوە. خود لەوانەیە لەلایەن ئەوانیترەوە داوای لێبکرێت بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتیەک یان بەپێچەوانەوە. یان لەوانەیە خود داوا لەخۆی بکات

بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت، بەهەمانشێوەش ئەوانیتر داوا لەخۆیان بکەن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن. هەروەها لەوانەیە ئارگومێنتی ئەوە بکرێت، کە بینین خود وەک ئەویتر پەیوەندی هەیە بەبینینی ئەویتر وەک خۆی. بۆ بینینی ئەویتر وەک خود، لەسەر خود پێویستە خۆی تێپەڕێنێت. ئەگەر ئەوانیتر وەک خۆمان ببینین، ئەوکاتە لەگەڵیاندا هاوخەم دەبین، ئازارەکانی ئەوان دەبێتە ئازارەکانی ئێمە، خۆشیەکانی ئەوان دەبێتە خۆشیەکانی ئێمە، برەودان بەخۆشگوزەرانی ئەوانیتر بریتی دەبێت لە برەودان بەخۆشگوزەرانی خۆمان. کەواتە بینینی ئەویتر وەک خود گرنگە بە ئەندازەی بینینی خود وەک ئەویتر.

### فەلسەفەی پۆڵ ریکۆر

بەشێوەیەکی گشتی ئایدیا و بۆچوونەکانی پۆڵ ریکۆر پەیوەندیان بەزۆر مانیفێستی فەلسەفی جیاوازەوە هەیە لەسەدەی بیستدا. توانای ناوبراو لە دروستکردنی دایەلۆگی پڕبەرهەم لەگەڵ زۆربەی نووسەرانی سەردەمی خۆیدا وامان لێدەکات نەتوانین ناوبراو بخەینە ناو رێباز و قوتابخانەیەکی فەلسەفی دیاریکراو. هەربۆیە تێگەیشتنی جیاوازی نووسەران بۆ کارەکانی ریکۆر بوونەتە هۆی ئەوەی زۆر خوێندنەوەی جیاواز دروست ببن.

سـەرەڕای ئـەوەش پۆڵ ریکۆر بەشێوەیەک پێناسەی بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی دەکات کە بریتییە لە (سیستماتیزەی شکاو)، بەو مانایەی پارچەپارچەیی لەگەڵ سیستماتیک بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە. ئەو لە وەڵامی رەخنەگراندا دەربارەی کارەکانی دەڵێت: «... من هیچکام لەو تێگەیشتنانە بۆ کارەکانم رەتناکەمەوە، بەڵام من جەختدەکەمەوە لەوەی کارەکانم رێبازی پارچە پارچەیی (=بەش بەش) یان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتەکان. هەرکتێبێکم بریتییە لەوەڵامدانەوەی پرسێک لە دیمەنێکی زۆر دیاریکراودا

و کتێبی دواتریشم له پرسیارێکەوە دەست پێدەکات کە لەکتێبی پێشووتردا چارەسەر نەکراوە...»

لەگەڵ ئەو راستیانەی سەرەوەشدا، دەتوانرێت یەکێتی بابەت لەناو کارەکانی پۆڵ ریکۆردا هەست پێ بکرێت، ئەویش لە رێی پۆلێنکردنی بیر و بۆچوونەکانی ناوبراو بۆ هەندێک بابەت و ناوەڕۆک کە بەلای ئەوەوە جێگای گرنگی پێدان بوون لەهەر قۆناغ و کاتێکی دیاریکراودا.

قۆناغەکانی گەشتنامەی فەلسەفەی پۆڵ ریکۆر

دوای مردنی پۆڵ ریکۆر لە ئاياری 2005، ئێستا دوای سەیرکردنی تـەواوی کارەکانی ناوبراو هەست بە ئەوە دەکەین کە پۆڵ ریکۆر چ بەشدارییەکی کاریگەری هەبووە لەفەلسەفەی هاوچەرخدا. هەربۆیە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە ریکۆر خاوەنی گەشتنامەیەکی فەلسەفی دوورودرێژە. بە تێڕوانین لە کار و بابەتە سەرەکیەکان، دەتوانین هزری پۆڵ ریکۆر، بۆ 4 قۆناغی دیاریکراو پۆلێن بکەین:

1- قۆناغی خوێندن و کارگەرییەکان  لە ماوەی ساڵانی 1950دا.

2-قۆناغی دیاردەگەرایی لەماوەی ساڵانی 1950-1960.

3- قۆناغی هێرمێنیۆتیکس (= تەفسیری) ماوەی ساڵانی 1960-1990.

4- قۆناغی فەلسەفەی پراکتیکی ماوەی ساڵانی -1990 2005.

لە ناو ئەو قۆناغانەدا، قۆناغی سێیەم (هێرمێنیۆتیکس = تەفسیری) لە هەموویان درێژترە هەم لـەرووی ژمـارەی ساڵەکان و هەم لەرووی بڵاوکراوەکاندا.

**سەرچاوەکان:**

1. Paul Ricoeurs Oneself as Another. Alex Scott (2002)

2. Paul Ricoeur and the Philosophy in the Twentieth Century. Danny J. Anderson

# بەرپرسیارێتی فەلسەفە لە جیهانی ئەمڕۆدا
# هەڵبژاردەیەک لە گفتوگۆی رامین جەهانبەگلو لەگەڵ پۆل ریکۆردا

لەفارسییەوە: ڕەند

*باسوخواسی فەلسەفەی ئەخلاق، رۆڵێکی مەزن لە هزرەکانی تۆدا دەبینێت , خولیات بۆ ئەو باسوخواسە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێنەوە؟ ئایا دەبێت ئەو پرسیارە بخەینە ریزی پرسیارەکانت لەبارەی مەسەلەی فەلسەفی (ئیرادە)؟.

-خولیام بۆ باسی فەلسەفەی ئەخلاق دەگەڕێنەوە بۆ مێژوویەکی دوور. لە راستیدا دەستپێکی ئەو خولیایەم، بۆ بیرکردنەوەکانم دەربارەی چەمکی (گوناه) دەگەڕێنەوە کە وردە وردە وازیشم لێهێنا، بەڵام لە سەرەتادا مەسەلەی فەلسەفیی (ئیرادەی خراپ)، لە دۆخە کامڵەکەیدا گەڕانە بەدوای کۆمەڵێک پرسیار، سەبارەت بە هەردوو چەمکی (ئیرادە) و (نائیرادە). لەو سەردەمەدا بڕیارم دا لە چەمکی (شەڕ) بکۆڵمەوە کە دەرەنجامەکەی، نوسینی کتێبی (سیمبوڵیزمی شەڕ) بوو. توێژینەوەم دەربارەی چەمکی (شەڕ)، منی بەرەو مەسەلەی نادادپەروەریی سیاسی برد. لە راستیدا رەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم نادادپەروەرییەم لە کارەساتی (ساکۆ و ڤانزیتی) بینی. ئەو سەروەختە، تەمەنم نزیکەی (13) ساڵ بوو، دواتریش کڵپەسەندنی هێتلەریزم و ستالینیزم، کە دژوارترین ئەزموونی ناعەدالەتی بوو لە سەدەی بیستەمدا. هەربۆیەشە لە سەرجەم باسەکانمدا هەم لە رووی تیۆری و هەم لە روانگەی پراکتیکییەوە، رەنگدانەوەی لە ژیان و بەرهەمەکانمدا هەبووە.

*ئایا دەتوانین بڵێین (ئەخلاقی ئەرستۆیی) و (ئەخلاقی کانتی)، پەیوەندییان بە شێوازی دیدگای کانت بۆ مەسەلەی ئەخلاق هەیە؟.

-پەیوەندی نێوان ئەم دوو دیدگایە، واتە (ئەخلاقی ئەرستۆیی) و (ئەخلاقی کانتی) لەو سەروەختەوە بە ئەندازەیەکی زۆر گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا هاتووە کە من یەکەم دەقم بە ناوی (ئەخلاقی بونیادی: ئەخلاق و ئەخلاقی پراکتیکی) بڵاوکردەوە. لە راستیدا پێموایە دەبێت زیاتر لە رابردوو، (ئەزموونی ئەخلاقی ئاسایی) وەک خاڵی دەستپێک ناوزەدبکەین. مەبەستم لە ئەزموونی روبەڕووبوونەوەی ئەو دابونەریتانەیە، کە دەتوانین پەیڕەوییان بکەین یاخود رەتیان بکەینەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە، (ئەزموونی بەرپرسیارێتی) لەهەمبەر ئەو دامەزراوە بنەڕەتیانەی لە دەوروبەرماندان، من لە لایەکەوە ئینتیمام بۆ مەسەلەیەکی سادەتر و بنچینەییتر هەیە، کە لە راستیدا بریتییە لە حەزی ژیانێکی راست و دروست (هەروەکچۆن لەلایەن ئەرستۆ تیۆریزە کراوە)، لەلایەکیتریشەوە بایەخ بە ئەخلاقی پراکتیکیش دەدەم وەک ئەخلاق لە بوارەکانی پزیشکی، ئەخلاق لە زانستی یاسادا، ئەخلاق لە بازرگانی و ...هتد.

بەمانایەکیتر، کاری بەرپرسیارێتی واتە کارکردن لەهەمبەر سیستەمی سیمبولە باوەکاندا. لەسەر ئەم بنەمایە، وەڵامی ئەم هاوکێشەیە بەلای منەوە، بەهۆی هاتنەئارای چەمکی ئەخلاقەوەیە لە دوو بواردا: لەسەر ئاستی تاکەکەس بە مانای ئەخلاقی بنچینەیی و بەشێوەی گشتیش بەمانای کۆمەڵێک ئەخلاقی پراکتیکیانە. ئەم تاک و کۆیە لە بواری ئەخلاقدا، بەمانای ئەوە نییە لە رووی زمانەوانییەوە رێسای نییە، بەڵکو بۆ خودی مەسەلەکە دەگەڕێنەوە. بە مانایەکیتر، ئێمە ناگەینە قوڵایی هەست و سۆزێک بۆ ژیانێکی دروست، تەنها ئەو سەروەختە نەبێت، کە لە تاقیکردنەوەی ئەو نەریت و پرەنسیپانە دەربچین کە خەسڵەتێکی ناچاریی و گشتیانەیان هەیە، پاشان دەگەینە (ئەخلاقی پراکتیکی) کە تیایدا حەز و خولیا مرۆییەکان بەشێوازێکی ئاشکرا دێنەئارا و دەبنەجێگای تێڕامان.

*پێدەچێت فەلسەفەی ئەخلاق و هێرمنۆتیکی جەنابتان، هەمیشە لەهەمبەر روبەڕووبوونەوەی بەرەی کلاسیک و مۆدێرن، داکۆکی لەخۆی کردبێت، بەمانایەکیتر فەلسەفەکەت خۆی بەدوور دەگرێت لەبارەی ئەو مەسەلانە و هێڵە دەستنیشان کراوەکانی لە نێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا هەیە.

– راستە دژ بە ناکۆکی نێوان مۆدێرنە و کلاسیکم، چونکە ئەمە جیاکردنەوەیەکی دووبارەیە. کلاسیک و مۆدێرن لە لای هاوچەرخەکان هەرجارە و مانایەکی نوێ دەبەخشێت، بێگومان لە ئەوروپادا سەبارەت بە بەخشینی چەمکی مۆدێرنە بە چەرخی رۆشنگەری جۆرە کۆدەنگییەک هەیە، بەڵام پانتایی مۆدێرنیزم لە رێنسانسەوە هەتا ئەمڕۆش دەگرێتەوە.

بێگومان دەبێ بایەخ بەو مەسەلەیەش بدرێت، کە بەپێی هزری پۆست مۆدێرنیزم، چەرخی رۆشنگەری وەک تاکە سەرچاوەی مۆدێرنیزم دادەنێت. مەبەستیش لە (کلاسیک) بە مانا تایبەتییەکەی واتا یۆنان و رۆمای کۆن، یاخود بە پێچەوانەوە بە مانای هەرشتێک دێت کە بە بەراورد لەگەڵ نوێگەریدا، بە کارێکی کلاسیک دابنرێت. بەم چەشنە چەمکی مۆدێرن لە زمانی ئەڵمانیدا هاومانای چەرخی نوێیە. هەروەکچۆن کاتێک (نوێ) دێتەئارا، (کۆن) وەلادەنرێت. کەواتە دابڕانی نێوان (مۆدێرن) و (کلاسیک)، دابڕانێکە هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە، هەربۆیەشە وردەکار و دروست نییە.

*وادێنەبەرچاو کە پەسەندنەکردن و رەتکردنەوەی ئەم هێڵی جیاکردنەوەیەی نێوان کلاسیک و مۆدێرنەکان لە بیروباوەڕەکانی تۆدا، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە بۆچوون و دیدگای فەلسەفە دێرینەکان (بۆ نمونە ئەرستۆ)، بە قازانجی باسە سیاسییەکانی مۆدێرنە زیندوو بکەیتەوە. لێرەدا بەتایبەتی قسەم لەسەر ئینتیماکانی تۆیە دەربارەی ئەو باسە بەرفراوان و گشتیانەی بۆ ژینگەی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی ڕەخساندووتە.

– ئینتیمای من بۆ ئەرستۆ، بۆ مێژوویەکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە. لە راستیدا خوێندنەوەی کتێبی (ئەخلاقی نیکۆماخۆس)ی ئەرستۆ، زۆر زیاتر لە تیۆری ئەقڵانییەتی (میل) ، سەرنجی راکێشام. توانستی فەلسەفییانەی ئەرستۆ بۆ دۆزینەوەی رەگوڕیشەی مەسەلەی فەلسەفەی ئەخلاق لە بیروبۆچوونەکانی (میل)یشدا هەیە، بێگومان نەک وەک گەڕانەوەیەک بۆ دواوە (ئەگەر بتوانین وەها بڵێین)، بەڵکو وەک زەرورەتێکی زمان و پێویستیمان بە شەفافییەت و پێکەوەژیان، ئەویش مەسەلەی ئەقڵانییەتە. لە راستیدا ئەوەی تۆ بە راستی بە (پانتاییەکی گشتی) ناوی دەبەیت، واتە دەرفەتێکە بۆ ناوبژیوانی و پەیوەندی بەم ئەقڵانییەتەوە هەیە. ئەمە لە راستیدا زمانێکی هاوبەشە کە من لەگەڵ (هانا ئەرێنت)دا هەمە.

باسی سێیەمم، ئەو باسەیە کە (ئەرتۆر کۆستلەر Koestler) لە رێگەی جیاکردنەوەی (جوکی) و (کمیسەر) خستوویەتەڕوو. ئەم باسە بە دروستبوونی کەسایەتی (کمیسەر) لە رێگەی توندوتیژییەکانی (ئەشۆیتس) و (گولاگ) و بەتایبەت دادگاییەکانی ستالینەوە، بەهاکانی خۆی لە دەست دا.

هەربۆیەشە ئەگەر کەسایەتی (جوکی) لەهەمبەر کەسایەتی (کمیسر) دا دابنێین، ئەوا جۆرێک لە بن بەستە، چونکە لەو جۆرە باسوخواسانەدا تایبەتمەندییەکانی سیاسەت کورت دەکرێنەوە بۆ مەسەلەی بڕیاردان و گفتوگۆ و سەرەنجام دەسەڵاتی دیموکراسی بچوک دەکرێتەوە. هەروەکچۆن (مرلوپونتی merteau ponty) بە باشی بایەخی پێداوە.

دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ کاستلەر و جوکی و کمیسەر، مەسەلەیەکی زۆر کۆن و بێ بایەخە.

*هزری (پانتایی گشتی و پێگەکەی) لە بیروبۆچوونەکانتدا، ئێمە بەرەو باسی حەز و خولیاتان بۆ (کاری سیاسی و تایبەتمەندییەکانی) لەهەمبەر ئابوری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەسەلەی ئەخلاقدا دەبات.

-من ئەو دوو باسە لە یەکترجیادەکەمەوە، لەلایەکەوە تایبەتمەندییەکانی سیاسەت لەهەمبەر سیاسەت و لەلایەکی ترەوە مەسەلەی لاوازی و خاڵە لاوازەکانی سیاسەت. سەبارەت بە تایبەتمەندی سیاسەت لەهەمبەر ئابوریدا، پێویستە بڵێم کە ئەم بابەتە لە گفتوگۆ و باسوخواسەکانم لەگەڵ مارکسیستەکاندا لە سەردەمی داگیرکردنی هەنگاریا، پاشان چیکۆسلۆڤاکیا بەهۆی پەیمانی وارشـۆوە، لە بیروهۆشمدا چەکەرەیکرد. لەوێوە زانیم گەورەترین کەم و کوڕی مارکسیزم، نەبوونی هزر و تێڕامانی قوڵە دەربـارەی جەوهەری سیاسەت. مارکسیزم بەرلە هەموو شتێک و بە شێوەیەکی کاڵوکرچ ئەم کارەی قبوڵکردووە، سەرجەم بەدبەختییەکانی کۆمەڵگای بەستۆتەوە بە پەیوەندی نادادپەروەرانەی کار، هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵگا دەخاتە بازنەی ئابوری. لە مارکسیزمدا، هزری جیاکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لە دەوڵەتدا نابینرێت (واتا ئەو جیاکارییەی لەلای هیگڵ و لە کتێبی پرەنسیپی فەلسەفەی مافدا هەیە). من خۆم بە نزیک دەزانم لە لێکدانەوەکانی هیگڵ دەربارەی جیاکردنەوەی سیاسەت و ئابوری، پێموایە پێویستە تێڕامانە بەنرخەکانی ئەریک وایل (Eric Weil) و هانا ئارێنت (H. Arendt) بخەینە پاڵ ئەو لێکدانەوانەی هیگڵ، بەڵام خاڵە لاوازەکانی سیاسەت تەنها پەیوەندی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەخلاقدا نییە، بەڵکو بۆ جەوهەری پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی دەگەڕێتەوە.

لە راستیدا سیاسەت وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێ پڕۆژە و پلانی بەرنامە بۆ دارێژراو و بەردەوام دەگرێتەوە کە بەپێی رووداوەکانی رۆژ دادەڕێژرێن. هانا ئارێنت زۆر لەوبارەیەوە بیری کردۆتەوە، ناوبراو بەشێوازێکی دروست ئەو لەمپەرانەی پەیوەندیان بە (کات)ەوە هەیە، وەک (دووپات نەبوونەوەی دەرفەت) لەلایەک و (نەبوونی توانای پێشبینی بۆ کات) لەلایەکیترەوە، بە خاڵە لاوازەکانی ناوەندەکانی سیاسەت دادەنێت. وەڵامی بۆ ئەم خاڵە لاوازانە، هەردوو چەمکی (بەخشش) و (بەرپرسیارێتی) بوو، چونکە

لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت کاری سیاسی لەنێو ئەخلاقدا بونیات بنرێت.

* لە بەرهەمەکانتدا ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، پتر لە چەمکی (قوربانی)دا دەردەکەوێت، ئایا ئەم مەسەلەیە بووەمایەی ئەوەی کە تۆ بایەخ بە دادپـەروەری بدەی (چونکە لە نوسینەکانی ئەم دواییەتدا بەرچاو دەکەوێت).

-مەسەلەی (قوربانیبوون) و ئەو پرۆسەیەی بە (بەقوربانیکردن) ناوی دەبەم، زۆر مەسەلەیەکی پڕ لە ئێش و ئازارە. هەروەکچۆن تۆ بەشێوەیەکی دروست ئاماژەتپێدا، ئەم مەسەلەیە بریتییە لە هاوسەنگییەک لەنێوان ئەو کەسەی کارەکە دەکات و ئەو کەسەش کە ڕەفتارەکەی لەبەرامبەردا ئەنجامدەدرێت. کەواتە لەنێو خودی نواندنی کار و ڕەفتاردا، هەروەک پیادەکردنی ئیرادەیەک بەسەر ئیرادەیەکیتردا، دەشێت توندوتیژی تێدا بێت.

لەبەرئەوەی مێژووی فەرمی، هەمیشە کەم تا زۆر لەلایەن دەسەڵاتە سەرکەوتووەکانەوە نوسراوەتەوە، ئاوەژووکردنی بیروبۆچوونەکانیشیان داسەپاندووە، هەربۆیە پێویستە دیدگای قوربانیانی مێژووش بۆ کێشەکان لەبەرچاو بگرین، بـەڵام نابێت سیاسەتی (بەقوربانیکردن) بکرێت بە بنەمایەک بۆ پرۆتستۆکردنی سەرجەم دەسنکەوتەکانی مرۆڤ، من پێموایە ئەرکی دادپەروەریی بە هەموو شێوازەکانییەوە وەک (دادپەوەریی سزادان، دادپەروەریی سیاسی و....هتد) ئەوەیە کە هەمیشە هەردوو دەنگەکە، واتە دەنگی ئاوانبار و دەنگی قوربانی بگەیەنێتە گوێی هەموو جیهان. دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان ئەم دوو دەنگەدا، لە گرنگترین ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی دادپەروەرییە.

*دواپرسیارم دەربـارەی بەرپرسیارێتی ڕووناکبیرانە، ئەرکەکانی ڕۆشنبیرێک لە جیهانی ئەمڕۆدا چییە؟ ئایا ڕۆشنبیر وەک هاووڵاتییەکی جیهانی دەبێت درێژە بە ڕۆڵی ڤۆڵتێرانەی خۆی بدات؟ یاخود تەنها ڕۆڵی میللی و

هاووڵاتییانەی خۆی لەئەستۆ بگرێت، بۆنموونە وەک بەشداریی لە بوارێکی گشتی و دیاریکراودا؟.

-ئەمڕۆ بەرپرسیارێتی رۆشنبیر بەهۆی ناوەڕۆکە بەرفراوان و گشتییەکەیەوە، مۆدیلی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. من پێموایە بەرپرسیارێتییەکەم بە پێچەوانەی شێوازی (سارتەر)ەوە لەنێو گۆڕەپانی گشتی کۆمەڵگادا نییە، بەڵکو لە ناوەندەکانی دیالۆگدایە وەک گۆڤاری ئیسپێرت (Espirt) کە تۆش لە چالاکییەکانیانەوە نزیکی.

لەم ناوەندی دیالۆگانەدا، کۆمەڵێک توانستی هەمەجۆر روبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لەپێناو دروستکردنی بۆچوونێکی گشتییدا کۆدەبینەوە کە پێشتر بە (رێککەوتنی دوولایەنە و ماقوڵانە) ناوزەدم کرد. هەربۆیەش من لەو کۆنفرانسانەدا بەشداریدەکەم کە ئامانجەکانیان شیکردنەوەی یاساکانی سزادان، ئەخلاق، پزیشکی، فەلسەفەی سیاسی و سەرەنجام مەسەلەی بەشداریی کاری مەزهەبییە لە مەیدانی عەلمانییەتدا. لەم دیدگایەوە دەتوانین چەمکی (هاوڵاتێتی) بخەینە سەروو چەمکی دەوڵەت- میللەتەوە.

چەمکی (هاوڵاتێتی) سەبارەت بەو بەرپرسیارێتیانەی ئاماژەم پێدان، لەسەر بنەمای (ئاسایش، تەندروستی و خۆشگوزەرانی هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی)، تەنها بە مانا «کانت»ییەکەی دەتوانین بڵێین ئەمە جیهانی نیشتیمانمانە، بەڵام لەم ئاستەدا چەمکی (هاووڵاتێتی) چیتر روبەڕووی دەوڵەت و میللەت نابێتەوە، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی ئەو ناوەندانەیە کە لاوازن یاخود هێشتا دانەمەزراون. لەم روانگەیەوە، (هاوڵاتێتی جیهانی) هێشتا بەو مانا سیاسییە نایەت کە گفتوگۆمان دەربارەی کرد.

**سەرچاوە:**

- مجله الکترونی (فلسفه)، شهریور 1383.

# ئایدلۆژیا و یۆتۆپیا لە روانگەی ریکۆرەوە

**لە فارسییەوە : ڤارین**

بۆ یەکەمین جار،کارل مایهام بوو، کە هەر دوو چەمکی ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیای لە چوارچێوەیەکی شیکاری و لە روانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە، خستەبەر لێکۆڵینەوە. پۆل ریکۆر لەم وتارەدا هەوڵدەدات لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە، ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدات. لەدیدی دانەرەوە ئەم دوو چەمکە، بەدوو باس لە چوارچێوەی خەیاڵی کۆمەڵایەتیدا لە قەڵەمدەدرێن. شێوازی بیرکردنەوەی ریکۆر لە روانینی ئەم وتارە هێرمۆنتیکە رەخنەییەیە (Herm Eneutiaue Critique). ریکۆر دەریدەخات، کە هەریەک لەم دوو دەستەواژەیە خاوەنی سێ ئاستی ماناییین کە لە درێژبوونەوەی یەکتریدا دەوەستن و پاشان هەوڵدەدات دەست بۆ هاوتەریبکردنی ئاستی مانایی ئەم دوو چەمکە بەرێت و ئاوڕدانەوە لە شێوە زیانلێکەوتوەکانی هەریەکەیان، بە پەیوەندییە قوڵەکانی نێوان بونیادیترین ئاستییان. ئەو بڕوایوایە، کە بۆ چارەسەری پارادۆکسی ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا، پێویستە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوانیاندا هەبێت.

ئامانجی من لە نوسینی ئەم وتـارە، ئەمەیە کە دوو دیـاردەی بونیادی بەیەکەوە پەیوەست بکەم. ئەم دوو دیاردەیە، خاوەنی رۆڵێکی چارەنوسسازی شێوەیین، کە لەلایەن ئەوانەوە، ئێمە جێگەی خۆمان لە مێژوودا دەکەینەوە، تا چاوەڕوانیەکانی پەیوەست بە ئاینده، میراتی داب و نەریتەکانی رابردوو، داهێنانەکانمان لە زەمەنی ئێستادا بەیەکترییەوە پەیوەست بکەین. زۆر روونە کە ئێمە بەهۆی خەیاڵەوە نەک تەنیا خەیاڵی

تاک، بەڵکو خەیاڵی بە کۆمەڵ- ئەم وشیارییە بەدەستدەهێنین، بەڵام ئەوەی بە باوەڕی من دەکرێت بابەتی توێژینەوەیەکی سەرنجراکێش بێت، ئەمەیە کە ئەم چوارچێوە خەیاڵیە کۆمەڵایەتییە، یان رۆشنبیرییە، سادە نییە، بەڵکو خاوەنی ناوەڕۆکێکی دووفاقیە، واتە هەندێ جار لە قاڵبی ئایدۆلۆژی و هەندێ جاریش لە قاڵبی یۆتۆپیادا بێتەدی.

لەم مەسەلەیەدا ناڕوونیەک هەیە، کە بۆ مامۆستایان، سیاسەتوانان، کۆمەڵناسان، و هەڵبەتە بۆ فەیلەسوفەکانیش شایەنی لێوردبوونەوەو سەرنجدانە. بەم چوارچێوە خەیاڵییە دوانەییە دەتوانرێت پێکهاتەی هاودژی ئەم چوارچێوە خەیاڵیە هەستپێبکرێت، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنرێت، کە هەرجۆرە هەوڵێک لە رووی هاوبیری و چەمکی ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا لە رێگەی یەکترییەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی جدی دەبێتەوە. بەر لە هەر شتێک، ئەوەی کە هەریەکە لەم دوو جەمسەرە جێی باسە، زۆربەیان قبوڵکەری مانایەکی جەدەلی و بێ ئەدەبانەن و هەر ئەو هۆکارەش رێگر بووە لە دەرکپێکردنی کرداری کۆمەڵایەتی چوارچێوەی خەیاڵی گشتی، بەڵام ئەم کێشەیە بە کێشەیەکی تر دوایی هاتووە. ئەگەر بزانین کە بە سانایی دەتوانرێت لەم دوو دەستەواژەیە سود لە مانایەکی جەدەلی وەربگیرێت، بەم هۆیەوە کە تەنانەت بۆ ئەو کۆمەڵناسانەی سەرنجدەدەنە وەسفە پەتیەکان، هەریەک لەم دوو دەستەواژەیە، خاوەنی روویەکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤن، بە دەربڕینێکی تر خاوەنی کردارێکی بنیاتنەرو کردارێکی روخێنەرن، دیسانەوە بەرزتر بڕۆین. لە توێژینەوەیەکی وێنەیی بۆ هەریەک لەم دوو کارکردە، سەرەتا لایەنە زیان لێکەوتوەکە دەخرێتەڕوو، واتە یەکەمین ئەو لایەی کە لە رووکەشدا بەرچاو دەکەوێت. ئێمە زیاتر خوازیاری ئەوەین، کە ئایدۆلۆژیا هەروەکو پرۆسەیەکی چەواشەکراو و داپۆشەر پێناسە بکەین، کە لە رێگەی ئەوەوە بە ناوی نمونەی پێگە چینایەتییەکانی خۆمان، یان بەشێوەیەکی

گشتی تر شێوەی پەیوەستی خۆی بە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکانی، کە ئەندام لێی- لە خۆمان دەشارینەوە. لەم حاڵەتەدا ئایدۆلۆژیا بە تەواوی بە درۆیەکی کۆمەڵایەتی، یان خراپتر لەوە بە وەهمێک دەچوێنرێت، کە پارێزەری پێگەی کۆمەڵایەتیانە، لەگەڵ هەموو ئەو ئیمتیازو بێ عەدالەتیانەی کە رەنگە لەوێدا هەبێت.

بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێمە زۆرجار یۆتۆپیا ناوانبار دەکەین، کە شتێک جگە لە هەڵاتن لە واقعیەت نییە، واتە شێوەیەکی خەیاڵی زانستیانە، کە لە سیاسەتدا بەکاردەبرێت. ئێمە هەمیشە بە نەرمی نەنواندن و سادەیی گەڵاڵە پێشنیارەکانی یۆتۆپیامان پرۆتستۆ کردووەو لەگەڵ بەدینەهاتنی یەکەمین حەزی پێویست بۆ بەردەوامی رێبازو نەبوونی ئیرادەی پێویست کە زۆرجار پێویستی هەر کاردانەوەیەکە، ئەوە رەتدەکەینەوە. کەواتە بەم روانینە، یۆتۆپیا شتێک نییە، جگە لە شێوەیەک لە خەیاڵاتی پروپوچ، لەبارەی کارلێک لەگەڵ خۆبواردن لە بیرکردنەوە لە بواری هەلومەرجی بەدیهاتنی ئەو لە هەلومەرجەکاندا.

ئەو شیکردنەوەیەی کە من بەم وتارەدا دەیخەمەڕوو، بریتییە لە: توانا بەخشین بەو مانا و کردەوە بەش بە شانەی، کە بۆ هەریەک لە دوو لایەنی چوارچێوەی خەیاڵی کۆمەڵایەتی، واتە ئایدۆلۆژی و یۆتۆپیا لەبەرچاوگیراون، هەروەها هاوتەریببوونی ئاستی هەردووکیان لەگەڵ یەکترو لە کۆتاییدا کنەوپشکنینی پەیوەندییە قوڵەکان لە بونیادینترین ئاستی هەریەک لەوان لەگەڵ یەکتر .وێڕای ئەمە دەمەوێ شیکردنەوەیەک لە رووکەشدا بخەمەڕوو، کە هەمووجارێک ئێمە لە رووکەشترین لا بۆ قوڵترین لای رێنوێنی بکات. هەوڵی من لەسەر ئەمەیە، کە پێکهاتەیەکی یەکدەست لە دوو شیکردنەوەی هاوتەریب لە ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا بپارێزین، تا رێگە بۆ تێڕامان لەرووی دروستکردنی پەیوەندییە قوڵەکانی نێوانیان خۆشبکرێت.

**1·ئایدۆلۆژیا:**

لەم بەشەی وتارەکەدا دەمەوێت سێ بەکارهێنانی ڕێپێدراو لە چەمکی ئایدۆلۆژی، کە هەریەکەو خاوەنی ڕێژەیەک لە قوڵایین، بخەینە بەر هەڵسەنگاندنەوە. یەکەمین بەکارهێنانی ئەو ئایدۆلۆژیایە، وەکو پرۆسەی بەلاڕێ دابڕاو و داپۆشەر و واقعیەتە. من کاری خۆم بە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لە بەرهەمەکانی مارکسی لاو، کە بەنوسینی ((دەستنوسە ئابوری و سیاسییەکانی 1843–1844)) و بە تایبەتی ((ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی)) ((Lideologie Allemande)) ئەم چەمکە برەوپێدراوە دەستپێدەکەم .پێویستی بە بیرهێنانەوەیە، کە ئەم دەستەواژەیە، لە فەیلەسوفە زۆر بەرێزەکان– کە لە فەڕەنسا خۆیان بە ئایدۆلۆگ ناوی دەبەن و میراتگری کەندیاک بوون– توشی تێژتێپەڕی بوون. لای ئەوان ئایدۆلۆژی شیکارییە، لەو ئەندێشانەی کە لەرووی رۆحی مرۆییەوە بەرجەستەبوون. ناپلیۆن ئەم ئایدۆلۆگیە بێ زیانانەی تۆمەتبارکرد بەوەی، کە هەڕەشەیەکن بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و هەرئەوەبوو، کە مانایەکی بێ ئەدەبانەی بەم دەستەواژەیە بەخشی. ڕەنگە بتوانرێت لە هەرشوێنێک چەمکی ئایدۆلۆژی کشابێت بۆ بێ نرخی، کەسانی وەکو ناپلیۆن بە بەرپرسی ئەوە دەزانرێت، بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە باسی پراکتیکی ئێمە پێکناهێنێت.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە، کە مارکسی لاو لە ڕێگەی میتافۆرەوە هەوڵیدا، مەبەستی خۆی لە دەستەواژەی ئایدۆلۆژی دەرببڕێت. ئەو سودی لە میتافۆری هەڵگێڕانەوەی وێنە وەرگرت، کە یەکەمین قوناغی دەرکەوتنی وێنەیە لە ژووری تاریکدا. کەواتە یەکەمین کردار دەگەڕێنەوە بۆ ئایدۆلۆژیا، دروستکردنی وێنەی هەڵگەڕاوە لە واقعیەتە. ئەم میتافۆرە بە چ مانایەکە؟ بەکارهێنانێکی تایبەت و بەکاربەری هەمەلایەن لەلای مارکس شایانی بینینە. بەکارهێنانی تایبەتی میتافۆر، کە لە فیورباخەوە وەرگیراوە، هێنانە

بەرچاوی ئایین وەکو بەلارێدابردن و پەنهانسازی واقعیەت دەبێت. فیورباخ لە کتێبی ((سروشتی مەسیحیەت Essence)) بانگەشەدەکات، کە لە ئایین، ئەو تایبەتمەندییانەی- یان بە دەربڕینی خودی خۆی ئەو راڤانەی- کە پەیوەندییان بە کارایی مرۆییەوە هەیە، دەبنە بکەرێکی ئیلاهی خەیاڵی، بەشێوەیەک کە راڤە ئیلاهیە بکەرە مرۆییەکان دەگۆڕێن بۆ بکەرێکی ئیلاهی.

مارکس لەم ئاوەژووبوونەوەیەدا، نمونەیەکی بۆ سەرجەم ئاوەژووبوونەوەکانی چەشنی ئایدۆلۆژیکی بەدیکرد. بەم مانایە رەخنەی ئایین لەلای فیورباخ نمونەیەکی میسالی و پارادایمی بۆ شیکردنەوەی میتافۆری وێنەی هەڵگەڕاوەیە لە ژووری تاریکدا. ئەوەی کە مارکس بە شێوەیەکی تایبەت خستیەسەر، ئەم خواستەی فویرباخ، پەیوەندییەکە، کە ئەو لە نێوان لاساییکردنەوەکان و واقعیەتی ژیاندا- یان بە قەولی خۆی- پراکسیس- دروستیدەکات.

بەم شێوازە، پەڕینەوە لە مانای سنورداری دەستەواژەی ئایدۆلۆژی، بەمانای فراوانی ئەو بەرجەستەدەبێت. بە پێی ئەم مانایە، لەسەرەتای کاردا، ژیانی راستەقینەی مرۆڤەکان هەیە، کە هەمان پراکسیسی ئەوانە، و پاشان رەنگدانەوە لەم ژیانە لە خەیاڵی ئەوان دێتە بوون، کە هەمان ئایدۆلۆژییە. بەم شێوازە ئایدۆلۆژیا رەوتێکی گشتییە، کە بە درێژایی ئەوە، رەوتی ژیانی راستەقینە- پراکسیس- لەلایەن وێنەیەکی خەیاڵی، کە مرۆڤەکان لێی سازدەکەن، بەلارێدا دەبرێت.

وێڕای ئەمە دەزانین کە چۆن کاری شۆڕشگێڕی زۆر بە خێرایی بە تیۆری ئایدۆلۆژی پەیوەستدەبێت. ئەگەر ئایدۆلۆژیا وێنەیەکی چەواشەکراوی واقعیەت و شێوەیەکی ئاوەژوو شاراوەبووی بێت، دەبێت کەسێک کە لەسەر سەر بەرێدا دەڕوات، لەسەر قاچەکانی بوەستێت

و له دواییدا هیگڵ بیرکردنەوەکانی ئاسمانی خەیاڵی لەسەر زەمینی پراکسیس دابگرێت. لێرەدایە کە ئێمە، رووبەڕووی یەکەمین پێناسەی ماتریالیزمی مێژوویی دەبینەوە، کە بەهیچ شێوەیەک داواکار نییە، کە سەرجەم کاروبارەکان لەخۆبگرێت، بەڵکو بە تەواوی دەیەوێت، دنیای پێشبینییەکان دووبارە بگەڕێنێتەوە بۆ دنیای واقعی (پارکسیس). لەم یەکەمین قۆناغەی مارکسیزم، ئایدۆلۆژیا هێشتا بەرامبەر زانست نییە، لەبەرئەوەی زانست بەم مانایە، لەگەڵ کتێبی ((سەرمایە)) دا هاتەدی.

پاشان کاتێ کە مارکیسزم بەشێوەیەکی تیۆری بەرجەستە بوو، بە تایبەتی لەلای جێگرەکانی مارکس لە سۆسیال- دیموکراسی ئەڵمانی، ئایدۆلۆژیای تر بە تەواوی ئەو جۆرەی، کە مارکسی لاو دایدەنا، لە بەرامبەر پراکسیس دانانرێت، بەڵکو بە تەواوی لەبەرامبەر بە زانست دەزانرێت، دەتوانرێت تێبگەین، چۆن ئەم گۆڕانە بەرە بەرەییە، لە مانای دەستەواژەدا بەرجەستەبووە. ئەگەر قبوڵی بکەین، کە مارکسیزم زانستێکی واقیعی بواری ئابوری- کۆمەڵایەتیە، لە ئەنجامدا ئەمە پراکسیسی مرۆییە، کە لەگەڵ مارکسیزم پێگەیەکی زانستی بەدەستدەهێنێت و ئەو وێنە خەیاڵیانەی کە بۆچوونەکانی تر لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی تیایدا جێگەیان هەیە، لە بەرامبەر زانستدا دەوەستن.

من لێرەدا لەگەڵ ئەوە نیم، کە چەمکی یەکەمین مارکس لە ئایدۆلۆژیا رەتبکەمەوە، بەڵکو دەمەوێ ئەوە لە پەیوەست بە کارکردنی بونیادی ترو جوانتر لە واقعیەتی کۆمەڵایەتی و خودی پراکسیس بخەمەڕوو. بۆچی ناکرێت، یەکەمین ئایدۆلۆژیا بەم چەمکە کۆتایی پێبێت؟ میتافۆری ئاوەژوو لە ئاستی خۆیەوە ناتوانێت وەڵامی ئەو کێشەیە بداتەوە. ئەگەر قبوڵیبکەین کە ژیانی واقعی- پراکسیس- لە راستیدا و بە دروستی لەسەر وشیاری و رانانەکانی روو لە پێشکەوتنە.

ئیتر ناتوانرێت روونبکرێتەوە، چۆن ژیانی واقعی دەتوانێت، وێنەیی- و بەرێگەی سەرەتای وێنەی ئاوەژوو- لە خۆی دروست بکات.

ئەم بابەتە ناتوانرێت رونبکرێتەوە، مەگەر ئەمەی کە لە خودی پێکهاتەی کار، شوناسی سیمبولی دەستنیشان بکەین، کە بۆ خۆی بتوانێت لادەربێت. بە دەربڕینێکی تر ئەگەر کار لەلایەن چوارچێوەی خەیاڵەوە بەرجەستە نەبێت، دیارنییە، چۆن مومکینە، لە واقعیەتەوە وێنەیەکی درۆ لە دایک بێت. دەزانین کە چۆن مارکسیسەکانی ئەرتەدۆکس لە چەمکی وشیاری/ دەنگدانەوە (وشیاری وەکو رەنگدانەوە) گیرۆدەبوون کە شتێک جگە لە دووبارەبوونەوەی میتافۆری کۆنی وێنەی ئاوەژوو نییە. وێڕای ئەمە دەبێت تێبگەین، کە چوارچێوەی خەیاڵ لە چ روویەکەوە لەگەڵ خودی رەوتی پراکسیس، هاوبەرینە.

بەم شێوازە، وردە وردە بەمانایەکی تر دەگەین، کە تیایدا ئایدۆلۆژیای مشەخۆری بوون و چەواشەیی کەمترە لە پاکانەکردنی. خودی مارکس، کاتێ بڵاویدەکاتەوە، کە بیرکردنەوەکانی چینی دەسەڵاتدار، لەگەڵ خواستەکانی جیهانی شمولییەوە دەگۆڕێت بۆ بیرکردنەوەی زاڵ، بەم مانایە، لە دەستەواژە نزیک دەبنەوە بەم شێوەیە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی چینێکی تایبەت، خۆی دەگۆڕێت بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان. مارکس لێرەدا ئاماژە بە دیاردەیەک دەکات، کە لە چەمکی سادە هەڵگەڕاوەو پەنهان سازی واقعیەت، جێگەی سەرنجترە و ئەم دیاردەیە هەمان هەوڵە بۆ ئاڕاستەکردن، کە لەگەڵ خودی دیاردەی دەسەڵاتدا لە پەیوەندیدا بێت. ئەم مەسەلەیە تا ئاستێکی زۆر لە مەسەلەی چینە کۆمەڵایەتیەکان بەرزتر دەڕوات؟

ئێمە بەتایبەت لە رێگەی ئەزموونی دیاردەی توتالیتار، تێگەیشتین کە دیاردەی دەسەڵات، بە تایبەت ئەوکاتەی کە لە تۆقاندن و ترساندندا دەردەکەوێت، دیاردەیەکی فراوانترو ترسناکتر لە مەسەلەی چینایەتی و ململانێ چینایەتیەکانە. هەموو دەسەڵاتێک دەتوانێت، پاکانە بکات و ئەم کارە

به دەستەودامێنی چەمکەکان ئەنجامدەدرێت کە دەتوانن خوازیاری جیهانی شمولی بن، واتە بانگەشەکاربن کە بۆ هەمووان خاوەنی بایەخن. وێڕای ئەمە زمان خاوەن کردارێکە، کە وەڵامی ئەم پێویستیە دەداتەوە و ئەمە هەمان هونەری وتاربێژییە، کە رواڵەتێکی جیهانی شمولی بە ئەندێشەکان دەبەخشێت. پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هونەری وتاربێژی لە کۆنەوە پەیوەندییەکی ناسراوە. ئەفلاتون رەنگە یەکەمین کەس بێت، کە ئاماژەی بەم خاڵە کردووە، کە هیچ سەرەرۆیی نییە سۆفیستایەک هاوڕێیەتی نەکردبێت. کردەوەی توندوتیژی، بەبێ قایل بوون مەیسەر نابێت و ئەم ئەرکەش بە سۆفیستاییەکانی حکومەت دەسپێردرێت.

بۆ دۆزینـەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان دەسـەڵات و وتاربێژی، پەنابردنەبەر کۆمەڵناسی رۆشنبیری دەتوانێت لە سودی واقیع بێت. ئەم بەشە نیشانیدەدات ،کە هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ پێودانگ، بنەماو سیستەمێک لە سیمبولە کۆمەڵایەتییەکان توانای ئەنجامدانی کارکردنی خۆی نیەو ئەم سیستەمی سیمبولانەش بەنۆبەی خۆیان بنەماکانی هونەری وتاربێژی لە گوتار، یان لۆژیکی گشتی خەڵک بەدەست دەهێنن. بەڵام ئەو جۆرە گوتارە چۆن دەتوانێت دەستی بەئامانجی خۆی بگات، کە هەر خەڵکە؟ بەهۆی سود وەرگرتنی هەمیشەیی لە کینایەو مەجاز، هەروەها میتافۆر، هەجوو، تانە، گومان، دژبێژی، زێدەڕۆیی ئەو بابەتانەی بەربژارمانکردوون هەموو ئەو تەرزانەن کە لە رەخنەی ئەدەبی و بۆ هونەری دەربڕینی یۆنان و رۆمای کۆن بەتەواوی ناسراون. رەنگە نەتوانرێت، کۆمەڵگایەک پێشبینی بکرێت، کەبەبێ پەیوەندی بەم خیتابە گوتارێکی جەمعی و زیپک و مەجازی، وێنایەک لە خۆی، بۆگشت خەڵک ئاراستە بکات. هیچ خاڵێکی لاواز، تەنانەت شێوەی نەرێنیشی تێدا نییە، بەڵکو ئەمە کردەوەی ئاسایی گوتارە، کە بەکاردانەوەی – هەمان ئەوەی کە مارکس بە پراکسیس ناوی دەبات – ئاوێتەدەبن.

چ کاتێ دەتوانرێت، کە وتار و گوتاری گشتی دەگۆڕێت بۆ ئایدۆلۆژیا؟ بەبڕوای من ئەو کاتەی کە لە خزمەت ڕەوتی ڕەوایی بەخشی، بەدەسەڵات بگات. دەبێت سەرنج بدەینە ئەم خاڵە، کە لە وتاردا، بەر لەهەرجۆرە فێڵ یان نهێنی سازییەکی واقیعی، کاردانەوەیەک هەیە، کە هەرچەند پڕ لە داوو فێڵە، بەڵام بەهەرحاڵ پێویست و حەتمییە.

ماکس ڤێبەر لەکتێبی ((ئابوری و کۆمەڵگە (Economie et Societe))

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، نیشانیداوە، کە هەموو گروپێکی کۆمەڵایەتی گەشەکردوو، ناچار بە قۆناغێک دەگات، کە تیایدا جیاوازییەک لەنێوان فەرمانڕەوایان و پەیڕەوکارانیدا دروستدەبێت و ئەم پەیوەندییە ناهاوسەنگە پێویستی گوتارێکی قایلکەرە. ئەم کارە بەهۆی سنورداركردنی کاربەری زۆر لەبەرجەستەکردنی سیستەمدایەو هەر سیستەمێک، کە بەدوای کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیەوە، بەم مانایە، پشتگەرمە لەسەر کارکردێکی ئایدۆلۆژی کە ئامانجی ئەوە ڕەوایی بەخشینە بە بانگەشەی ئەو لەسەر هەبوونی دەسەڵات.

ئەم کارە نەک تەنیا بۆ دەسەڵاتی کاریزماتیکی و دەسەڵات لەسەر بنەمایەکی باو، بەڵکو تەنانەت بۆ دەوڵەتی مۆدێرنیش- کە ڤێبەر ئەوە بە دەوڵەتی بوروکراتیک ناودەبات- ڕاستە. بۆچی بەم شێوەیەیە؟ چونکە هەمیشە بۆ سیستەمێکی دەسەڵات، بانگەشەی ڕەوایی لەباوەری خەڵک بۆ ڕەوایی سروشتی زیاترە. لێرەدا کەلێنێک هەیە، کە دەبێت پڕبێتەوە، واتە بەهەر شێوەیەکی گونجاو لەژێر دەستی بستێنێ.

کاتێ لەبارەی بەهای زۆر کراوەوە قسەدەکەین، ئاماژە بۆ چەمکێک دەکەم، کە مارکس تەنیا بۆ پەیوەندییەکانی سەرمایەو کارو وێڕای ئەمە بەتەواوی لە مەیدانی بەرهەمهێنانی ئابوریدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەبڕوای من دەتوانرێت ئەوە بەشێوەیەکی گشتی، بۆ هەر جۆرە پەیوەندییەکی

دەسەڵات بەکار دەهێنرێت. لەهەر شوێنێک قسە لە دەسەڵات هەبێت، بانگەشەی رەوایـش هەیەو لەهەر شوێنێک بانگەشەی رەوایـی هەبێت، پەیوەستبوون بە پێوەرەکانی گوتاری خیتابی لەرووی قایلبوونی گشتییەوە هەیە.

ئەم دیاردەیە بەبڕوای من، دەبێتە لەخۆگری ئاستی دووەمی دیاردەی ئایدۆلۆژی. ئەم ئاستە مانایەک لە چەمکی ئایدۆلۆژی، من بەچەمکی رەوایی بەخشین، دەستنیشانی دەکەم، کە لەگەڵ ئاستی پێشینەدا جیاوازی هەیە، کە نهێنی سازی واقعیەتە. دیسانەوە جەخت لەسەر ماهیەتی ئەم دیاردەیە دەکەمەوە: دەتوانین لەدیدێکی خراپەوە لێیبڕوانین و رەنگە پێویستیش بێت، هەمیشە لێی بەگومان بین، بەڵام ناتوانرێت لەوە دوور بکەوینەوە. هەموو سیستەمێکی دەسەڵاتخواز، پێویستی بە رادەیەک لەرەوایی هەیە، کە بەرزتر لەباوەڕی راستەقینەی ئەندامانی کۆمەڵگا بێت.

لەم تایبەتمەندییەدا باس لەتیۆرە پەیاننامە کۆمەڵاتیەکان لە هۆبزەوە تا رۆسۆ، دەبێتە جێگەی سەرنجی هەریەک لەم تیۆرانە، پێویستی سەردەمی تایبەت لە مێژوودا- ئەگەرچی زەمەنی خەیاڵی-ن، کەلەو لایەنەوە بەرجەستە بێت و بەهۆی پێسپاردنێکی دەرەتانی، لەدۆخی جەنگ بۆ ئاشتی تێپەڕێت. پێویستە ئەم لایەنە- کە هیچ یەک لەتیۆرە پەیماننامەکانی دەسەڵات روونکردنەوەی ئەوەیان نییە - لەدایکبوونی دەسەڵاتێک و سەرەتای رەوتێکی رەوایی بەخشیە، هەربۆیە ئێمە هیچ جۆرە دەسنگەیشتنێک بەم خاڵە سەرەتایە پەیاننامەی کۆمەڵایەتیمان نییە.

ئەم خاڵی سەرەتایە، کاتێک کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ـ بەشێوەیەک کە شایستەی ئەم ناوە بێت ـ دێتە بوون. ئێمە تەنیا سیستەمەکانی دەسەڵات دەناسین، کە لە سیستەمەکانی دەسەڵاتی پێشوو داڕێژراون، بەڵام هیچ کات بینەری یەکجاری دیاردەی دەسەڵات نەبووین. ئەگەرچی ناتوانین دیاردەی

دەسەڵاتـ بهێنینە بوون، بەڵام دەتوانین تێبگەین، کە ئەم دیاردەیە دیسانەوە لەسەر چ پایەیەکی قوڵتر وەستاوە. لێرەدایە کە سێیەمین ئاستـ، کە نیشانەی قوڵترین دیاردەی ئایدۆلۆژییە، خۆی نیشاندەداتـ و کرداری ئەو، بەباوەڕی من یەک پارچەسازییە، کە لە کرداری پێشوو، واتە ڕەوایی بەخشی ـ و بەڕێگەی سەرەتا لە کرداری یەکەم، واتە پنهان سازی ڕاستەقینە ـ بونیادی ترە.

بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆم، بابەتەکە بە بەکارهێنانێکی تایبەتـ لە چەمکی ئایدۆلۆژی دەستپێدەکەم، کە کرداری یەک پارچەسازییە، بەباشی لەوەدا ئاشکرایەو ئەوە برىتییە لە: شیعرو ڕێوڕەسمی یادکردنەوەیەک کە هەر کۆمەڵێک بەهۆیانەوە ڕووداوێـک، کە بە بونیادنەری ناسنامەی خۆی دەزانێتـ لەیادی خۆیدا زیندوودەکاتەوە. وێڕای ئەمە ئایدۆلۆژیا لێرەدا پێکهاتەیەکی سیمبولییە لە یادگەی کۆرو کۆمەڵدا. ڕەنگە کۆمەڵگەیەک نەتوانرێتـ بدۆزرێتەوە، کە لەگەڵ ڕووداوەکـانـی سەرەتادا، کە دواتر بەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە لەقەڵەمدەدرێتـ، ئاستێکی بەرقەرار نەکردبێتـ.

مەبەستی من ئەو دیاردانەی وەکو ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکای باکور، داگیرکردنی زیندانی باستیل لە شۆڕشی فەرەنسا، هەروەها شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیای کۆمۆنیستی. لەتەواوی بوارە یادکراوەکاندا، کۆمەڵێکی تایبەتـ بەزیندووراگرتنی یادی ڕووداوێکی بنیاتنەر، پەیوەندی خۆی لەگەڵ بنج و بناوانی خۆیدا بپارێزێتـ.

ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لەم بارەیەوە چییە؟ پەرەپێدانی ئەم باوەڕەیە، کە ئەم ڕووداوە بنیاتنەرانە، یادگەی کۆڕوکۆبوونەوەو لە ڕێگەی ئەوەوە، تەنانەتـ ناسنامەی کۆڕوکۆبوونەوەیەکی مرۆیی بەرجەستەدەکەن. بەهەمان شێوەی کە هەریەک لە ئێمە، لەسەر گوزەشتەیەک، کە پەیوەستە بەخۆیەوە،

ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوە، بەهەمان شێوە لەبارەی کۆمەڵگەشەوە، هەمان بۆچوون راستە، بەم جیاوازییەی ئێمە، لە کۆمەڵگەدا ناسنامە بە رووداوەکانی خۆمان دەبەخشین، کە ئەزموون و یادەوەری کەسی ئێمە نین، بەڵکو پەیوەستن بە زۆرو کەمی ئەو کەسانەی کە لە بونیادنانی ئەم یادەوەرییانەدا، رۆڵیان هەیە.

کەواتە ئەمە هەمان کرداری ئایدۆلۆژییە، کە لە خزمەتی بەهێزکردنی یادەوەری بە کۆمەڵدایە، تا بەهای سەرەتای رووداوە بونیادنەرەکان، بۆ باوەڕی سەرجەم ئەندامانی گرووپ بگۆڕێت. وێرای ئەمە ئەو کارەی کە بۆتە هۆی بونیادنانی ناسنامەی کۆڕو کۆمەڵ، ناتوانرێت بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارەو تازەبێتەوەو لە یادەکاندا بەزیندوویی بمێنێتەوە، مەگەر بە شیکردنەوەیەک، کە تیایدا بەشێوەیەکی بەردەوام ئەنجامبدرێت و رێکی بخاتەوە، تا ئەو رووداوە بونیادنەرە، بەشێوەیەکی ئایدۆلۆژی لە ویژدانی گروپەکەدا رەنگبداتەوە.

رەنگە هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتی- چ توێژێک یان قەومێک- نەتوانرێت بدۆزرێتەوە، کە ئەو جۆرە پەیوەندییە ناراستەوخۆ و مانابەخشە بە رووداوی سەرەتایی و بونیادنانی خۆی نەبێت. ئەم نمونە تایبەتە لە پەیوەندی نێوان زیندوو راگرتنی یادەوەری و رووداوی سەرەتایی لە رێگەی کرانەوەی ئایدۆلۆژی، بەسادەیی شایەنی گشتاندنە.

هەموو گروپێکی کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی کە لەسەر پێی خۆی بوەستێ و بەردەوامی و پنەوی خۆی بپارێزێت، دەبێت، وێنەیەکی جێگیرو بەردەوام لە خۆی بخاتەڕوو. ئەم وێنەیە دەربڕی قوڵترین ئاستی دیاردەی ئایدۆلۆژییە.

بەڵام دەستبەجێ دەبینرێت، کە ئەم ئاستە بنەڕەتییە بە روانینێکی ئاوەژوو پێیگەیشتوین، بەردەوام نابێت، مەگەر لە رەهەندی دوو ئاستی تردا. بە دەربڕینێکی تر، کرداری یەکپارچەسازی، لە درێژەی کرداری رەوایی

بەخشی و ئەویش بە نۆبەی خۆی، لە درێژەی کرداری پەنهانسازی راستەقینەدا دەوەستێنەوە. بۆ روونکردنەوە لەم بارەیەوە، دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ نمونەکانی خۆمان، واتە نوێکردنەوەی یـادەوەری ئەو رووداوانــەی، کە بنیاتنەری کۆمەڵێکن. جۆش و خرۆش سەبارەت بەم سەرەتایانە بە سانایی بەردەوام نابێت، چونکە زۆر زوو، ئافاتی وەک داب و نەریت، ئایین پەرستی و گریمانەسازی تێکەڵ بە باوەڕەکان دەبن و دەبنە هۆی سوککردنی یادو یادەوەری.

سەرجەم ئـەم هۆکارانە، کاتێ دەردەکـەوێــت، کە ئایدۆلۆژیا ناچاربێت، تەنیا بە گۆڕینی بۆ هۆکارێک بۆ ئاراستەکردنی دەسەڵات، توانای خۆرێکخستنی خۆی بپارێزێت، تا ئەو کۆمەڵگایە بتوانێت، لە بواری جیهانیدا خۆی وەکو تاکێک دەربخات. لە ئەنجامدا. نوێکردنەوەی یـادەوەری بە سادەیی دەگۆڕێت بۆ بەڵگەهێنانەوەی یەک فۆرمی و کۆنەپەرستانە، بۆ نموونە جەخت لەم شێوەیە دەکەینەوە. کە لە ناخی کۆمەڵی ئێمەدا دەبێت وەکو ئەوانیتر بین. ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین. کە لە رێگەی چ سادە سازییەکەوە جاروبار تورەیی و سەرەتایی و گریمانە سازییەکانی زۆربەی کات لەخۆباییانە، پرۆسەی یەکپارچەسازی لە بەردەوامیدانی پرۆسەی رەوایی سازیدا دەوەستێت، ئەوکاتە دەزانین کە ئایدۆلۆژیا دیسانەوە لە رووی نەرێنییەوە ناوەڕۆک دەگۆڕێت.

ئایدۆلۆژیا وردە وردە دەگۆڕێت بۆ چوارچێوەیەکی شیکردنەوەی درۆینە و دەسەڵات، کە نەک تەنیا لایەنی ژیانی گروپەکە، بەڵکو پێگەی ئەو لە مێژووی جیهانیشدا لە چوارچێوەکەیدا دەگۆڕێت. ئایدۆلۆژیا بە گۆڕان بۆ جیهانبینی، لە راستیدا دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک یاسای گشتی و جیهانی شمولی، کە دەتوانرێت تەواوی رووداوەکانی دنیای پێ شی بکرێنەوە. وردە وردە ئەم کردارە پاکانەکەرە، مۆڕاڵ، ئایین، تەنانەت زانستیش بەخۆیەوە

دەئاڵێنێت. ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە داهێنانی مارکسیەکانی دوای مارکسەو لەلایەن لینینەوە جێگەی قبوڵ بووە، لە بیرمان نەچێت، کە دەبێت قسە لە زانستی بۆرژوایی و زانستی پرۆلیتاریایی، هەروەها هونەری بۆرژوایی و هونەری پرۆلیتاریایی بکەین. ئەم ئالودەسازییە ئایدۆلۆژییە، هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە ساغی ناهێڵێتەوە. هابرماس لە یەکێک لە بەناوبانگترین نوسراوەکانی خۆیدا، بە باشی خەسڵەتی ئایدۆلۆژی زانستی و تەکنیکییەکانی کە ئێمە لە واقعیەوە دەیدەینە دەست یـادەوەری دروستکردووە. ئەم شیکردنەوانە بەم مانایە ئایدۆلۆژیکین، کە تەنیا خاوەنی کردارێکن و ئەویش گۆڕانکاری و چاودێری سودخوازانەیە، کە جێگەی سەرجەم پرۆسەکانی تری وەکو دروستکردنی پەیوەندی، بەهادانانی مۆڕاڵی و بیرکردنەوەی ئەودیو سروشت و ئایینی دەگرێتەوە. لەو جۆرە دۆخەدا سەرجەم سیستمی ئەندێشەی ئێمە دەگۆڕێت، بۆ باوەڕێکی گشتی بەخشراو لە رەخنە. ئێمە ئەم هەڵگەرانەوەو گۆڕانی ناوەڕۆک دۆزینەوەی ئایدۆلۆژییە، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی، کە رۆڵی پۆزەتیڤ و داهێنەرو سودمەندی ئایدۆلۆژی لە مانا بنەڕەتییەکەی خۆی لەبەرچاو دووربخەینەوە.

جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، کە هەمیشە گروپێک، لە رێگەی ئایدیایەک و بۆچوونێکی ئامانجی لە خۆیەوەتی کە دەتوانێت، بوونی خۆی بۆخۆی بگەڕێنێتەوەو هەمان بۆچوونە، کە لە بەرامبەر ناسنامەی ئەم گروپەدا بەهێزو پتەودەکات. رەخنەیترین و لاوازترین شیکردنەوەکان لە دیاردەی ئایدۆلۆژی پەسەندکراوی ئەم بابەتن، کە ئەم بۆچوونە ئامانجییە، هەمیشە بە دروستکردنی شتێکەوە خەریک دەبێت، کە لە زاراوە دەرونشیکارییەکان بە بڕوبیانووهێنانەوە (Rationalisation) ناودەبرێت و خۆنواندنی لە ئایین پەرستیانەی، کە لەسەرجەم جەژن و رێوەرەسمەکاندا باوە، دەتوانرێت بەدیبکرێت. دەبێت پەندو شیعرو کلێسەی کورت بخرێتەسەر هونەری

وتاربێژی و ئەو گوتارانەی، کە لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ خەڵکیدا بەکاردەهێنرێت، کە هەموویان لە گوتاردا، چەکێکی وێرانکەر دروستدەکەن.
وێڕای ئەمە، دەبێت ئاستی ئایدۆلۆژی لە دوولایەنەوە لەبەرچاوبگرین و هەردووکیان بە یەکسانی قبوڵ بکەین. یەکەم ئەمەی کە: تۆمەتی بەتاڵ بونیادیترین دیاردە نییە، بەڵکو شێوەیەکی چەوتی لە رەوتی رەوایی بەخشینە، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی، لە کرداری یەکپارچەسازی ئایدۆلۆژی رەگی هەیەو روانینی تری بەرامبەر بەم ناوەڕۆکە کە هەر جۆرە ئامانج سازییەک پێویست بە هەڵگەڕانەوە، پەنهان سازی راستەقینە و درۆ دەگۆڕێت.

**2. یۆتۆپیا:**

بۆچی شیکردنەوەی ئێمە لە ئایدۆلۆژیا، شیکردنەوەی هاوشان لە یۆتۆپیا دەخوازێت؟ بەم هۆکارە بنەڕەتییە، ئەو سێ کردارەی کە بۆ ئایدۆلۆژیا رازی بووین، خاوەنی تایبەتمەندییەکی هاوبەشن، هەرسێکیان، شیکردنەوەیەک لە ژیانی راستەقینە بە دەستەوە دەدەن و ئەمە هەمان ئەو شتەیە، کە مارکسی لاو بە تەواوی پەی پێبردبوو، بەڵام کرداری بەهێزی راستەقینە، پێویستی بە درۆ نابێت، بەڵکو لە کرداری رەوایی بەخشی و تەنانەت کرداری یەکپارچەسازی شایەنی جیاکاری نییە. بەهەمان شێوەی کە بڵاوکرایەوە، لە رێگەی ئایدۆلۆژی، گروپێک باوەڕ بە ناسنامەی تایبەتی خۆی دەهێنێت.
بەم شێوازە، ئایدۆلۆژیا لە هەرسێ ئەو شێوەیەی، کە باسکراو گروپی کۆمەڵایەتی بەهێزکردووەو بە راکردن لەوە بە چاودێری و پارێزگاری لەوە-بەهەمان شێوەی کە هەیە خەریک دەبێت. ئەوکاتە کرداری یۆتۆپیا بریتییە لە: هەڵدانی خەیاڵ (بیرکردنەوە) بۆ دەرەوەی واقیع و لە شوێنێکی تر، کە یەک بێ شوێنە. ئەمەش هەمان مانای یەکەمی دەستەواژەی یۆتۆپیایە،

واتە ئەو شوێنەی کە لێرە نییە، شوێنێکی تر کە خەیاڵییە. لێرەدا، نەک تەنیا دەبێت قسە لە نا-شوێن، بەڵکو لە نا- کاتیش بکرێت، بۆئەوەی کە نەک تەنیا دەرەوە- بوونی شوێنی یۆتۆپیا (شوێنێکی تر)، بەڵکو دەرەوە-بوونی کاتی (کاتی تر)یش تیایدا دەستنیشان بکەین.

بۆ دەرکپێکردنی کرداری تەواوی یۆتۆپیا، سەبارەت بە ئایدۆلۆژیا، دەبێت، سێ مانا، لە یۆتۆپیا بە هاوشانی مانایی ئایدۆلۆژی لەبەرچاو بگرین، بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەوە، واتە لە خوارەوە بۆ سەرەوە. لە راستیدا سادەتر ئەمەیە، کە نیشانیبدەین، چۆن یۆتۆپیا، لە مانا بنەڕەتیەکەی، تەواوکەری پێویستی ئایدۆلۆژییە لە مانا بونیادییەکەی. ئەگەر ئایدۆلۆژیا، واقعیەتی پاراستوەو بەردەوامی پێدەبەخشێت، یۆتۆپیا ئەوە لە بنەڕەتەوە دەخاتەبەر گومانەوە. لەم مانایەدا یۆتۆپیا دەربڕی گشت توانا گروپییەکانە، کە بۆ خۆی لەلایەن ئەو سیستەمەی کە هەیە سەرکوت دەکرێت. یۆتۆپیا جۆرێک خەیاڵپەروەرییە، بۆ بیرکردنەوە لە ((بوونی تر))ی کاری کۆمەڵایەتی.

روانینێک بۆ مێژووی یۆتۆپیا نیشانیدەدات، کە هیچ ژینگەیەک، لە ژیانی کۆمەڵا یوتۆپیا لێی بێ ئاگانەبووە. یوتۆپیا خەونێکە، کە بۆنە خێزانییەکان، خاوەندارێتی شتەکان، بەکارهێنانی کاڵا، رێکخستنی ژیانی سیاسی و ژیانی ئاینی، هەموو شکڵ و شێوەیەکی تر، تیا دەدۆزنەوە. بەم حسابە، نابێت سەرسام بین کە یۆتۆپیاکان، هەمیشە ئەو پلانانە دەخەنەڕوو، کە هەریەک لەگەڵ ئەویتردا لە ناکۆکیدان، لەبەرئەوەی رووی هاوبەشی هەموو یۆتۆپیاکان ئەمەیە، کە هەموویان پەنجە دەخەنەسەر گشت کێشەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئەو سیستمەی هەشە ناچار نەیاری جۆراوجۆری هەیە.

بەم شێوازە بۆ نموونە لەبارەی خێزانەوە بە ریزێکی فراوان لە یۆتۆپیا رووبەرووین، کە داوێنپاکی و خاوێنی زاهیدانە تا بێ بەندو باری، هاوبەش

و زێدەڕۆیی لە کاروباری سێکسی لەخۆ دەگرێت. لە رووی ئابوریشەوە یۆتۆپیاکان هەمەجۆرن:

لە ستایشی بەهێزترین شێوەی وەرزشییەوە بگرە، تا داخوازی بۆ فرەخوازی و خوشگوزەرانی. کارێکی سیاسیش لەلایەن خەیاڵپەرەوەرە ئانارشیستی و هەم بە پلان رێـژی سیستمی کۆمەڵایەتییە پەڕگیرو دەستڕۆیشتوەکانەوە، کەوتۆتەبەر پەلامارو هێرش. لەرووی ئاینییەوە یۆتۆپیا لە نێوان بێ باوەڕی و خوشگوزەرانی، لە نێوان خەونی مەسیحیەتی نوێ ئایینی و رەهبانیەتی سەرەتایی لە لوژە لۆژدایە. جێی سەرسامی نییە، کە ئێمە ناتوانین، چەمکی یۆتۆپیا، لەسەر بنەمای ناوەڕۆکەکەی بناسێنین و بەراوردی نێوان یۆتۆپیاکان لەگەڵ یەکدی رێگەکە بۆ شوێنێک ناباێ، لەبەرئەوەی یەکێتی دیاردەی یۆتۆپیا، نە لە ناوەڕۆکی ئەو بەڵکو لەو کـردارەی، کە هەمیشە کۆمەڵگەی جێگرەوە پێشنیار دەکات، سەرچاوە دەگرێت، هەربۆیە یۆتۆپیا زێدەڕۆیی ترین و لێبڕاوانەترین وەڵامە بۆ کرداری یەکپارچەسازی ئایدۆلۆژییە. ((شوێنی تر)) و ((بونخوازی)) کە پەیوەستە بە یۆتۆپیاوە، وەڵامێکی لێبڕاوانەیە بۆ ((ئەم جۆرە بوونە و نەک بەشێوەیەکی تر)) کە لەلایەن ئایدۆلۆژیا، ئەگەر لە رەگ و ریشەی بڕوانین- برەوپێدەدرێت.

ئێستا ئەگەر دووەمین ئاستی یۆتۆپیا لەبەرچاوبگرین، هاوسەنگیەکی ورد لە نێوان ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیادا بابەتێک پەسەنددەکەین: ئەگەر قبوڵیبکەین کە کارکردنی بنەڕەتی ئایدۆلۆژی رەوایی بەخشینە بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، کەواتە دەبێت هەروەکو چاوەڕوانکراو بوو، کە یۆتۆپیاش- لە هەرشێوەیەکدا بێت- خەملاندنی خۆی لە هەمان پلەدا دیاریبکات، کە دەسەڵات تیایدا بەکاربرێت. لەهەر یەک لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە باسکرا، ئەوەی لەلایەن یۆتۆپیاوە دەبێتە جێگەی ململانێ، لە کۆتاییدا بەهەمان شێوە کارەکانی دەسەڵاتە: دەسەڵاتی خێزانی، دەسەڵاتی ئابوری و کۆمەڵایەتی،

دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی فەرهەنگی و ئایینی.

لەم بارەیەوە دەتوانرێت بوترێ: یۆتۆپیاکان، خەیاڵێکی فراوان لە کۆمەڵێک خەیاڵ دەربارەی دەسەڵات پێکدەهێنن. ئەوساکە هەر لەم ئاقارەدایە کە کارل مانهایم لە کتێبی بەناوبانگی خۆیدا ((ئایدلۆژیاو یۆتۆپیا))، بەمشێوەیە پێناسەی یۆتۆپیای کردووە: ((درزێکە لە نێوان کاری راستەقینەو بواری خەیاڵ، کە بە هەڕەشەیەک بۆ جێگیرکردن و بەردەوامی ئەم واقعیەتە لە قەڵەمدەدرێت.)) چەشن ناسی ئەو یۆتۆپیایانەی کە لەلایەن مانهایمەوە پێناسەکراون، لەگەڵ ئەم پێوەرە پێکەوە گونجاون. مانهایم لەباتی تۆماس مۆر (Thomas more ) داهێنەری دەستەواژەی یۆتۆپیا بەباشتری دەزانێت، توێژینەوەی دیاردەی یۆتۆپیا لە تۆماس مونتسر (Thomas muuml:nzer ) ەوە دەست پێبکات کە ئیرنست بلوخ (Ernst Bloch ) بە وتەبێژی شۆڕش ناوی بردووە.

لەلای تۆماس مۆر، یۆتۆپیا لەراستیدا دیاردەیەکی ئەدەبی و سەرەنجام بە بەکارهێنەری شێوازێکی ئەدەبی لە قەڵەمدەدرێت، بەڵام لەگەڵ تۆماس مۆنستەر، یۆتۆپیا دەربڕی بانگەشەیەکی گەورەبوو، واتە دەستەبەری ـ ئێرەو ئێستا ـ هەموو ئەو خەیاڵانەی، کە خەیاڵەکانی مرۆڤ لە یەهودی و مەسیحیەت وەریگرتبوو لە گێڕانەوەی کۆتایی مێژوودا هەڵچنرابوون.

یۆتۆپیا بـەدوای ئەوەوەیە، کە قیامەتێک دەستەبەر بکات، واتە مۆنتسەر دەیەوێ، هەموو ئەوەی کە مەسیحیەت خستویەتە کۆتایی مێژووەوە، لەمیانە رێی مێژوو ـ واتە ئەمڕۆ ـ دەستەبەر بکات. بەم شێوازە ئاستەنگەکانی وەک هۆشیاری مێژوویی، چاوەڕوانی و هەوڵدان، کە لە بەرامبەر مرۆڤدان، هەمووی لادەبرێن. ئەمەش لە بۆچونێکی شێلگیرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەیەوێت پادشایەتی خودا لە ئاسمانەکانەوە بۆ زەوی بهێنێ و کۆتایی مێژوو لەمیانەڕێی ئەودا بەدیبهێنێت.

بەڵام بەمەی کە ئێمە ڕەگەزناسی یۆتۆپیامان دەرکپێکردوەو هەڵبەتە ئەوە پەسەنددەکەین، لەگەڵ ئەمەشدا دەستبەجێ پەی بەلاوازییەکەی دەبەین. کاتێ کە یۆتۆپیا دەسەڵاتێک پێشنیاردەکات، هەواڵی دەرکەوتنی ئەو ستەمکارانە دەدات، کە لەو فەرمانڕەوایانەی کە یۆتۆپیا لەگەڵیاندا دەجەنگێت، وردە وردە دەریانبکات. ئەم پارادۆکسە فریودەرە، لە کەموکورتیەکی بنەڕەتیەوە سەرچاوەدەگرێت. کە کارل مانهایم ئەوە بە زهنیەتی یۆتۆپیایی لەقەڵەمدەدات، واتە نەبوونی هەر جۆرە ئێرامانێکی پراکتیکی و سیاسی لەو شوێنانەی پاڵپشت کە یۆتۆپیایەک دەتوانێت، لەواقیعەتی هەبوودا، لەناوەندەکان و لەوەی کەمن ئەوە بەکارێکی باوەڕهێنەر قابیلی دەست گەیشتن لە خولێک دەزانم، بەدەستبهێنێت.

یۆتۆپیا سەکۆی بازبازێنە، کە ئێمە بۆ شوێنی تر هەڵدەدات و تەواوی مەترسیەکان سەرچاوەگرتووی گوتارێکی دێوانەئاساو سەرچڵ و ڕەنگە خوێنڕشتنی بەدواوە بێت. زیندانێکی تر جگە لە زیندانی ڕاستەقینە، لەبواری خەیاڵ و دەوری ئەو نەخشە گشتیانە بەرجەستەدەبێت، کە بۆ ئەندێشە زیاد لە هەرجۆرە ناچارییەکی بواری واقیعی، دەربەستی هێنەوە. بەم پێیە، جێی سەرسامی نییە، کە زهنیەتی یۆتۆپیایی سوکایەتی و سوک سەیرکردنی لۆژیکی کاردانەوەی لەگەڵدایەو لە بنەڕەتەوە یەکەمین هەنگاونان لە ڕێی دەستەبەرکردنی یۆتۆپیا لەسەر بنەمای دۆخی مەوجود، بێ توانابێت.

بەهەمان شێوە لە دووەمین ئاستی یۆتۆپیا بۆ ئاستی سێیەم، کە تیایدا، زیان گەیاندنی یۆتۆپیا بۆخۆی پێچەوانەی ئەوەی، کە لە ئایدۆلۆژیادا بینەری بووین، نیشاندەدات. زیان گەیاندنی ئایدۆلۆژیا دەبێت لە حەزەکانی بۆ وەهم و خەیاڵی درۆزنانە، پەنهانسازی واقعیەت و درۆدا بۆی بگەڕێی، ئێستا ئەوەی کە لە بارەی یۆتۆپیاوە دۆخەکە بە تەواوی پێچەوانەیە. لە شوێنێکدا کە ئایدۆلۆژیا بە بەهێزکردنی ئەو شتەوە خەریک دەبێت، کە

مارکسی لاو ئەوە بە ژیانی راستەقینە - پراکسیس- ناو دەباث، یۆتۆپیا دەبێتە هۆی ئەمەی کە بۆخۆی واقیع لەناوچووەو جێگەی خۆی بداتە ئەو نەخشە ژێرخوازانە، کە لە کۆتایی کارەکەدا، ناشایستە دەرکەوتوون. جۆرە لۆژیکێکی شێتانە ((هەموو یان هیچ)) جێگەی کاردانەوە دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی کە لۆژیک هەمیشە لەم کارە بەئاگایە کە کاری داواکراو کاری دەستەبەرکراو لەگەڵ یەکتریدا ناگونجێن و کاردانەوە هۆکاری وەدیهاتنی ئەو ناکۆکیە دوورەپەرێزانە دەبێث. بۆنموونە سەرنجدان بۆ کاردانەوە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکان، دەبێتە هۆی ناکۆکی نێوان دادپەروەری خوازی و یەکسانی خوازی.

وێڕای ئەوە، لۆژیکی یۆتۆپیا، لۆژیکێکی)) هەموو یان هیچ))ە، کە هەندێ بەرەو پەنابردن بۆ نوسین دەباث، هەندێک لەخەم و حەسرەتی بەهەشتێکی بزربوو دیل کردووەو هەندێکی تر بۆ کوشتاری دەستەجەمعی دڵگەرم دەکاث، بەڵام من ناتوانم لەسەر ئەم لایەنە نەرێنییەی یۆتۆپیا هەڵوەستەبکەم، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەز دەکەم کرداری رزگاری بەخشی یۆتۆپیا، کە لە دوای وەسفە رەخنەیی و گاڵتەپێکردنەکانیدا پەنهان بووە، دەربخەم.

بۆچوونی یەک نا-شوێن، لە راستیدا، دیسانەوە روانینی بواری کارێکی گونجاوەو ئەگەر بمانەوێ لە هەمان ئەو دەستەواژانە سودوەربگرین، کە لە رامانمان لە بارەی مانای مێژووەوە وەرمانگرث، یۆتۆپیا شتێکە کە دەبێتە بەربەسث لەبەردەم ئەمەی، کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکان لەگەڵ بواری ئەزموونداا ئاوێتەبن و هەر ئەم کارەیە کە درزی نێوان ئومێد بۆ ئایندەو نەریث دەپارێزێث.

خەونە دوانییەکان  کە بەم شێوازە تایبەتمانکردووە بۆ ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا، لەبواری خەیاڵی کۆمەڵایەتی، دەبنە رێنوێن، لەبەرئەوەی ئەم

بـوارەی خەیاڵ پشتقایمە بە کێشمەکێشی نێوان کـرداری یەکپارچەسازو کرداری سەرنگونکەر. لێرەدا بواری خەیاڵی کۆمەڵایەتی جیاوازی بنەڕەتی نییە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لەژێر ناونیشانی خەیاڵی ئاکدا دەیناسین. هەندێ جار خودی خەیاڵ، قەرەبووی نەبوونی شتێک دەکاتەوەو هەندێ جاریش وەهمێکی فریودەر جێگەی شتێک دەگرێتەوە. بەم جۆرە بوو کە کانت توانی، چەمکی خەیاڵی بڵندخوازی لە نێوان خەیاڵ دارێژەرو خەیاڵ دروستکەردا بنیات بنێت.

ئایدۆلۆژیا و یۆتۆپیا بەشێوەیەکی شکڵی لەخەیاڵ دارێژراون و خەیاڵ دروستکەرن. بەم شێوەیە چوارچێوەی خەیاڵی کۆمەڵایەتی، کرداری هەڵاتن لە واقعیەتی خۆی، تەنیا لە رەهەندی یۆتۆپیاو کرداری پاراستنی واقعیەت، تەنیا لە رەهەندی ئایدۆلۆژییە دەتوانرێت، ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەمە هەموو مەبەستەکە نییە، لەبەرئەوەی ئێمە ناتوانین دەستمان بە چوارچێوەی خەیاڵی کۆمەڵایەتی بگات، مەگەر لە رێگەی وێنەی زیان لێکەوتوو، کە هەمان ئەو وێنە هەڵگەڕاوانەن کە گیۆرگ لۆکاچ ئەوانەی – بە گوزارشتی مارکسیانە – وشیاری درۆ ناو دەبات. بە گومانی ئەو ئێمە ناتوانین، دەسەڵاتی داهێنەری خەیاڵ کردنەوە بە دەستەوەبگرین، مەگەر ئەمەی کە رادەیەکی رەخنەیی لەگەڵ ئەم دوو شێوە لەوشیاری درۆ دروستبکەین.

ئەگەر ئەم بابەتە راست بێت، ئێمە لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵەی کە ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیا لەوەدا تەواوکەری یەکترن، بەڵام نەک تەنیا بەم بەڵگەیەی کە هاوتەریبی یەکترن، بەڵکو بەم بەڵگەیەی کە لەگەڵ یەکتردا لە حاڵی ئاڵوگۆڕن.

لە راستیدا وادێتە بەرچاو، ئەم کردەوە بنەڕەتیەی کە دەسەڵاتی نارەزایەتی لەو دۆخەی کە هەیە، بە ئێمەی دەدات و دەتوانین، بەوە خۆمان لەو دۆخەی کە تێیداین ریشەکێش بکەین و بۆ ((شوێنێکی تر)) هەڵیبکەنین

و ئایدۆلۆژیا لە بنچینەوە بخەینەبەر رەخنە، بەڵام پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، واتە بۆئەوەی کە یۆتۆپیا لەو شێتیە رزگاربکەین، کە تیایدا مەترسی لەناوچوونی هەیە. دەبێت کرداری ڕاستی ئایدۆلۆژیای پێ ببەخشرێ و بەهێزی بکەین تا ببەخشرێ بە کۆمەڵگەیەکی مێژوویی، هاوتای ئەو شتێک کە دەتوانرێت بە ناسنامەیەکی گرنگ ناوببرێ.

من نوسینەکەم کۆتایی پێدەهێنم، لە کاتێکدا کە هێشتا گەورەترین پارادۆکس- پارادۆکسی چوارچێوەی خەیاڵی کۆمەڵایەتی-لای ئێمەیە، بۆئەوەی کە بتوانین، خەونی)) شوێنی تر)) لەسەردا پـەروەردە بکەین، دەبێت بەرلەوەی ناسنامەیەکی گرنگ بەدەستبهێنین و دەستەبەرکردنی ئەم ناسنامەیە لە رێگەی راڤەی بەردەوام و جوینەوەی ئەو داب و نەریتانەیە، کە ئێمە پێیەوە پەیوەستین، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە ئەم ناسنامە تیایاندا ونە، بە جۆرێکی تر وشیاری پێویستە بە توانا بێت، بە دەستپێک لە شوێنێکی خەیاڵی لە خۆیدا بڕوانێت.

## رۆژمێری رووداوه گرنگه فەلسەفییەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. | سەدەی شەشەمی پ. ز. |
| مردنی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. |
| سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. | 399 پ. ز. |
| ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 387 پ. ز. |
| ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 335 پ. ز. |
| کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. | 324 ز |
| ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. | 400 |
| تاڵانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. | 410 |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەكادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) كۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاكویناس شیكردنەوەكانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیكمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی توركەكان و كۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| كۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریكا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روكردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| كۆپەر نیك (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەكان) بڵاودەكاتەوە و بەبیركاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| كلێسا، گالیلو ناچار دەكات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینكار بكات. | 1633 |
| دیكارت، (رامان)ی بڵاوكردەوە كەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەكان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوكردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی كێشكردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوكردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێركلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەكاتەوە و چوارچێوەیەكی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنتز. | 1716 |

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| 1739 | هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. |
| 1781 | کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (ڕەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. |
| 1807 | هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. |
| 1818 | شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. |
| 1889 | کاتێک نیتچە ڕایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. |
| 1921 | وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. |
| دەیەی 1920 | بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی ڕەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. |
| 1943 | سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. |
| 1953 | بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |